عەبدوڵا مەحمود تەنتاوی



# پەیڕەوی گۆڕانکاری و چاکسازی لای نوورسی

بەکوردی کردنی
زێبار عزیزخان مهاجر

پێداچوونەوە
سەرهەنگ عەبدولواحید

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پەیڕەوی چاکسازی و گۆڕانکاری لای

## بەدیعوززەمان نوورسی

# پەیڕەوی چاکسازی و گۆڕانکاری لای

# بەدیعوززەمان نوورسی

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود تەنتاوی

بەکوردی کردنی: زیڤار عەزیزخان مهاجیر

١٤٤٢ك - ٢٠٢٢ز

پێناسی کتێب:

| | |
|---|---|
| ناوی | پەیڕەوی چاکسازی و گۆڕانکاری لای |
| کتێب: | بەدیعوززەمان نوورسی |
| نووسینی: | عەبدوڵا مەحمود تەنتاوی |
| وەرگێڕانی: | زیبار عەزیزخان مهاجیر |
| نەخشەسازیی: | زیبار عەزیزخان مهاجیر |
| بەرگ: | بەرەکان قورتاس |
| بڵاوکار: | نووسینگەی کاروان |
| نۆرە و ساڵی چاپ: | دووەم، ١٤٤٢ك - ٢٠٢٢ز |
| تیراژ: | ١٠٠٠ دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٩٤)ی ساڵی (٢٠١٨) پێدراوە.

کاروان
ARWAN
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ناونیشان: دیانا، سۆران، کوردستان. بۆ پەیوەندی کردن: ٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥
Karwancenter18@gmail.com

## بەنــــاوی خـــــوای بەخشندەی دلــــــۆڤان

# پێشەکی وەرگێڕ

لەوەتەی خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووە، هاوکات ژیانێکی شایستەی پێبەخشیوە، لە ڕێگەی پێدانی هۆش و ژیری و ڕەوانەکردنی پەیامەکانی، تا بەهۆیەوە ڕێبازی ژیانی بە ڕەوانی بنەخشێنێ، بە ئامراز و ڕێوشوێنی دروست و پەسەندەوە بگات بە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی، لە دونیا و دوارۆژدا.

ژیان پڕ بە مانای خۆی واتە تاقیکردنەوە، کەسانێك هەن وەك ئەڵماس وان، کە لەم تاقیکردنەوەیە دەردەچن، کەسانی تریش هەن وەك شوشە وان کە هەرگیز ناتوانن بگەن بە ئاستی ئەڵماس و شکست دەهێنن لە تاقیکردنەوەکان، بەهۆی گیرۆدەبوونیان بە داوەکانی دەروون و شەیتان.

جا خوای گەورە لەبارەی کەسانی بەرەوخواچوو و پیاوچاك و هۆشمەندانی ڕێگەی ڕاست و عەودالانی ڕێگەی حەقیقەتەوە فەرموویەتی:
﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ

**وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا﴾ ئەحزاب: ٢٣. واتە: (لەنێو باوەڕداراندا جوامێرانێك هەن، وەفادارن بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی بە خوایانداوە، ئارامگربوونە لەسەر خۆشی و ناخۆشی، لەکاتی تەنگانەدا هەیانبووە وەفاداربووە بەرامبەر ئەوەی لەسەر خۆی گرتووە (نەزر)ـی کردووە، بەمەش لەپێناوی خوادا شەهیدبووە، یان مردووە لەسەر ڕاستگۆیی و وەفاداری، هەشیانە چاوەڕێی یەکێك لە دووچاکەکان دەکات: یان سەرکەوتن یاخود شەهیدبوون، هەرگیز بەڵێنی خوایان نەگۆڕیوە و نەشکاندووە، وەك چۆن دووڕووان کردوویانە)**[1].

سەعید نوورسی (ڕەحمەتی خوای لێبێ)، یەکێك بووە لەو کەڵە پێشەوایانەی قوتابخانەیەکی مەزنی بۆ ئێمەی بەجێهێشت، لە خزمەتکردن بە ڕاستییەکانی ئیمان و پەیامەکانی نووری قورئان. بەندە بڕیاریدا ئەم کتێبە بەکوردی بکات، تا کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکات، و خزمەتێك بە تاکی کورد بکات لە ڕێگەی پەیڕەو دەگمەنەکەی نوورسی.

لە کۆتاییدا دەمەوێ سوپاسی بەڕێزان (م. سەرهەنگ عەبدولواحید و م. مەلا فازڵ عیسا تەمەر) بکەم، بۆ هەڵەچنین و پێداچوونەوەیان بۆ ئەم

---

(1) بۆ تەفسیری ئەم ئایەتانە پشتم بەستووە بە (تەفسیری ساکار: دانانی کۆمەڵێك زانا)، کە بەندە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی. لەگەڵ (تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان)، بورهان محەمەد ئەمین.

بەرهەمەم، ئومێدەوارم خوای گەورە پاداشتیان بەچاکە بداتەوە، ئەم بەرهەمەش بخاتە تای تەرازووی چاکەکانمەوە لە دوارۆژدا.

زێبار عەزیزخان مهاجیر

سۆران

# بەنـــاوی خــــوای بەخشندەی دلــــۆڤان

## پێشەکی نووسەر

**سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، درود و سڵاو لەسەر پێغەمبەر، پاشان:**

ئەمە کۆمەڵە زانیاریەکی فرەجۆر و لێکدراوە، لەبارەی یەکێك لە کەسایەتییە مەزنەکانی ئومەتی موسڵمانمان، لە سەردەمی هاوچەرخدا، کە تاوتویێ لایەنێك لە لایەنەکانی کەسایەتە مەزنەکەی دەکات، گوزارشت دەکات لە چەند سیما و نیشانەیەك لە پلانی کەسایەتییە مەزنەکەمان: بەدیعوززەمان نوورسی — پلانە چاکسازییەکەی، پەیڕەوەکەی لە گۆڕانکاری کردن بۆ کۆمەڵگەیەك، کە پێشتر موسڵمان و خاوێن و تێکۆشەر بووە، دواتر جەنگاوەران لە دەرەوە هێرشیان کردەسەر، چەندین شتی دەستکردیان لە نێودا دروستکرد تا لە ناوەوەشدا هێرشی بۆ ببەن و تێکی بشکێنن، کەسایەتیەکەی بسڕنەوە، ناسنامەکەی بگۆڕن، بە تەواوی بیشێوێنن، لە ئەنجامدا ببێتە کورتەباڵایەك لەبەردەم زەبەلاحێکی پڕچەکدا بەچۆکدا بکەویێ، چەکێکی مادی کە پێی بکوژێت و کاولکاری پیێ بکات، و

چەکێکی هزریش وەك پاڵپشت بۆ ئەم چەکە مادییە، تەنانەت ئەم چەکە هزرییە ڕێخۆشکەر بوو لە عەقڵ و ناخەکاندا بۆ چەکە مادییەکە، کە لەژێر چاودێری چاودێرانی ئیرەباز و قین لە دڵ گەشەی پێدەدرا، کە هەردەم پیلانی دادەڕشت و نەخشەیان دەکێشا بۆ لەناوبردنی (پیاوە پیرەکە)، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کۆنگرەی پیلانگێڕی بەستران، هێرشەکە لە ئاستی وشکانی و دەریاییدا بوو، ناپاکی و خیانەت ڕەفتاری خەڵکی ستەمکار بوو، ئومەت بەهۆی بێ ئاگایی خۆی و بێ ئاگایی دۆستەکانی ئەوانی کردبووە ڕاپەڕێنەری کاری کاربەدەستان، بەئاگا نەهاتەوە لە ئاست جولەکایەتی دەمامکدار، کە بەشێکی بەرپرسانی گرتبووەوە، بۆیە ئومەت ئەم دەمامکدارانەی بە موسڵمان هەژمار دەکرد، لە ناوەڕۆکی ئەم دەمامکانە تێنەگەیشتن، کە چ قین و ڕق و فێڵ و پیلان و کینەی مێژوویان لە پشتەوەیە، چ ئاواتێکی تەلمودیان هەیە، چ ستراتیژیەت و تەکتیکاتێکیان لە پاڵە، کە دامەزراوە ماسۆنیەکان نەخشەی بۆ دادەڕێژن، کە لێرە و لەوێ بڵاوببوونەوە، هەندێك جاریش بە ناوی ڕاشکاو و هەندێك جاریش بە ناوی خوازراو کاریان دەکرد.

## بەدیعوززەمان نوورسی

لە خوارەوەدا بە پوختی تیشك دەخەینەسەر ژیانی پێشەوا بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی – ڕەحمەتی خوای لێبێ –، تا وەك دەروازەیەکی لێبێ بۆ کەسایەتیەکەی.

### شوێنی لەدایکبوون:

سەعیدی نوورسی لە گوندی (نوورس) لەدایکبووە، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ لە تورکیا، لە ساڵی (١٢٩٤ك – ١٨٧٧ن)، لە باوك و دایکێکی خواناس، کە نموونەیان پێدەهێنرایەوە لە پارێزکاری و لەخواترسان و چاکەدا، لە ژینگەیەکی کوردیدا پێگەیشت، کە نەزانی و هەژاری بەسەریدا زاڵبوو، هاوشێوەی زۆربەی وڵاتانی موسڵمان کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیە تێیدابوون. دراوەتە پاڵ گوندەکەی خۆی (نوورس).

## زانستەکەی:

هەر لە تەمەنی منداڵیەوە نیشانەکانی زیرەکی و ژیری لێدەرکەوتن، کاتێك ڕۆیشتە قوتابخانە، بووە قوتابی ژمارەیەك شێخ و زانا، ئەوا ئەوانی سەرسامکرد بەهۆی بەهێزی زیرەکی و بلیمەتی و ژیری و وردی سەرنجدانەکانی، و تواناکانی لە وەرگرتن و ئەزبەرکردندا، ئەمەش وایکرد بڕوانامەی زانستی بەدەستبهێنێ لە تەمەنی چواردە ساڵیدا، دوای ئەوەی قوڵ ببووە لە زانستە عەقڵی و نەقڵییەکاندا بە هەوڵە کەسییەکانی، هەشتا کتێبی ئەزبەرکردبوو، لە کتێبە بنەڕەتییەکانی بواری زمان و نەحو و سەڕف و ڕەوانبێژی و فەرموودە و فیقه و تەفسیر و بنەماکانی فیقهدا، هەروەك قورئانی پیرۆزی لە تەمەنێکی زوودا ئەزبەرکرد، لە ژیانە بە پیت و فەڕ و بەرەکەتدارەکەیدا.

هەروەك دەستیکرد بە توێژینەوە و خوێندنی زانستە هاوچەرخەکان، یان زانستە سروشتییەکان، لە بیرکاری و گەردووونناسی، کیمیا، فیزیا، جیۆلۆجی، جوگرافیا، مێژوو، فەلسەفەی هاوچەرخ و زانستەکانی تریش، تا وایلێهات بووە زانا و شارەزا لەم زانستانەدا، گفتوگۆکارێکی دەگمەن بوو لە بەرامبەر پسپۆرانی ئەو زانستانەدا، ئەندازەیەکی مەزنی لە زانیاری کۆکردەوە، ئەمەش وایکرد هەنگاو بنێ لە خاڵە زانستییە سەلامەتەکاندا.

سەعید نوورسی زانستخواز، زۆر سەرقاڵ و وابەستەی فەلسەفە و زانستە عەقڵییەکان بوو، تەنها بە جوڵەی دڵ قەناعەتی نەدەهات، وەك زۆرێك لە پەیڕەوانی تەریقەتەکانی تەسەوف، بەڵکو کۆششی دەکرد بۆ ڕزگارکردنی عەقڵ و هزرەکەی، لە هەندێك لەو دەردانەی دووچاری ببوو، لە دەرەنجامی بەردەوام سەیرکردنە کتێبەکانی فەلسەفە.

## لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا:

لە ساڵی ١٨٩٤ز، ئەو هەواڵە بەر گوێچکەی کەوت، کە وەزیری خاکە داگیرکراوەکانی بەریتانی (غلادستون) لە بەردەم ئەنجومەنی گشتی بەریتانیدا وەستاوە، قورئانی پیرۆزی بەدەستەوە گرتووە، بە ڕووی نوێنەرانی ئینگلیزدا ڕایدەهەژاند، بەوپەڕی دەنگی خۆی بەوانی دەوت:

((مادەم ئەم کتێبە بوونی هەیە، ئەوا ئەوڕوپا ناتوانێت زاڵبێت بەسەر خۆرهەڵاتدا، تەنانەت خودی ئەوڕووپاش پارێزراو نابێت، بۆیە پێویستە کار بکەین لەسەر ئەوەی بوونی ئەم قورئانە بسڕینەوە، یان پەیوەندی موسڵمانان بەم قورئانەوە بپچڕین)).

زانای گەنج (سەعید نوورسی) لە قوڵایی ناخیدا هاواریدا:

((بۆ هەموو جیهان دەسەلمێنم، بەوەی قورئان خۆرێکی مەعنەویە و تیشکەکەی کپ نابێ، ڕووناکییەکەی ناکوژێتەوە)).

نوورسی پێغەمبەری خوای (درود و سلاوی خوای لێبێ) لە خەودا بینی، نوورسی داوای لێکرد تا نزای بۆ بکات و لە خوای گەورە بپاڕێتەوە: تا شارەزای بکات لە قورئانی پیرۆز، کارکردن بە ناوەڕۆکی قورئانی پێببەخشێ، پێغەمبەری خوا (درود و سلاوی خوای لێبێ) مژدەی ئەمەی پێدا، و پێی فەرموو:

((زانستی قورئانت پێدەبەخشرێ، بەو مەرجەی پرسیار لە هیچ یەکێك نەکەی)).

نوورسی لە خەوەکەی بەئاگا هاتەوە، وەك ئەوە وابوو کە هەموو دونیای بەدەستهێنابێ... جا نوورسی لە کوێ و دونیا لە کوێ، دونیا و نوورسی زۆر لەیەکترەوە دوورن.. بەئاگا هاتەوە وەك ئەوەی زانست و تێگەیشتنی قورئانی پێبەخشراوە، بڕیاریدا لەسەر ئەوەی پرسیار لەبارەی هیچ شتێکەوە لە هیچ کەسێك نەکات، ئەمەش لە میانەی بەدەمەوەچوونی مەرجەکەی پێغەمبەری خوا (درود و سلاوی خوای لێبێ)، لە دەرئەنجامدا خوای گەورە ئەو شتەی بەو بەخشی کە ئاواتی دەکرد بەدەستی بهێنێ، قورئانی پیرۆز بووە مامۆستا و ڕێنیشاندەر و ڕێنوێنیکاری ئەو، لە نێو ئەو تاریکستانیەی تورکیای کەمالیستی داگرتبوو.

**بەدیعوززەمان لە نێو شەپۆلی گەردەلولەکاندا:**

دەتوانین دوو قوناغ لە ژیانی پێشەوا سەعید نوورسی لە یەکتر جیابکەینەوە:

**یەکەمیان:** قۆناغی سەعیدی کۆن، ئەم قوناغە لە بەرواری لە دایکبوونیەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە بەرواری دوورخستنەوەی بۆ (بارلا) لە ساڵی ١٩٢٦، ئەم قۆناغە بریتی بوو لە قۆناغی خود ئامادەکردن، قۆناغی کاری تاکەکەسی، چوونە نێو ململانێی سیاسی، بەرگریکردن لە خەلافەت و قورئانی پیرۆز و ئیسلام، هێرشکردنە سەر دوژمنانی ئیسلام و خەلافەت و قورئان.

**لەم قۆناغەدا:**

- لەم قۆناغەدا گەشتی کرد بۆ شاری ئیستەنبۆڵ لە ساڵی ١٨٩٦، بۆ ئەوەی پرۆژەیەك پێشکەش بکات بۆ دروستکردنی — زانکۆیەکی ئیسلامی هاوچەرخ لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ — وڵاتی کوردان — و ناوی لێنا (زانکۆی زەهرا)، تا هاوشێوەی زانکۆی (ئەزهەر) بێ لە میسر، بەڵام جیاواز بوو لەگەڵ ئەزهەر، بەوەی زانستە نوێیەکانیشی تێدا دەخوێنرا لەپاڵ زانستە شەرعی و عەرەبیەکاندا، ئەمەش لە پێناو هەڵستاندنەوەی کوردە موسڵمانە پەراوێزخراوەکان بوو، کە نەزانی و هەژاری و دواکەوتوویی ئەوانی پەرتەوازە و شەکەت کردبوو، بەڵام پرۆژەکەی نوورسی قبوڵی

وەرنەگرت لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمید و وەزیری ناوخۆی خەلافەت.

- لە ساڵی ١٩٠٧ جارێکیتر گەشتی بۆ ئیستەمبۆڵ کرد، بۆ هەمان مەبەست، دیدارێکی ئەنجامدا لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید، ڕەخنەی گرت لە زۆرداری و خۆسەپاندن و سیستەمی ئاسایش و هەواڵگری کۆشکی (یەڵدز)، دەستوپێوەندەکانی سوڵتان لێی توڕەبوون، بەم هۆیە ئەویان ڕەوانەی دادگایەکی سەربازیکرد.

نوورسی لەوپەڕی بوێریدا بوو لە دەربڕینی ڕای خۆی، لە بەردەم دادوەرە سەربازییەکاندا، ئەمەش وای لە سەرۆکی دادگاکە کرد نوورسی ڕەوانە بکات بۆ لای پزیشکە دەروونیەکان، بۆ دڵنیابوون لە توانا عەقڵیەکەی، جا لیژنەی پزیشکان کە پێکهاتبوو لە پزیشکێکی تورکی و یەکێکی ئەرمەنی، سێیەمیان ڕۆمی، چوارەم و پێنجەمیشیان جولەکە بوون (!!!) لیژنەکە بڕیاریدا نوورسی دابنرێتە نەخۆشخانەی (توب تاش)ـی تایبەت بە شێتەکان (!!!).

کاتێك پزیشکی دەروونی لە نەخۆشخانەکە هات، ویستی توانا عەقڵیەکەی تاقیبکاتەوە، نوورسی دەستپێشخەری کرد لە قسەکردن بە گفتوگۆیەکی زۆر جوان و قوڵ، کە سەرنجی ژیرییەکانی ڕادەکێشا، ئەمەش وای لە پزیشکەکرد لە ڕاپۆرتەکەیدا بنووسێت:

((ئەگەر بە ئەندازەی یەك گەردیلە شێتی لە بەدیعوززەماندا هەبووبایە، ئەوا هیچ کەسێکی ژیر و هۆشمەند لەسەر ڕووی زەوی نەدەبوو)).

دواتر نوورسی ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆکرا، ئەم گفتوگۆیە لە نێوان ئەو و وەزیری ناوخۆدا ڕوویدا:

**وەزیر:** سوڵتان سڵاوی تایبەتی بۆ تۆ هەیە، مووچەیەکی بە بڕی هەزار قورش بۆ تۆ بڕیوەتەوە، کاتێکیش دەگەڕێیتەوە شارەکەت، ئەوا مووچەکەت دەکاتە سێ هەزار قورش، هەروەك هەشتا لیرەی وەك دیاری سوڵتانی بۆ تۆ ڕەوانەکردووە.

**بەدیعوززەمان:** هەرگیز من سواڵکەر و مووچەخواز نەبوومە، هەرگیز قبوڵیشم نەکردووە ئەگەر هەزار لیرەش بووبێ، چونکە من بۆ مەبەستێکی کەسی نەهاتووم، بەڵکو لەپێناو بەرژەوەندی وڵات هاتووم، ئەوەی ئێوە دەیخەنە بەردەمم تەنها بەرتیلێکە بۆ بێدەنگ کردنم.

**وەزیر:** تۆ بەم کارەت خواست و ویستی سوڵتان ڕەتدەکەیتەوە، بێگومان خواست و ویستی سوڵتانیش ڕەتناکرێتەوە.

**بەدیعوززەمان:** من خواست و ویستی ئەو ڕەتدەکەمەوە، تا سوڵتان دڵگران ببێ و بانگم بکات، ئەو کاتە دەتوانم حەق و ڕاستی پێ ڕابگەیەنم.

**وەزیر:** چاك بزانە سەرەنجامەکە دڵخۆشکەر نابێ.

**بەدیعوززەمان:** هۆکارەکان فرە جۆر و زۆرن، بەڵام مردن هەر یەکە، ئەگەر لەسێدارە بدرێم، ئەوا لە نێو دڵی ئومەتدا پاڵدەکەوم، چاك بزانە کاتێك من هاتمە ئیستەنبۆڵ، گیان و ڕۆحی خۆم دانابووە سەر دەستی خۆم.. حەزتان لە هەر چییەکە بیکەن، من تێدەگەم لە مەبەستی ئەو قسەیەی کە دەیکەم: من دەمەوێت ڕۆڵەکانی ئەم ئومەتە بێدار بکەمەوە، ئەم کارەش تەنها لەبەر ئەوە دەکەم چونکە من تاکێکی ئەو وڵاتەم، بۆ ئەوەم نییە لە پاڵیدا مووچە و دەستکەوتێك بەدەست بهێنم، چونکە کەسێکی وەك من کە بیەوێ خزمەتی دەوڵەت بکات، تەنها بە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری دەبێ، ئەمەش دەستەبەر نابێ تەنها بە کاریگەری چاك نەبێ، ئەمەش فەراهەم نابێ تەنها بە فەرامۆشکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکان نەبێ، کەواتە من پاساوم هەیە کاتێك مووچە و دەستکەوت ڕەتدەکەمەوە.

**وەزیر:** ئەو ئامانجەی تۆ هەتە لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری لە وڵاتەکەت، ئێستا جێی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنە لە ئەنجومەنی وەزارەتدا.

**بەدیعوززەمان:** کەواتە بۆچی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری دوادەخرێ، مووچە و دەستکەوت پەلەی لێدەکرێ؟ دەی کەواتە بۆچی بەرژەوەندی تاکە کەسی من، بەپێش بەرژەوەندی گشتی دەخەن؟

- دواتر ڕۆیشتە (سلانیك) کە بارەگای جولەکە بەناو موسڵمانەکان بوو لە کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەڕەقی) و (ماسۆنیەت) و جگەلەوانیش، لەوێ نوورسی چاویکەوت بە ژمارەیەك لە کەسایەتییەکانی (ئیتحاد و تەڕەقی)، ئەوانەی دەیانویست نوورسی بلیمەت پەلکێشی نێو ڕیزەکانیان بکەن، یەکێك لەوانەی نوورسی چاوی پێکەوت بریتی بوو لە: (عەمانویل قرە صو) سەرۆکی ئەنجومەنی ماسۆنیەت، و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی، (قرە صو) زۆر تامەزرۆی بلیمەتییەکانی نوورسی بوو، بەڵام دیداری نێوانیان زۆری نەکێشا، چونکە (قرە صو) لە دیدارەکە ڕایکرد و بەدەم هەڵاتنەوە دەیوت:

((ئەم پیاوە سەرنجڕاکێشە – واتە: نوورسی – خەریك بوو بە قسەکانی بمهێنێتە نێو ئیسلامەوە)).

ئەو کەسە (قرە صو) یەکەم کەسی ماسۆنی بوو، کە کاریدەکرد بۆ لەسەرکار لادانی سوڵتان عەبدولحەمید و ڕەتکردنەوەی خەلافەتەکەی.

- لەم قۆناغەدا لە پاڵ تۆمەتبارکراواندا تۆمەتبارکرا بە ڕووداوەکەی ٣١ مارس (١٣/ ٤/ ١٩٠٩)، ڕاکێشرا بۆ بەردەم دادگا، لە گۆڕەپانی دادگاکەدا بینی پازدە کەس لەسێدارە دراون و

هەڵواسراون، دادوەران پێیان وابوو ئەم دیمەنە نوورسی دەترسێنێ.. دادوەری سەربازی خورشید پاشا پێی وت:

- تۆش بانگەواز دەکەی بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت؟ ئەوەی ئەم داوایە دەکات بەم جۆرە لەسێدارە دەدرێ (بە دەستی خۆی ئاماژەی بۆ لەسێدارەدراوان کرد).

بەدیعوززەمان سەعید نوورسی هەڵسا و وتەیەکی زۆر جوانی پێشکەشکرد و بە گوێچکەی دادگادا چرپاندی، ئەم چەند دێڕەی خوارەوەی لێ وەردەگرین:

((ئەگەر هەزار گیانم هەبێ، ئەوا دوودڵ نەدەبووم لەوەی فیدای یەك ڕاستی و حەقیقەت بکەم لە حەقیقەتەکانی ئیسلام، من پێشتر وتم: من زانستخوازم، بۆیە من هەموو شتێك بەپێوەری شەریعەت دەپێوم، من جگە لە ئاینی ئیسلام دان بەهیچ ئاینێکی تردا نانێم.. لەکاتێکدا من لەبەردەم (بەرزەخ: ژیانی ناوگۆڕدام) ئەوەی ئێوە ناوتانناوە (بەندیخانە)، ئەوا من پێتان دەڵێم لە چاوەڕوانی ئەو شەمەندەفەرەدام، کە دەمبات بەرەو دواڕۆژ، ئەمەش تەنها بۆ ئێوە ناڵێم، بەڵکو با هەموو دونیا بیبیستێت، ئێستا کاتی ئەوەیە نهێنیەکان ئاشکرا بکرێن، لە ناخی دڵەوە گەڵاڵە ببن، جا ئەوەی ناشایستەبێ با سەیری نەکات.

من بە خولیا و تامەزرۆوە چاوەڕوانی هاتنی دوارۆژم.. من لەگەڵ ئەوانەی لێرەدا لەسێدارەدراون ئامادەم بڕۆم. خەیاڵ بکەن لەبارەی کەسێکی دەشتەکیەوە کە گوێبیستی شتە نامۆ و چاکەکانی ئیستەنبۆڵ بووە، جا بەم هۆیەوە تامەزرۆی بووبێ.. من وەك ئەو دەشتەکییەم لە تامەزرۆبووندا بۆ دوارۆژ و گەیشتن پێی. کە منتان بۆ ئێرە دوورخستۆتەوە بە سزا دانانرێ، ئەگەر دەتوانن سزای ویژدانم بدەن، ئەم حکومەتە لە ڕۆژانی زۆرداری و خۆسەپاندندا دوژمنایەتی عەقڵی دەکرد، بەڵام ئێستا دوژمنایەتی ژیان دەکات، جا ئەگەر ئەم حکومەتە بەم جۆرە بێ، ئەوا با هەر بژیت شێتی، هەر بژیت مەرگ، بۆ ستەمکارانیش هەر بژیت دۆزەخ..)).

لە یەك دانیشتنی دادگادا، بڕیاری بێ تاوانی بەدیعوززەمان نوورسی دەرچوو، لەلایەن ئەم دادگایە ترسناکە کە دەیان کەسی لەسێدارەدا.

- (ئیتحادی محەمەدی) لە ساڵی ١٩٠٩ دامەزراند، لە بەرامبەر بانگخوازانی تورکە نەژادپەرستەکان، بیری تەسکی نەتەوایەتی، وەك کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەڕەقی)، و کۆمەڵەی (تورکیای لاو).
- ڕۆیشتە نێو (ڕێکخستنی تایبەت)، کە دامەزراوەیەکی سیاسی و سەربازی و ئەمنی نهێنی بوو، بە فەرمانی سوڵتان محەمەد ڕەشاد پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی دروستکرا، لە پێناو پاراستنی دەوڵەتی عوسمانی و دژایەتیکردنی دوژمنانی.

زۆرێك لە بیرمەندان و نووسەران چوونە پاڵ ئەم دامەزراوەیە، نوورسی لە چالاكترین ئەندامانی بەشی (یەكێتی ئیسلامی) بوو لە نێو دامەزراوەكەدا، لەگەڵ ژمارەیەك زانا فەتوای تێكۆشان (جیهاد)ـی دەركرد، كە هانی موسڵمانان دەدات بۆ خۆ ئامادەكرد بۆ بەرگریكردن لە خەلافەت.

- لەم قۆناغەدا گەشتی كرد بۆ شاری (وان)، لە ساڵی ١٩١٠، لەوێ دەستیكرد بە وتنەوەی وانە و وتارەكانی، لە نێو تیرە و هۆزە كوردییەكاندا دەگەڕا، ئەوانی فێری كاروباری دینەكەیان دەكرد و ڕێنوێنی دەكردن بەرەو حەق و ڕاستی.
- لە ساڵی ١٩١١ گەشتی كرد بۆ شاری (دیمەشق)، لە مزگەوتی ئەمەوی وتارە ناودارەكەی پێشكەشكرد، كە ناسراوە بە ناوی وتاری شامی، تیایدا باسی دەردەكانی ئومەتی ئیسلام و ئامراز و ڕێوشوێنەكانی چارەسەركردنی كرد.
- لە ساڵی ١٩١٢ بەدیعوززەمان كرایە سەركردەی هێزە فیداكارەكان بۆ ئایین، كە لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵەوە هاتبوون، بەتایبەت لە ناو كوردەكانەوە.
- لە ساڵی ١٩١٦ هێزەكانی ڕوسی، توانیان بێنە نێو شاری ئەرزەڕومی توركی، نوورسی و قوتابیە خۆبەخشەكانی بەرەنگاری

هێزەکانی ڕوسی بوونەوە، چەندین شەڕیان دژی ئەو هێزانە ئەنجامدا، دواتر نوورسی بەشێوەیەکی سەخت بریندار بوو، تووشی خوێن بەربوونێکی دژوار بوو، بە جۆرێك خەریك بوو گیان بسپێرێت، ئەمەش یەکێك لە قوتابییەکانی ناچارکرد ڕووسەکانی لێئاگادار بکاتەوە، بۆیە ڕووسەکان نوورسیان بەدیلگرت، لە (قومسترما) بۆ ماوەی دوو ساڵ و چوار مانگ بە دیل مایەوە، دواتر لە سەروبەندی شۆڕشی بەلشەفیدا توانی لە گرتووخانەی سەربازگەدا ڕابکات.

## سەربەرزی باوەڕداران:

ڕۆژێکیان لە گرتووخانەکەدا برایە بەردەم دادگای سەربازیدا، بە تۆمەتی سوکایەتی کردن بە قەیسەر و لەشکری ڕوسی.

سەرگوزەشتەکە بەم شێوەیە بوو:

خاڵی قەیسەر و سەرکردەی گشتی بەرەی ڕووسی (نیکولا نیکولافیج) سەردانی سەربازگەی دیلەکانی کرد، هەموو دیلەکان لەبەری هەڵسان و سڵاویان لێی کرد، جگە لە (سەعید نوورسی) نەبێ، سەرکردەی گشتی تێبینی ئەمەی کرد، بۆیە جارێکیتر گەڕایەوە و بە بەردەم نوورسیدا تێپەڕی... بەڵام نوورسی لەبەری هەڵنەسا، لە جاری سێیەمدا بە بەردەمیدا

تێپەڕی و ئەم گفتوگۆیە خۆشەی خوارەوە لە نێوانیاندا ڕوویدا، لە ڕێی وەرگێڕی سەرکردەکەوە:

**سەرکردەکە:** وادیارە تۆ نامناسی؟

**نوورسی:** بەڵێ.. بەدڵنیاییەوە دەتناسم، تۆ نیکولا نیکولافیجی خاڵی قەیسەری، و سەرکردەی گشتی بەرەی قەفقاسی.

**سەرکردەکە:** کەواتە بۆچی سوکایەتیم پێدەکەی!؟

**نوورسی:** نا، بەپێچەوانەوە من سوکایەتیم بە هیچ کەسێك نەکردووە، من تەنها ئەوەم کردووە کە بیروباوەڕەکەم فەرمانم پێدەکات.

**سەرکردەکە:** بیروباوەڕەکەت چ فەرمانێکت پێدەکات؟

**نوورسی:** من زانایەکی موسڵمانم، دڵەکەم ئیمان و باوەڕی تێدایە، ئەوەی دڵی ئیمانی تێدابێ، چاکترە لەوەی ئیمانی لە دڵدا نییە، ئەگەر من لەبەرت هەڵبستم، ئەوا ئەو کاتە کەم ڕێز دەگرم لە بیروباوەڕ و پیرۆزییەکانم، لەبەر ئەوە من لەبەر تۆ هەڵنەسام.

**سەرکردەکە:** کەواتە تۆ سیفەتی بێ ئیمانی دەدەیتە پاڵ من، بەم هۆیە سوکایەتی بە من و لەشکر و گەل و قەیسەرەکەمان دەکەی، بۆیە پێویستە دادگایەکی سەربازی دروست بکەین بۆ پشکنینی ئەم پرسە.

دادگای سەربازی بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنرا، نوورسی بە تۆمەتی سوکایەتی کردن بە قەیسەر و گەل و لەشکری ڕووسی برایە بەردەمی دادگا.

خەم و دڵگرانی سەربازگەی دیلەکانی داپۆشی، ئەفسەرە دیلە تورك و ئەڵمانی و نەمساییەکان لە دەوری نوورسی کۆبوونەوە، زۆر داوایان لێکرد داوای لێبوردن بکات لە سەرکردەی ڕووسی و پاساوی بۆ بهێنێتەوە، بەڵام ئەو ئەم پێشنیارەی ڕەتکردەوە و پێداگری لەسەر هەڵوێستەکەی کرد، بەوانی وت:

((حەزم لە گەشتە بۆ دواڕۆژ، دەمەوێ بچمە خزمەت پێغەمبەری خوا "درود و سڵاوی خوای لێبێ"، هەر بۆیە من پێویستیم بە بلیتی گەشتی دواڕۆژە، من هەرگیز ناتوانم کارێك بکەم پێچەوانەی ئیمانەکەم بێ)).

دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ نوورسی دەرکرد، لە ڕۆژی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکە، کۆمەڵە سەربازێکی ڕووسی هاتن، لەسەرروویانەوە ئەفسەرە ڕووسیەکە، تا بیبەن بۆ گۆڕەپانی لەسێدارەدان، سەعید نوورسی بە ڕووخسارێکی گەشاوەوە لە شوێنی خۆی هەڵسا، بە ئەفسەرە ڕووسەکەی وت:

داواکارم کەمێك مۆڵەتم بدەی تا کۆتا ئەرکم جێبەجێ بکەم.

دواتر هەڵدەستێ و دەستنوێژ دەگرێ و دوو ڕکائەت نوێژ دەکات.

ئا لێرەوە دوای ئەوەی نوورسی لە نوێژەکەی بووەوە، سەرکردەی گشتی پێی وت:

داوای لێبوردنت لێدەکەم، من وامزانی تۆ ئەم کارەت کردووە تا سوکایەتیم پێبکەی، بەڵام من ئێستا دڵنیام تۆ ئەوەت کرد کە ئیمان و بیروباوەڕەکەت فەرمانی پێکردووی، بۆیە بڕیاری دادگام هەڵوەشاندەوە، من پیرۆزباییت لێدەکەم لەسەر خۆڕاگریت لەسەر ئاینەکەت، دووبارە داوای لێبوردنت لێدەکەم.

- لە ١٣/ ٨/ ١٩١٨ بە ئەندامی (خانەی حیکمەتی ئیسلامی) دانرا، کە گەورە زانا و شاعیر و کەسایەتییەکانی لەخۆدەگرت، حکومەت مووچەیەکی بۆ بڕیەوە، بەڵام ئەو تەنها ئەو بڕەی وەردەگرت کە پێویستییەکانی خۆی پێ جێبەجێ دەکرد، ئەوەش کە دەمایەوە خەرجی دەکرد لە چاپکردنی پەیامە زانستییەکانی کە بە بێ بەرامبەر دابەشی دەکرد.
- دوای ئەوەی هاوپەیمانان (ئینگلیز و فەرەنسییەکان) ئیستەنبۆڵی پایتەختیان داگیرکرد، نوورسی کتێبەکەی نووسی بەناوی (شەش هەنگاوەکان)، دادوەری سەربازی ئینگلیزی لەسەر ئەم کتێبە و کارەکانی کە دژی هێزە داگیرکارەکان دەریکرد، بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ نوورسی دەرکرد، عاشقانی نوورسی ویستیان

ڕزگاری بکەن، بۆیە بانگهێشتیان کرد بۆ شاری (ئەنقەڕە)، ئەویش وەڵامی دانەوە:

((من دەمەوێ لە مەترسیدارترین شوێندا تێبکۆشم، نەوەك لە پشت خەندەقەکانەوە، من پێم وایە ئەو شوێنەم زۆر مەترسیدارترە لە ئەنادۆڵ)).

لە ساڵی ١٩٢٢ بانگهێشتی شاری (ئەنقەڕە) کرا، پێشوازییەکی گەرم و کەم وێنەی لێکرا، بەڵام سەرنجی ئەوەیدا زۆربەی پەرلەمانتاران نوێژ ناکەن، هەروەك بینی کە مستەفا کەمال ڕێچکەیەکی دژە ئیسلامی گرتۆتەبەر، بۆیە بڕیاریدا لە ١٩/ ١/ ١٩٢٣ بەیاننامەیەك بەچاپ بگەیەنێ کە لە دە مادە پێکهاتبوو، ئاڕاستەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی کرد، کە بەم وتەیە دەستی پێدەکرد:

((ئەی نوێنەران... بەڕاستی ئێوە زیندوو دەکرێنەوە بۆ ڕۆژێکی مەزن)).

لەبەر کاریگەری ئەم بەیاننامەیە، کە بەسەر نوێنەراندا خوێنرایەوە، ئەوا شەست نوێنەر هەڵسان بۆ نوێژکردن، پابەندی ئایین بوون، ئەمەش موستەفا کەمالی توڕەکرد، و بانگهێشتی نوورسی کرد و پێی وت:

((گومان لەوەدا نییە، ئێمە زۆر پێویستمان بە مامۆستایەکی ڕێزداری وەك تۆ هەیە، بۆیە بانگهێشتمان کردی بۆ ئێرە تا سوود لە بۆچوونە ڕاست و دروستەکانت بکەین، بەڵام یەکەم کار کە کردت قسەکردن بوو لەبارەی

نوێژ.. بەمەش یەکەم کارت بڵاوکردنەوەی پەرتەوازەیی بوو لە نێو ئەندامانی ئەنجومەندا)).

بەدیعوززەمان بەتووندی بە پەنجەکەی ئاماژەی بۆ کرد و وەڵامی دایەوە:

((بەڕێز.. بەڕێز.. گەورەترین ڕاستی کە لە دوای ئیمان بدرەوشێتەوە نوێژە، ئەوەی نوێژ ناکات ناپاکە، حوکمی ناپاکیش ڕەتکراوەیە)).

کاتێك موستەفا کەمال ویستی لە پایتەخت بگوازێتەوە، ئەوا نوورسی دەستنیشانکرد وەك ئامۆژگاریکاری گشتی ویلایەتەکانی خۆرهەڵات، مووچەیەکی فریودەری بۆ بڕیەوە، بەڵام نوورسی ئەرك و مووچەکەی ڕەتکردەوە.

- نوورسی لەم قۆناغەدا کۆمەڵە کتێب و پەیامێکی نووسی و بڵاوکردەوە، لەوانە: ئاماژەکانی ئیعجاز – دەرکەوتووەکان – گەڵاڵەبووەکان – تیشکەکان – بریسکەکان لەبارەی ئاشنابوون بە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و جگە لەم کتێبانەش کە بە زمانی عەرەبی بڵاوی کردنەوە.

## قۆناغی دووەمی ژیانی:

لە ساڵی ١٩٢٣ نوورسی شاری (ئەنقەرە)ی بەجێهێشت، ڕۆیشتە شاری (وان)، خۆی یەکلاکردەوە بۆ خواپەرستی لە یەکێك لە کاولە چۆڵەکان، لەسەر چیای (ئەرك)، هیچی نەدەزانی لەبارەی ئەو گەردەلولانەی چاوەڕێی ئەویان دەکرد.

یەکێك هات و داوای لێکرد پشتیوانی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران بکات، لە دژی حکومەتی کەمالی عەلمانی دژە ئیسلام، نوورسی ڕەتیکردەوە پشتیوانی بکات، بەڵام ئەم گۆشەگیریە و ئەم خۆیەکلاکردنەوە بۆ خواپەرستی، ئەویان ڕزگار نەکرد لە تووڕەی حکومەتی ئەنقەرە و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکرد، حکومەت ئەوی گواستەوە بۆ ئیستەنبۆڵ، دواتر بۆ شاری (بوردور)، دواتر بۆ (بارلا) لە کەشێکی سارد لە زستانی ١٩٢٦ دوورخرایەوە، کەشەکە زۆر سارد بوو، ئاوی دەریاچەکە ببووە بەستەڵەك، یەکێك لە کەشتیەوانەکانی نێو ئەو کەشتیەی نوورسی دەگواستەوە، دارگۆچانێکی درێژی بەدەستەوە بوو و بەستەڵەکی پێدەشکاند، بۆ ئەوەی ڕێگا بکاتەوە بۆ بەلەمە چارۆکەدارەکە.

لە شارۆچکەی (بارلا) قۆناغی دووەمی ژیانی سەعید نوورسی دەستیپێکرد، ئەمە ئەو قۆناغەیە کە ناونراوە سەعیدی نوێ، ئەم قۆناغە پڕیەتی لە تۆمەت و ڕاوەدوونان و دەستگیرکردن و بەندکران و بەندیخانە و

دادگایی و دوورخرانەوە، کە ژیانی هیچ مرۆڤێکی تر ئەمانەی بەخۆوە نەبینیوە، بەڵام نوورسی ئارامگر و چەسپاو بوو، بانگەوازی دەکرد بۆ لای خوای گەورە بە حیکمەت و دانایی، دروشمەکەی لەمەدا ئەوە بوو:

((خۆم پەنادەدەم بە خوا لە شەیتان و سیاسەت)).

لەم شارۆچکەیەدا، دارتاشێك ژوورێکی تەختەی بچوکی بێ بانی بۆ دروستکرد، لە نێو گەڵای درەختی بەرز، نوورسی زۆربەی کاتەکەی لە هەر دوو وەرزی بەهار و هاوینی تیادا بەسەر دەبرد، لەوێ خواپەرستی دەکرد و سەرگەرمی بیرکردنەوە و ڕامان بوو، بەدرێژایی شەو سەرقاڵبوو بە نووسینی پەیامەکانی نوور، خەڵکی گوێبیستی ڕازەکانی ئەو زانا خواپەرستە شەونوێژکارە بوون.

نوورسی هەشت ساڵ و نیوی لە شارۆچکەی (بارلا) بەسەربرد، زۆربەی پەیامەکانی نووری لەوێدا نووسی، بەدەست چەندین نەخۆشیەوە دەیناڵاند، حەزی لە خواردن نەبوو، بەڵکو چەند لەتە نانێك لەگەڵ کەمێك شلە (شۆربا)ـی پێ بەس بوو، دیاری و بەخشش و زەکاتی لە هیچ یەکێك وەرنەدەگرت... — هەروەك لەبارەی خۆیەوە وتویەتی — لەسەر بەرەکەت و دەستگرتنەوە دەژیا.

لەم قۆناغەدا شتی دەنووسی بە زمانی تورکی، بەڵام بە پیتی عەرەبی، فەرمانی بە قوتابیەکانی دەکرد بە پیتی عەرەبی بنووسن، لەپێناو پاراستنی لە لەبیرچوونەوە.

ئافرەتان بەشداربوون لە لەبەرگرتنەوەی پەیامەکان – کتێبەکانی – نوور، کە بەدیعوززەمان بە قوتابیەکانی دەنووسیەوە، دواتر ئەو قوتابیانە دزەیان پێدەکرد بۆ ئافرەتان، ئەم کارەشیان بەشەو ئەنجام دەدا، کاتێك ئافرەتانیش دانەیان لەبەر دەگرتنەوە، ئەوا قوتابیانی نوور بە هەموو لایەکی وڵاتی تورکیادا بڵاویان دەکردنەوە.

پەیامەکانی نوور، بانگەواز دەکەن بۆ ڕزگارکردنی ئیمان، دووبارە ژیاندنەوەی ئیسلام و هێنانەوەی بۆ سەر شانۆی ژیان.

بەم پەیامانە ڕووبەڕووی عەلمانیەکان و نەتەوەپەرستەکان دەبووەوە، و سیاسیەتە میکافیلیەکان کە دامەزرابوو لەسەر نزیکایەتی و دووڕوویی و بەرژەوەندییە کەسییەکان. ئەو سیاسەتەی ئاینی بەلاوەنا، سیاسەتمەدارانی ڕوویانکردە ئەوڕوپا، بەشوێنپێی ئەوڕوپادا ڕۆیشتن. هەر بۆیە دەبینین لەم قۆناغەدا، – بەوپەڕی هێزەوە – ڕووبەڕووی ڕەوتە ئیلحادییە تاکڕەوەکان بووەوە، سەرباری ئەو هێرشە دڕندانەیەی دەکرایە سەری، و ئەو دوورخستنەوە و بەندیخانە و دەستگیرکردنەی دووچاری بووەوە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، دروشمەکەی ئەو لەم قۆناغەدا ((خۆم پەنادەدەم بە خوا لە شەیتان و سیاسەت)) مانای وازهێنان نەبوو لە سیاسەت بە کرداری، بەڵکو ویستی قوتابیەکانی لە خراپەی سیاسییەکان بپارێزێ، لەگەڵ ئەمەشدا خۆی و قوتابییەکانی ڕزگاریان نەبوو لە ڕاوەدوونان و دادگایی و بەندکران، نوورسی و قوتابیەکانی ناویان لەو ناخۆشیانەنا: قوتابخانەی یوسفی.

لە بڕیای ئەو لیژنەیەی وردبینی بۆ پەیامەکانی نوور کرد لە شاری (دەنیزلی) ئەوە هاتووە:

((بەدیعوززەمان هیچ چالاکییەکی سیاسی نییە، هەروەك هیچ بەلگەیەك نییە لەسەر ئەوەی ناوبراو تەریقەتێکی سۆفیگەری دادەمەزرێنێ، یان کار بۆ دروستکردنی کۆمەڵەیەك دەکات، بابەتی کتێبەکانی هەموویان بەدەوری پرسە زانستی و ئیمانیەکاندا دەخولێنەوە، ئەویش ڕاڤەی قورئانی پیرۆزە)).

- کاتێك لە پەنجاکاندا ئازادکرا، ئەو کاتە لە تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵیدا بوو، بەوانەی دەوت کە دەهاتنە سەردانی یان حەزیان لە سەردانکردنی ئەو دەکرد:

((دڵنیابن هەر پەیامێك — لە پەیامەکانی نوور — کە دەیخوێننەوە، سودی زیاتری لێدەبین دە بەرامبەر ئەوەی سوود لە دیداری من دەبینن)).

زیاد لە جارێك داوای لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور دەکرد، پەیامەکان نەبەستنەوە بە خودی لاوازی ئەوەوە، تا بەم کارەیان لە نرخ و سەنگیان کەم نەبێتەوە، چونکە مرۆڤ هەڵە و کەموکورتی وای هەیە، خوای گەورە لێی داپۆشیوە.

هەروەك داوای لە قوتابیەکانی دەکرد، وابەستەی ئەو نەبن، چ لە ماوەی ژیانیدا، یان لە دوای مردنی، چونکە ئەمە زیانی مەزنی هەیە بۆ بانگەوازەکەی ئەو.

- نوورسی زۆر حەزی بە لوتکەی چیاکان دەکرد، هەروەك حەزی لە شوێنی بەرز لەسەر درەختە باڵابەرزەکان دەکرد، زۆر حەزی لە نوێژ بوو لەسەر بەردی بڵند، بە قوتابیەکانی دەوت:

((ئەگەر من هێزی گەنجێتی ئێوەم هەبووبایە، ئەوا لەم چیایانە دانەدەبەزیم)).

بەڕاستی نووری ئومەتێك بوو لە پیاوێکدا، قوتابیەکانی خۆی پێگەیاند وەك پێشەنگ، ژیانی ئەویش گەورەترین کەڕامەت و شکۆ بوو.. پیاوی ڕۆژگاری ناخۆشی و بەڵا و دەردەسەریەکان بوو، ئەم سەردەمەش سەردەمی ئێمەیە، — هەروەك لەبارەی خۆیەوە وتویەتی — دەرمانی چاك

و شیاوی بۆ برینە هەمیشەییەکانی مرۆڤایەتی ئامادەکردووە، لە میانەی پەیام و کتێبەکانی خستوویەتیەڕوو، ئەمانەش لە ڕووناکی و نووری قورئانی مەزنەوە هەڵقوڵاون.

## کۆچی دوایی کردنی:

پێشەوا نوورسی لە بەرواری بیست و پێنجی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لە ساڵی ١٣٧٩ك کۆچی دوایی کرد، بەرامبەر بە بیست و سێی مانگی ئازاری ١٩٦٠ز، لە دوای خۆی فەرهەنگێکی ئیمانی مەزنی بەجێهێشت، کە پێویستییەکانی ئەم سەردەمە پڕ دەکاتەوە، شێوەی بیرکردنەوەی ڕۆڵەکان دەدوێنێ، بیرۆکە بێ بنەماکانی فەیلەسوفە مادییەکان پوچەڵ دەکاتەوە، گومانەکانیان ڕیشەکێش دەکات، ڕاستی و بنەماکانی ئیمان بە بەڵگەی سەلمێنراو و نیشانەی درەوشاوە دەچەسپێنێ، ئەم فەرهەنگە لە هەشت بەرگی مەزندا کۆکراونەتەوە، کە ئەمانەن: وتەکان، مەکتوبات، تیشکەکان، بریسکەکان، ئاماژەکانی ئیعجاز لە دوو توێی کورتبڕیدا، مەسنەوی عەرەبی نووری، پاشکۆکان، کرۆکی ئیسلام.

ئەم پەیامانە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی: عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئوردی، فارسی، کوردی، فەڕەنسی، ڕوسی و جگە لەمانەش. نوورسی لە شاری (ئورفە) بەخاکسپێردرا.

لە دوای کودەتا سەربازیەکەی تورکیا لە ساڵی ٢٧/ ٥/ ١٩٦٠، کودەتاچییەکان هەڵسان بەگواستنەوەی ڕوفاتی پێشەوا نوورسی بۆ شوێنێکی نادیار.

شێخ عەبدولمەجید نوورسی برای پێشەوا سەعید نوورسی، باسی گواستنەوەی ڕوفاتی بەدیعوززەمانی برای کردووە لە یاداشتەکانیدا، ئەمەش لە دوای پازدە مانگ بووە لە مردنی نوورسیـ، پێیان وتوە:

((ئێمە ڕوفاتی براکەت شێخ سەعیدی نوورسی لە شاری "ئورفە" دەگوازینەوە)).

ناوبراو دەڵێت: گۆڕی بەدیعوززەمانیان ڕووخاند، لە ناخی خۆمدا وتم: ((دەبێ ئێسقانەکانی برا خۆشەویستەکەم بووبنە خۆڵەمێش، بەڵام هەر کە دەستم گەیاندە کفنەکەی، وا هەستمکرد کە دوێنێ کۆچی دوایی کردبێ، کفنەکەی سەلامەت بوو، بەڵام لەلای سەری کەمێك زەرد هەڵگەڕا بوو، یەك شوێن لێدەرکەوتبوو وەك شوێنی دڵۆپە ئاو وابوو.

کاتێك پزیشك کفنەکەی لەسەر ڕووخساری نوورسی لادا، سەیرم کرد.. نیمچە زەردەخەنەیەکی لەسەر ڕووخسار بوو.

ئەم مامۆستا مەزنە ستەملێکراوەیان هەڵگرت، خستیانە نێو تابوتێکی تری مەزن، کە سەربازەکان هێنابوویان، ئەو بۆشاییەی لە نێو تابوتەکەدا هەبوو بە گیا پڕمانکرد.

کاتێك کارەکان تەواو بوو، ڕۆیشتینە فڕۆکەخانە، شەقامەکان خەڵکیان تێدا نەبوو، بەڵکو جمەیان دەهات لە سەربازانی چەکدار، چونکە باری قەدەغەی هاتوچۆ لە شارەکە ڕاگەیەنرا بوو.

فڕۆکەی یەکەم شوێنی تابوتەکەی تێدا نەبووەوە، بۆیە فڕۆکەیەکی تریان هێنا، تابوتەکەیان خستە ناویەوە، منیش لە تەنیشتی دانیشتم.

خەم و خەفەت دڵیان داگرتبووم، چاوەکانم پڕ لە فرمێسك بوون..

فڕۆکەکە ڕۆیشتە (ئەفیون)، لەوێوە تابوتەکە بە ئۆتومبێڵی ئیسعاف گوازرایەوە بۆ شاری (ئەسبارتە)، لەویّ لە شوێنێکی نادیار بەخاکسپێردرا، کە هێشتا شوێنەکە نەزانراوە.

لەوانەیە قەدەر ئەو ئومێدەی ئەوی گیرا کردبیّ، کە لە وەسیەتەکەی بۆ قوتابیانی دەیخواست، لەوەی هیچ کەسێك شوێنی گۆڕەکەی پێنەزانێت، تەنها چەند قوتابیەك نەبن کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

## پوختەی ژیاننامەی نوورسی بەپێنووسی خۆی:

لە کۆتاییدا، چەند بڕگەیەك لەو نامەیە دەخەینەڕوو، کە نوورسی ئاڕاستەی هەر یەکێك لە سەرۆك وەزیران، وەزیری داد، وەزیری ناوخۆی کردووە، تیایدا پوختەی ژیاننامەی خۆی خستۆتەڕوو:

((هەر یەکێك لە پیاوانی دەوڵەت بە باشی دەمناسن، بەتایبەت ئەوانەی هاودەمم بوون لەو سەردەمە ناهەموارانەی وڵات پێیدا تێپەڕی، لەوەتەی ڕاگەیەنراوی ئازادی (دەستوور)، و لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و هێرشی هاوپەیمانان و هاتنیان بۆ نێو ئیستەنبۆڵ، ئەو ڕووداوانەی دوای ئەمەوە هاتن تا ئەو کاتەی حکومەتی نیشتمانی دروستبوو، و ئەو ماوەی کۆماری تێدا ڕاگەیەنرا، ئەوانەی زانیاریان لەبارەی ئەو بارودۆخانە هەیە و ئێستا پلە و پۆستیان هەیە، چاك من دەناسن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، مۆڵەتم بدەن چەند دیمەنێکی ژیانم بەخێرایی بۆتان بخەمەڕوو:

((من لە گوندی (نوورس)ـی سەر بە ویلایەتی (بەدلیس) لەدایکبووم، بەدرێژایی ژیانم قوتابی و زانستخواز بوومە، مشتومڕی تووندم ئەنجامداوە، لەگەڵ هەر زانایەك کە دیدارم لەگەڵ کردبێ، بە بەخششی لوتفی خوایی بەسەر هەر یەکێکیاندا سەردەکەوتم، تا گەیشتمە ئیستەنبۆڵ، لەوێ لەو

کەشەی تێکەڵ بە دەردی ناوبانگ و ناودەرکردن بوون، دانەبڕام لە دیدارە زانستییەکانم، بەڵام حەسودی کەسانی حەسود و دژەڕاکانم، منی ڕاکێشا بۆ نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەروونیەکان، ئەمەش بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید – خوای گەورە بیخاتە بەر ڕەحمەتی فراوانی خۆی –، دواتر سەرنجی حکومەتی ئیتحاد و تەڕەقیم ڕاکێشا، بەهۆی خزمەتەکانم لەکاتی ڕاگەیاندنی دەستوور و ڕووداوی ۳۱/ مارس، پڕۆژەی دروستکردنی زانکۆیەکم خستە بەردەمیان لە شاری (وان)، بەناوی (قوتابخانەی زەهڕا) هاوشێوەی زانکۆی ئەزهەری پیرۆز، تەنانەت من بەردی بناغەکەیم بەدەستی خۆم دانا، بەڵام هەر کە جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا، ئەوا قوتابیەکان و خۆبەخشەکان (تاقمی پشتیوانەکان)ـم پێکهێنا، سەرکردایەتی ئەوانم بەدەستەوە گرت، چەندین شەڕی سەختمان ئەنجامدا لەبەرەی قەفقاس، لەبەرامبەر ڕووسە دەستدرێژیکارەکان لە (بەدلیس)، دواتر بەدیل کەوتمە دەستی ئەوان، بەڵام بە بەخششی خوا لە دیلایەتی ڕزگارم بوو، هاتمەوە ئیستەنبوڵ و لەوێ دەستنیشانکرام بە ئەندامی خانەی حیکمەتی ئیسلامی، جا لەم بارودۆخە ناهەموارەدا دەستپێشخەریم کرد لە کۆششکردن لە بەرامبەر هێزە داگیرکەرەکان، بەهەرچی ئەو وزەیەی خوا پێیداوم خزمەتم کردووە، تا جەنگی سەربەخۆیی کۆتایی هات،

حکومەتی نیشتمانی لە شاری (ئەنقەڕە) پێکهێنرا، سەرلەنوێ ڕوانیم — بە نرخاندنی ئەو خزمەتانەم — بۆ دامەزراندنی زانکۆ لە شاری (وان).

تا ئێرە ژیانم پڕبووە لە خزمەتکردنی وڵات، لە ڕێگەی ئەو بیرۆکەیەی هەمبوو لە خزمەتکردنی ئایین لە ڕێگەی سیاسەتەوە، بەڵام دوای ئەم ماوەیە ڕووم بەتەواوی وەرگێڕاوە لە دونیا، (سەعیدی کۆن)ـم لەگۆڕناوە — بەپێی زاراوەی خۆم —، ئێستا بوومەتە سەعیدی نوێ کە بە تەواوی بۆ دواڕۆژ یەکلابوومەتەوە، لە ژیانی نێو کۆمەڵگە چوومەتە دەرەوە، دەستەکانم هەڵگرتووە لە هەرچییەك پەیوەندی بەوانەوە هەیە، بە تەواوی لە خەڵك دابڕاوم، لە تەپۆڵکەی (یوشع) لە ئیستەنبۆڵ ئیعتیکافم کردووە، دواتر لە چەند ئەشکەوتێك لە چیاکانی (وان) و (بەدلیس) ئیعتیکافم کردووە، لە کۆششێکی بەردەوامدام لەگەڵ ڕۆح و ویژدانم، گۆشەگیریم هەڵبژاردووە بەرەو جیهانە ڕۆحییەکەم، و ئەم دروشمەم بەرزکردۆتەوە: ((خۆم پەنادەدەم بە خوا لە شەیتان و سیاسەت))، هەرچی ورە و توانام هەیە بەکاریدەهێنم لە ڕامان لە مانا و مەبەستەکانی قورئانی پیرۆز، دەستم بەژیان کردووە وەك (سەعیدی نوێ)، قەدەر منی بەدەم دوورخستنەوەوە لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر گواستۆتەوە، لەم سەروبەندەدا لە قوڵایی دڵمەوە، چەند مانایەکی بەرز و شکۆدار لە ڕێژنەی ڕازەکانی قورئانی پیرۆز لە ناخمدا گەڵاڵەبوون، بە کەسانی دەوروبەری خۆم نووسیومنەتەوە،

ئەوانیش ئەو پەیامانەن، کە ناوم لێناون (پەیامەکانی نوور)، بەڕاستی ئەم پەیامانە لە تیشك و ڕووناکی قورئانی پیرۆزەوە گەڵاڵەبوونە، تەنانەت ئەم ناوەش لە قوڵایی ویژدانمەوە هەڵقوڵا، من قەناعەتێکی تەواو و دڵنیاییەکی بڕاوەم هەیە، کە ئەم نامانە بەرهەمی کاری هزر و بیری من نین، بەڵکو ئیلهام و نیگایەکی خواییە، خوای پاك و بێگەرد لە نووری قورئانی پیرۆزەوە بەسەر دڵی مندا هەڵیڕشتووە، دەستخۆشیم کردووە لە هەر یەکێك کە ئەم پەیامانەی لەبەرگرتۆتەوە، چونکە من دڵنیایی تەواوم هەیە کە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ پاراستنی باوەڕ و ئیمانی ئەوانیتر، جگە لەم ڕێگەیە نەبێ، کەواتە ڕێگری مەکەن لە گەیشتنی ڕێژنەی نووری ئەم پەیامانە بەو کەسانەی پێویستیان پێیەتی.

ئا بەم شێوەیە دەستە ئەمیندارەکان کاری لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەیان لەئەستۆگرت، جا دڵنیابووم کە ئەمە دەستەمۆکردنێکی خوایی و ڕامکردنێکی پەروەردگارییە بۆ پاراستنی ئیمانی موسڵمانان، بۆیە هیچ کەسێك ناتوانێ ڕێگری بکات لەم ڕام و دەستەمۆکردنە خواییە، جا هەستمکرد پێویستە هانی هەر یەکێك بدەم کە کار بکات لەم پێناوەدا، ئەمەش بەجێبەجێکردنی ئەو فەرمانە دەبینم کە ئاینەکەم پێمی دەکات. ئەم پەیامانە لە سەد و سی پەیام زیاترن، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە نییە لە کاروباری دونیا و سیاسەت، بەڵکو بەتەواوی پەیوەستن بە کاروبار و پرسە-

کانی دوارۆژ و ئیمانەوە، سەرباری هەموو ئەم شتانە، هەڵپەرستەکان و ئەوانەی لە ئاوی شێلودا ڕاو دەکەن هەردەم پێمەوە سەرقاڵن، تا ئەوەی دەسەڵاتداران منیان وەستاند لە (ئەسکی شەهر) و (قستمونی) و (دینزلی)، دادگاکان وردبینی زانستیان بۆ پەیامەکانی نوور کردووە، کەسانی شارەزا و پسپۆر بەم کارە هەڵساون، بەڵام — بەهۆی بەخششی خوای پاك و بێگەردەوە — هەردەم ڕاستی دەدرەوشێتەوە، دادگەر شوێنی شیاوی خۆی دەگرێ))[1].

* * *

() لە نووسینی پوختەی ژیاننامەی پێشەوا بەدیعوزەمان نوورسی، سوودمان بینیوە لە:

١- نووسینەکانی مامۆستا ئیحسان قاسم ساڵحی.

٢- سەعید نوورسی: پیاوی چارەنووس: ئورخان محەمەد عەلی.

٣- بەدیعوزەمان سەعید نوورسی: د. فەرەج محەمەد وەسیف.

## سەردەمی نوورسی

ناتوانین بزانین ئەندازەی ئەو تاریکستانیە چەندبووە، کە تورکیای داگرت، لەدوای ئەوەی ناودەبرێ بە کودەتای عوسمانی، و لەسەرکار لادرانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و زاڵبوونی کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەڕەقی) و تورکە نەژادپەرستەکان، ئەوانەی خەلافەتیان گەیاندە ئەوپەڕی پەرتەوازەیی و هەڵوەشانەوە و دواکەوتنی سیاسی و سەربازی و ئابووری و هزری و داڕووخانی ڕۆحی، مەگەر شارەزاییەکی وردمان هەبێ لەسەر ئەو دۆخە پشێوەی کە وڵاتی تورکیای گرتەوە، لە دوای داگیرکردنیدا، و لە دوای ڕزگارکرانیشی، هەروەها ئەو قەسابخانانەی بەدوای ئەماندا هاتن و دەسەڵاتی عەلمانی پێی هەڵسا لە دژی هەر یەکێك کە بۆنی ئیسلام و بەرەنگاربوونەوەی عەلمانیەتی لێکردبێ.. کردەوەکانی کوشتنی زانایان ڕێبازێکی حکومەتەکەی مستەفا کەمال بوو، هیچ یەکێك لە زانایان ڕزگاریان نەبوو، مەگەر ئەوەی ڕایکردبێ بە ئایین و خوێن و خانەوادەکەی بۆ وڵاتانی دراوسێ، یان ئەوەی خەریکی بادانەوە یان چووبێتە ڕیزی عەلمانیەکانەوە، لەوانەی خاوەنی دەروونێکی لاوازبوون، کە تەنها مەبەست و بایەخیان

بەرژەوەندییە کەسییەکانیان بوو، هەرچی هەوڵ و کۆششیانە بۆ گەیشتن بە پلە و پایە و پۆست بووە.

شتی وامان بیستووە لە ڕۆڵەی ئەو زانایانەی بۆ ڕزگارکردنی ئاینی خۆیان ڕایان کردبوو، کە بەهۆیەوە پێستی جەستە و لاشەمان پێی زیك دەبێ، دڵ و دەروون لە هەژمەتا خوێنی لێدەچۆڕێ.

بەدیعوززەمان نوورسی لە باوەشی ڕووداوی مەزن و ناخۆشدا ژیانی گوزەراند، لە هەموویان کاریگەرتر لەسەر ناخی ئەو، ئەو هێرشە کەلتوری و هزرییە بوو، کە فەرمانگە و ناوەندەکانی داگیرکەران پێی هەڵدەستان، لەگەڵ بەچکە عەلمانیە خۆماڵییەکان لە ناوخۆدا، لە میانەی ئەو دامەزراوانەی کە پەل و پۆیان بۆ دەرەوەی وڵات فراوان ببوون، هاوپەیمانە براوەکان لە ئەوڕوپا پشتیوانیان لەم هێرشانە دەکرد... کۆڕبەندە ماسۆنیەکان پاڵپشتیان لێدەکرد، بانگخوازانی عەلمانیەت و نەتەوایەتی و مارکسییەت یارمەتیان دەدا... تا وای لێهات موسڵمانان لە تورکیای نوێدا، وەك ڕانە مەڕی وێڵبوویان لێهات لە نێو تاریکی شەوێکی باراناویدا، وەك کەسێکی بێ سەنگ دەرکەوتن، ویست و خواستیان داگیرکرا و ڕیسواکران، کەوتنە بەر دەرگای ئەو ستەمکارانەی ئەوانیان خستە ئەم دۆخەوە.. گەندەڵیەکی بێ ژماری کارگێڕی، کرچ و کاڵییەکی ئابووری مەزن، قەرزی ئەستۆشکێن، دواکەوتن و نەزانی، هەژاری و دەردەداری، هەڵوەشانەوە و

گەندەڵی ڕەوشتی پیلان بۆ داڕێژراو و بەرنامەدار باڵیکێشا.. پارێزەرەکانیان دزەکان بوون، دەزگاکانی ئەمن و ئاسایش بریتی بوون لە دەزگای سەرکوتکردن و گەندەڵی و خراپەکاری.

## پێویستی هەبوونی پێشەوایەکی نوێساز:

هەرگیز خوای گەورە باوەڕداران لەسەر هەمان بارودۆخ فەرامۆش ناکات، کە ئەوان تێیدان، لەسەر ئەو هەلومەرجە نایانهێڵێتەوە کە دوژمنانی خوا لە دەرەوە و ناوەوە دەیانەوێ، خوای گەورە بەڵێنیداوە بۆ ئەم ئومەتە کەسانێك هەڵبخات، لە ماوە و شوێنی جیاوازدا، تا کاروباری ئاینی خوایان بۆ نوێ بکاتەوە، یارمەتی خوای مەزن بۆ ئەم گەلە موسڵمانە ستەملێکراوە، لەم پیاوەدا زۆر ڕوون و ئاشکرابوو، هەروەك هەندێك لە توێژەران ناویان لێناوە (پیاوی چارەنووس)[1]. هەروەك ئاشنایان و مامۆستایانی نوورسیش ناویان لەونا (بەدیعوززەمان)[2]، ئەم پیاوە خواناس و پیاوچاکە دڵێکی ژیری لە سینگدا بوو، عەقڵێکی پاك و بێگەردی هەبوو، دەروونێکی سەربەرز و ڕۆحێکی مەزن، ئیمانێکی بەرزی هەبوو، زانستی

---

(١) ئورخان محەمەد عەلی – سەعید نوورسی – پیاوی چارەنووس لە ژیانی ئومەتێکدا: ئەمە ناونیشانی کتێبەکە بوو.

(٢) ژیاننامەی سەعیدی نوورسی: ٣٦.

وای هەبوو کە مرۆڤ لە ڕوانینیدا سەری سوڕدەما لەوەی چۆن لە تەمەنی بچوك و ئەم سەرەتای گەنجیەیدا وەریگرتووە، تەنانەت چۆن ئەم هەموو زانست و زانیاریەی لەم کەللەسەرە سەرنجڕاکێشەدا هەڵگرتووە، کە بە نوور و ڕووناکی قورئانی پیرۆز ڕۆشنە، لەگەڵ ئەوەی ((هەرچی ناخۆشی و ئەشکەنجە و دژوارییەکانی ئەو ماوەیەی لە تورکیادا هەبوو، ئەو بە زیادەوە چەشتی... لە نیشتمانێکدا کە زۆربەی کەرت و شار و گوند و لادێکانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کاولبوون، چەندین ساڵی بەدیکرد بەدەم جەنگی سەربەخۆییەوە.. زۆربەی گەنج و لاوەکانی ئەم وڵاتە کوژران و بوونە قوربانی...))[1].

ئەوەمان بیرچووە کە بڵێین: نوورسی سەبەتەیەکی هەبوو، کە هەموو ئەو شتانەی هەیبوو لەم دونیایە لە نێو ئەم سەبەتەیەدا بوو: چایدان، چەند پەرداخێك، کەمێك شەکر و تۆچا، کەمێك مێوژ، بەرماڵی نوێژ..)[2].

بەڵام نوورسی لە چاو و زمان و دڵ ژیری و هۆشیدا هەڵگری قورئانی پیرۆز بوو، قورئانی پیرۆز مامۆستا و شێخ و ڕێبەری بوو لە دونیا و دواڕۆژیدا، جا ئەوەی بیەوێ ئیمان و قورئان و ئیسلام لە کەسێکدا ببینێ، کە بە دوو قاچی بڕوات، لەکاتێکدا ڕۆحی مەلە بکات لە نێو بەدیهێنراوان و

---

(١) ئورخان محەمەد عەلی: ٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو: ٥ ـ ٦.

نیشانەکانی ئاسمان و زەویدا، ئەوا با بڕوانێتە نوورسی، یان با ژیاننامە و پەیامەکانی بخوێنێتەوە، و ڕابمێنێ لە هەر وشەیەك کە ڕازەکانی ڕۆحی ئەو هۆنیویەتیەوە، بە مەرەکەبی هۆشمەندی و دونیابەکەمزانی و زانست و ئیمان و ئارامگرتن..

ئەو پیاوە نیشانەیەك بوو لە نیشانەکانی خوا، لە ئارامگرتن و کۆڵنەدان و هەوڵدان و بوێری و پێشکەوتن، لە هۆشیاری و دڵساغی و دڵسۆزی و بزاڤ، لە گەشبینی و ئومێد کە بۆ یەك ساتیش لە ژیانیدا لە گەشبینی و ئومێدبوون دانەبڕا، سەرباری ئەو ستەم و تاریکی و ناڕوونیەی دەوری ئەویان دابوو... هەردەم ورەبەرزی (عەزیمەت)ـی دەگرتەبەر لەگشت بارودۆخێکیدا، وەك کێوی خۆڕاگر و چەسپاوبوو بەرامبەر گەردەلولەکان... نوورسی ئەو پیاوە بوو کە نزاکەی پەیامبەری سەرکردە — درود و سڵاوی خوای لێبێ — ئەوی گرتۆتەوە، هەروەك فەرموویەتی: ((ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی ئاشنای سەردەمەکەیەتی، بەڵام ڕێبازەکەی بەرنەداوە و چەسپاوە لەسەری)). ئەم پیاوە نوێسازی ئایین بوو لە وڵاتی ئەنادۆڵ، هەروەك حەسەن بەنا لە وڵاتانی عەرەبی و مەودودی لە نیمچە کیشوەری هیندی نوێسازی ئایین بوون.

## ئەو کارتێکەرانەی کەسایەتییە هزریەکەی نوورسیان دروستکرد

لەمیانەی لێکۆڵینەوە لە ژیانی پێشەوا نوورسی، دەتوانین دوو جۆر کارتێکەر دیاری بکەین، کە کاریگەریان لەسەر کەسایەتی هزری ئەو هەبووە:

١- **کارتێکەرە کۆمەڵایەتییەکان:** کە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێ:

أ- **خانەوادە بچوکەکەی،** کە پێکهاتبوو لە باوکێکی پارێزکار و لەخواترس، کە ئەوەندە پیاوچاك و بۆ خوا سوڵحاوبوو، خەڵکی ئەویان بە نموونە دەهێنایەوە، باوکە سۆفیەکەی کە ناوی (میرزا) بوو، هەرگیز حەڕامی نەخواردووە، جگە لە حەڵاڵ هیچ شتێکی دەرخواردی ڕۆڵەکانی نەدەدا، تەنانەت ئەگەر مانگاکانی لە

لەوەرگا بهێنابایەوە، ئەوا دەمی مانگاکانی توونند دەکرد تا لە لەوەڕی زەوی خەڵکی تر نەخۆن[١].

دایکە ژنچاکە لەخواترسەکەی کە ناوی (نووریە) بوو، تەنها ئەو کاتە شیری بە منداڵەکانی دەدا، کە پاك بووبا و دەستنوێژی هەبووبا[٢]. ڕۆژێکیان نوورسی لەبارەیەوە وتی:

((سوێند بەخوا، ڕەگداکوتاوترین وانە کە وەرمگرتبێت، وەك ئەوەی بەردەوام نوێ ببێتەوە، بریتییە لە وتەکانی دایکم — ڕەحمەتی خوای لێبێ — و وانە مەعنەوییەکانی، تا لە قوڵایی سروشتمدا جێگیربووە، دواتر وەك دەنکەتۆیان لێهاتووە لە جەستەمدا، لە ماوەی تەمەنمدا کە نزیکەی هەشتا ساڵە، هەرچەندە وانەم لە هەشتا هەزار کەس وەرگرتووە. هێشتا بەدڵنیایەوە وایدەبینم هەر هەموو ئەم وانانە لەسەر ئەو دەنکە تۆیانەوە بنیات دەنرێن))[٣].

هەروەها برا مەزنەکەی نوورسی، کە ناوی مەلا عەبدوڵا بوو، ناسراوبوو بە زانست و ئایین و لەخواترسانەکەی.

---

(١) ئیحسان قاسمی ساڵحی — بەدیعوزەمان سەعیدی نوورسی: ١٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو: ١٩.

(٣) سەعید نوورسی — تیشکەکان (اللمعات): ٣٠٨ — ٣٠٩.

ب- **گوندە بچوکە پاکەکەی،** لەگەڵ گوند و لادێیە نزیکەکانی گوندەکەی نوورسی، قوتابخانە و مامۆستا و خەڵکە سادە و چاك و دین پارێزەکەیان، بەهاکانیان کە خۆی دەبینیەوە لە داب و نەریتی گونجاو لەگەڵ ئاینی یەکخواناس: سادەیی و ڕاستگۆیی، خاکیبوون، ڕێز، جوامێری، خانەدانی، سەرباری دەستکورتی و هەژاری و نەبوونی و نەداری.

## ٢- کارتێکەرە کەلتوورییەکان:

أ- نوورسی، شێخ عەبدولقادر گەیلانی – ڕەحمەتی خوای لێبێ –، بە مامۆستای یەکەمی خۆی دادەنێ، لە کتێبەکەی (فتوح الغيب)، نوورسی لەبارەوە دەڵێت:

((دەستمکرد بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، وەك ئەوەی خودی من بدوێنێ... شێوەزارەکەی زۆر زبر و توند بوو، لەخۆباییبوونی منی تێکشکاند، چەند نەشتەرگەرییەکی قوڵی لە ناخ و دەروونمدا ئەنجامدا... کەڵك و سوودێکی زۆرم لێبینی، چەندین کاتژمێری دوور و درێژم لەگەڵیدا بەسەربرد، گوێم دەگرت بۆ داخوازی و فەرمانە چاك و باشەکانی، و پاڕانەوە و موناجاتە بەسۆز و نەرمونیانەکانی))[1].

---

(1) سەعید نوورسی – مەکتوبات: ٤٥٩.

ب- **شێخی زانای خواناس،** ئەحمەد فاروقی سەرهەندی — نوێسازی هەزارەی دووەم — لە کتێبەکەیدا: (مەکتوبات)، ((لە دوو پەیامیدا دەستەواژەی (میرزا بەدیعوززەمان) هاتووە، وا هەستمکرد سەرهەندی بە ناوی خۆمەوە دەمدوێنیّ، چونکە ناوی باوکم (میرزا)ـیە.. ئیمامی ڕەبانی لەم دوو پەیامەی و پەیامەکانی تریشدا بە توندی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی (ڕووگەکەم یەکبخەم)، واتە: شوێن یەك پێشەوا و ڕێبەر بکەوم، بە جگە لەمە خۆم سەرقاڵ نەکەم))[1].

ت- **زانستەکانی زمانی عەرەبی،** لە (نەحو، سەڕف، ڕەوانبێژی، ڕێزمان و جگەلەمانەش)، کە لەسەر دەستی زانایانی گوندەکەی و گوند و شارەکانی تر فێری ببوو، — هەر لە تەمەنێکی زووی لاوێتیەکەیدا — زۆرێك لە دەقی کتێبی بنەڕەتییەکانی ئەزبەرکرد، ئەو کتێبانەی کە بە دایکی کتێبەکانی تر دادەنرێن، تەنانەت قامووسی "موحیت"ـی — فەیروز ئابادی — تا پیتی سینی ئەزبەرکرد بوو[2].

---

(1) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(2) د. محسن عەبدولحەمید — نوورسی ڕابەری مەزنی ئیسلام: ١٣.

پ- **زانستە ئیسلامییەكان،** لە: فەرموودەی پیرۆز، فیقه، بنەماكانی فیقه، تەفسیر، زانستی كەلام، ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، ڕەوشت، جگە لەمانەش لەو زانستانەی لەم خولگەیەدا دەخولێنەوە[1].

ج- **زانستە گەردوونیە سروشتییەكان،** لە: گەردووناسی، فیزیا، كیمیا، زانستی چینەكانی زەوی، جوگرافیا، فەلسەفەی هاوچەرخ، مێژوو، بیركاری، جگە لەمانەش[2].

ح- **خۆرئاوا، و هزرە مادییەكەی،** و فەلسەفەی كۆنی سەردەمی یۆنانیە كۆنەكان یان گریكەكان، و فەلسەفە تازەكانی، كە گۆشەنیگا و ئامانجەكانی مادیین، هەموویانی توێژیەوە و لێیان تێگەیشت، هەڵوێستی گونجاوی لەبارەیانەوە گرتەبەر.

خ- **گەشتەكانی:** لە شار و گوندێكەوە دەچووە شار و گوندێكی تر، دیداری ئەنجام دەدا لەگەڵ زانا و خانەدان و خەڵكی سادە و كاربەدەستان و كارگێڕان، وەك گەشتەكەی بۆ ئەستانە (ئیستەمبۆڵ)، و دیداری لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سوڵتان ڕەشاد، وەزیرەكان، و موستەفا كەمال، گەشتەكەی بۆ

---

(1) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(2) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

تەڕابلوسی خۆرئاوا و بەنغازی، لەوێ پەیوەندیکرد بە شێخ سەنووسیەوە، شارەزایی پەیداکرد لە بزوتنەوەی سەنووسی و گۆشەنیگاکانی، پێی کاریگەربوو، ئەمەش وایکرد — دوای ئەوەی گەڕایەوە شاری وان — کۆمەڵێکی تێکۆشەر پێکبهێنێ لە قوتابیان و هەندێك لە خۆبەخشەکان، بەهۆی ئەوانەوە دژی لەشکری ڕووسی جەنگا، ئەو لەشکرەی هاتە ناو شاری بەدلیسەوە، جا بەهۆی ئەوەی نوورسی دووچاری برینێکی سەخت بوو بەدیلگیرا[1].

گەشتەکەی بۆ شاری وان و دیداری لەگەڵ زاناکانی، پێشکەشکردنی وتارە شامییە ڕەوانەکەی، لە مزگەوتی ئەمەوی لە ساڵی ١٩١١ز، لەو وتارەیدا دەردەکانی ئومەتی ئیسلامی دەستنیشانکرد و چارەسەریشی بۆ دیاریکرد[2].

د- **بەڵام کارتێکەری هەرە مەزن لە هزر و ڕۆح و دەروونی ئەودا، قورئانی مەزن بووە،** قورئان مامۆستا و ڕێبەر و ڕێنیشاندەری ئەوبووە بەرەو ڕێگەی ڕاست، یەکخستنی ڕووگە (قیبلە) لە قورئاندا نەوەك لە شتی تردا.. مامۆستا نوورسی دەڵێت:

---

(١) ژیاننامەکەی: ١٠٢.

(٢) ساڵحی: ٣٦.

((سەرەتای ئەم هەموو ڕێگایانە، سەرچاوەی ئەم هەموو جۆگەلانە، خۆری ئەم هەموو هەسارە گەڕۆکانە.. قورئانی پیرۆزە، یەکخستنی ڕووگە "قیبلە" تەنها لە قورئانی پیرۆزدا دەبێ.. قورئان گەورەترین ڕێبەرە، پیرۆزترین مامۆستایە بەڕەهایی.. لەوڕۆژەوە ڕووم کردۆتە قورئان، دەستم پێوەگرتووە، لێم هەڵهێنجاوە و وەرمگرتووە، وشە و ڕووناکییە وەرگیراوەکان لە قورئانی پیرۆز "واتە: پەیامەکانی نوور" تەنها باس و بابەتێکی زانستی نین، بەڵکو پرسی پەیوەستن بە دڵ و ڕۆح و بارودۆخی ئیمانی، ئەمانە هاوشێوەی زانستی دەگمەن و کەرستەی بەرزی خوایین))[1].

ئەم کارتێکەرە کۆمەڵایەتی و کەلتووریانە، کە کاریان کرد لەسەر پێکهاتنی کەسایەتییە هزریەکەی، ئەویان کردە زانای چەرخەکەی، ئەویان بەرهەڤکرد و گەیاندیانە ئاستی شایستەیی بۆ هاتنە نێو ژیانی هزری و بیروباوەڕی و سیاسیەوە.

ناکرێ هەوڵە تاکەکەسییەکەی فەرامۆش بکەین، لە پێکهێنانی ئەم کەسایەتییە داهێنەر و بەدیعە، کە وایکرد بڕوانامەی زانستی بەدەستبهێنێ لەسەر دەستی شێخ محەمەد جەلالی، لەکاتێکدا تەمەنی چواردە ساڵان بوو، ئەمەش دوای ئەوەی مەلەی کرد لە قوڵایی زانستە عەقڵی و نەقڵییەکان،

---

() مەکتوبات: ٤٥٩.

هەشتا كتێبی لەو كتێبانە ئەزبەركرد، كە كتێبی سەرچاوەن لە زانستە عەرەبی و ئیسلامییەكان.. ئەمە ئەو پێكهاتنەیە كە ئەوی شایستەكرد بۆ ڕۆیشتنە نێو گشت بوارەكانی ژیانی هزری و بیروباوەڕی، ڕا و بۆچوونی شەڕعی ڕوونكردۆتەوە لە زۆرێك لە پرسە وردەكاندا، وەك قەزا و قەدەر، حیكمەت لە بەدیهێنانی مرۆڤ، جیهان، ڕۆح، تێكچوونی جیهان، پرسەكانی پەیوەست بە مەسیحی دەجال، هاتنەخوارەوەی سەروەرمان عیسا (سڵاوی خوای لێبێ)، دەركەوتنی مەهدی، كەسایەتی خدر، چەندین پرسی تر لەبارەی فریشتە و جنۆكە و نیشانەكانی هاتنی دواڕۆژ، پاداشتی كردەوەكان، جگە لەمانەش لە پرسەكانی پەیوەست بە جیهانی نەبینراو، كە هەموویان لە كۆپەیامی (تەلاسم)ـدا دەخوێنیەوە[1]، نووسینەكانی تری نوورسیش، كە ئەوە دووپاتدەكەنەوە كە زانایەكە گومانی تێدا نییە، دەریای زانستێكی بێ كەنارە.

* * *

---

() سالحی: ١٩١.

## پەیڕەوەکەی لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕاجیاییە هزرییەکاندا

خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ، إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ هود: ١١٨ – ١١٩. واتە: (خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە، ئەوا هەموو خەڵکی دەکرد بە یەك کۆمەڵ و لەسەر یەك ئایین کۆی دەکردنەوە، ئەویش ئاینی ئیسلامە، بەڵام خوای پاك و بێگەرد ئەمەی نەویست، بۆیە هەردەم خەڵك لە ئاینەکانیاندا جیاوازن، ئەمەش بە گوێرەی دانایی و حیکمەتی ئەو. مەگەر ئەوەی خوای پەروەردگارت بەزەیی پێیاندا هاتبێتەوە، بەمەش باوەڕیان هێنا بێ و شوێن پێغەمبەرانی کەوتبن، ئەوانە ڕاجیا نین لە یەکخواپەرستیدا، کە پێغەمبەران لەلایەن خواوە هێناویانە، دانایی خوای پاك و بەرز وای خواستووە و ئەوانی بە جیاواز دروستکردووە).

ڕاجیایی دیاردەیەکی سروشتییە، بەهۆی جیاوازی عەقڵ و تێگەیشتن و تێڕوانین و هزرەکان، ((هەموو ئەو شتانە سەردەکێشن بۆ فرەیی

بۆچوونی و حوکمەکان، بەگوێرەی بێژەر و بکەرەکەی جیاوازی هەیە))[1]، تەنانەت ڕای زانایان لەبارەی ڕاجیایی جیاوازە، هەیانە هەرچی ڕاجیایی بە خراپی داناوە، وەك ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازیبێ)، هەیانە وتویەتی: ((ڕەحمەت وا دەخوازێ ڕاجیایی نەبێ))، وەك سوبکی کە مۆڵەتیداوە بە ڕاجیایی لە بابەتە لاوەکییەکاندا (واتە: فیقه[2])، ئەگەرچی یەکدەنگی و کۆدەنگی ئەگەر هەبێ چاکترە، سەبارەت بە ئیبن حەزم (ڕەحمەتی خوای لێبێ) ئەوا سەرزەنشتی ڕاجیایی کردووە، هیچ ڕەحمەتێکی لە ڕاجیاییدا نەبینیوە، بەڵکو هەرچی ڕاجیاییە بە سزای داناوە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕاجیایی لەسەردەمی هاوەڵانەوە – خوا لێیان ڕازیبێ – دەرکەوتووە و تا ئێستاش بەردەوام بووە، بەڵام زانایان چەند مەرج و ڕێکخەرێکیان بۆ داناوە، کە هەڵیانهێنجاوە لە قورئانی پیرۆز و سونەتی بەپێزی پێغەمبەر و داد و ویژدان و کۆشش بۆ گەیشتن بە مەبەست و داڕنین لە ئارەزوو، جگە لەمانەش لەو مەرج و ڕێکخەرانەی کە پارێزگاری لە گیانی برایەتی و پابەندبوون بە پارێزکاری دەکەن، قەبارەی زیانەکان کەم دەکەنەوە. خوای پاك و بێگەرد فێرمان دەکات چۆن هەڵسوکەوت بکەین لەگەڵ ئەو خەڵکانەی ڕاجیایی هزریمان لەگەڵیاندا هەیە، جا دەڵێت:

---

(1) د. تاها عەلوانی – ئەدەبی ڕاجیایی لە ئیسلامدا: ٣٠ – ٣١.

(2) وەرگێڕ.

﴿وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ النحل: ١٢٥. واتە: **(گفتوگۆ و مشتومڕ بە جوانترین شێوە لەگەڵیان ئەنجام بدە).**

﴿وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾ البقرة: ٨٣. واتە: **(بە قسەی چاك و بەجێ بەرامبەر خەڵك گفتوگۆ بكەن).**

و خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿قُلْ لِلَّذِينَ آمَنُوا يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ اللَّهِ﴾ الجاثية: ١٤. واتە: **(ئەی پێغەمبەر "درود و سڵاوی خوای لێبێ" بە ئیمانداران بڵێ: چاوپۆشی بكەن لەوانەی بەتەما نین وحەز ناكەن لە ڕۆژێك كە تایبەتی خوایە بۆ لێپرسینەوە).**

نوورسی كەسێكی قورئانییە، پەیڕەو و ڕێبازی ئەو – لە گشت بارودۆخێكدا – بریتییە لەو ڕێبازەی قورئان باسی كردووە، هەر بۆیە دەبینین زۆر بەشێوەیەكی بابەتیانە، مامەڵە لەگەڵ دژەڕاكانی دەكات، لە شتێكدا كە خەڵك ڕاجیاییان هەیە هەرگیز دەمارگیری بۆ بۆچوونی كۆمەڵێك نییە دژ بەوانیتر، وەك هەڵوێستی بەرامبەر وەلیەكان و خاوەن كەڕامەتەكان، و ئەو كەسانەی قسەیان لەبارەوە كراوە، وەك شێخ محیەدینی ئیبن عەرەبی و جگە لەویش، و سۆفییە حاڵگرەكان.. زۆر بە نەرمونیانی مشتومڕی لەگەڵیاندا دەكرد، دواتر – زۆربەی جاران – بەچاكترین شێوە گفتوگۆی لەگەڵیاندا دەكرد، مەگەر دەرچوون یان

لادانێکی لە ئاینی خوادا بەدیکردبیٚ، ئەوا ئەو کاتە بە توونڕی ڕووبەڕوویان دەبووەوە.

مامۆستا نوورسی لەبارەی بابەتە ڕاجیاییەکان لەو پرسانەی کۆششیان تێدا دەکریٚ و دەقی ڕاشکاویان لەسەر نییە، وتویەتی:

((نەوەد لە سەدی حوکمەکانی شەریعەت سەلمێنراو و بڕاوەن و پێویستی ئاینین، وەك ستوونی ئەڵماسی وان.

سەبارەت بە ئەو پرسانەی کۆششیان تێدا دەکریٚ، پرسی لاوەکی و ڕاجیایین، ناگەنە ڕێژەی لە سەدا دە، جا بۆیە ناکریٚ نەوەد ستوونی ئەڵماسی لەژێر سایە و پارێزبەندی دە ستوونی ئاڵتوونی دابن یان پاشکۆیان بن.

کانگای ستوونە ئەڵماسی و ئاڵتوونیەکان: قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێزن، موڵکی ئەم دوو سەرچاوانەن، لە جگە لەوانەوە داواناکریٚ.

سەبارەت بە کتێب و کۆششەکانی تر، ئەوا دەبیٚ ئاوێنەی ڕەنگ دەرەوەی قورئان بن، یان تەنها دیمەنی قورئان بن، چونکە ئەم خۆرە ڕۆشن و موعجیزەیە، ڕازی نابیٚ بەوەی سایە و سێبەر یان بریکارێکی هەبیٚ))[1]، کەواتە پاڵنەرەکانی کۆدەنگی نۆ ئەوەندەی پاڵنەرەکانی

---

() وەرگێڕ.

ڕاجیایین، ئەمانەش شایەنی ئەوەن موسڵمانان کۆ بکەنەوە نەوەك پەرتیان بکەن، تەنانەت ناشبێ پەرتیان بکەن.

دەتوانین ڕێبازی نوورسی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە، کە بەدرێژایی ژیانی بەرامبەر دژەڕاکانی پێیەوە پابەندبووە:

١- ناوی ئەو کەس و دەستانە نادات کە ڕەخنەی لێدەگرت، یان بەرپەرچی دەدایەوە لەسەر ئەو گومانانەی لەبارەی ئیسلامەوە دەیوروژاند.

٢- گومانەکەی شرۆڤە نەدەکرد، ئەو پرسەی بەرپەرچی دەدایەوە وردی نەدەکردەوە، تا عەقڵ و هۆشەکان ئاڵۆز و دڵەکان شێلو نەکات، بەڵکو تەنها وەڵامی دەدایەوە و بە بەڵگە وەڵامی دەدایەوە.

٣- شێوازی هەڵاواردن (استثناء)ـی لە وەڵامدانەوەدا بەکاردەهێنا، بۆ نموونە کاتێك هێرشی دەکردەسەر مامۆستای ئەوڕوپا و شارستانیەتەکەی، ئەوا بە گشتی هێرشی نەکردەسەر، بەڵکو ئەوەی سوودبەخش و چاکە جیای دەکردەوە، بە سەختیش هێرشی دەکردە سەر بەشە خراپ و گەندەڵەکەی، هەمان شێواز لە هەڵوێستی لەبارەی نەتەوایەتی دەنواند، کاتێك هێرشی

دەکردەسەر بەشی نەرێنی نەتەوایەتی، لایەنە ئەرێنیەکەی جیاکردۆتەوە لە خراپەکەی.

٤- زۆر وشیاربووە لەوەی نووسیویەتی و لە بەرپەرچدانەوەکانیشدا بەهەمان جۆر وریابووە، تا خۆی و پەیام و قوتابیەکانی نەبنە نێچیرێك کە بە ئاسانی بکەونە نێو ئەوانەی لە بۆسەدان بۆ ئەو و بانگەوازەکەی.

٥- نەرمونیان بوو لەگەڵ زانایان و شێخە سۆفییەکان، توندبووە لەگەڵ مولحیدە عەلمانی و نەتەوەپەرست و بەلشەڤ و بانگخوازانی بەخۆرئاواییکردن.

٦- چەند بنەما و بنچینەیەکی بۆ توێژینەوەی زانستی داناوە، لە توێژینەوە و بەرپەرچدانەوەکانی پێیانەوە پابەندبووە، بانگی ئەوانی تریشی کردووە تا پێیەوە پابەندبن، تا زۆربوونی ڕاجیایی کەم بکاتەوە، ئەویش ئەم بنەمایانەی خوارەوە بوون:

أ- توێژەر پێویستە بچێتە نێو قوڵایی بابەتەکە.

ب- خۆی لە کارتێکەرە کاتییەکان دابماڵێت.

ت- پێویستە بچێتە نێو قوڵایی ڕابردوو، بۆ دەستخستنی ئەزموونی ئەوانی تر.

پ-شتەکان بە پێوەری پوختی ژیربێژی (لۆژیك) بپێوێت، بێ ئەوەی هەستەکان هیچ کاریگەریەك دابنێن.

ج- لە توێژینەوەکەیدا بە دوای سەرچاوە و ژێدەری هەموو شتێکدا بگەڕێت.

**لە خوارەوەدا هەندێك لەو بابەتانە خراونەتەڕوو كە ڕاجیاییان لەبارەوە هەیە، نوورسی بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەوانیتردا ڕاجیابووە لەم بابەتانەدا:**

**١- تەسەوف (سۆفیگەری):**

پێشەوا نوورسی دونیابەكەمزانترین كەسی سەردەمی خۆی بووە، تەنانەت ئەوانەی وەك ئەو دونیابەكەمزان بوون، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن ((بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سۆفی نەبوو، هەرگیز خاوەنی تەریقەت نەبووە، بۆیە پەیامەكانی نوور، پەیامی سۆفیگەری نین، قوتابیەكانیشی سۆفی نەبوون. چونكە مامۆستا نوورسی هەمیشە دەیوت: ئەم سەردەمە سەردەمی سۆفیگەری و تەریقەت نییە، بەڵكو سەردەمی ڕزگاركردنی ئیمانە...))[1]، هەروەها دەڵێت:

((من پێم وایە ئەگەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی و نەقشەبەندی و ئیمامی ڕەبانی، هاوشێوەی ئەوان لە پێشەوایان باوەڕ و ئیمان – خوا لە هەموویان ڕازیبێ –... ئەگەر ئەوان لەم سەردەمەماندا بووبان، ئەوا هەرچیەكیان لە توانادا بووبا ئەوا خەرجیان دەكرد بۆ بەهێزكردنی

---

(١) ساڵحی: ٢٠٢.

حەقیقەتەکانی ئیمان و بیروباوەڕی ئیسلام، چونکە بنەمای بەختەوەری هەمیشەیی لەمانەدایە، هەر کەمتەرخەمییەك لەمانەدا، واتە بەدئاکامی و بەدبەختی هەمیشەیی))[١].

ئەمە لەبەرچی؟ چونکە ((قبوڵکردنی وتەی کەسە مەزنەکان، مانای بڕاوە و سەلمێنراو بەدەستەوە نادات — لە زانستی ژیربێژیدا — بەبێ بەڵگە، تەنانەت لەوانەیە بابەتێك قبوڵ بکرێ لەلایەن مرۆڤەوە بە گومانی زاڵ و زۆر، بەڵام سەبارەت بەگومانی ڕاستەقینە — وەك چۆن لە زانستی ژیربێژیدا هاتووە — ئەوا ناڕوانێتە پێگەی کەسی وتەبێژ، بەڵکو سەیری ئەو بەڵگەیە دەکرێ کە بەلاواز دانانرێ.

هەموو پەیامەکانی نوور دەچنە ئەم چوارچێوەیە، واتە نێو بەڵگەی دڵنیاکەرەوە. ئەوەی وەلییە سۆفیەکان دەیبینن لەو ڕاستیانەی لە کردەوە و خواپەرستی و هەڵسوکەوت و مەشقی ڕۆحی، و ئەو ڕاستیانەی ئیمانیش کە لەودیوی پەردەی مادەوە دەیبینن، ئەوا لەمەدا پەیامەکانی نوور وەك ئەوانە، بەڵام لەلایەنی زانستیەوە کە بە زانست ڕێگەی بەرەو ڕاستی و حەقیقەت گرتووە، و لەلایەنی بەرەوخواچوون و زیکرەکانەوە ڕێگەیەکی کردۆتەوە بۆ حەقیقەتی مەزن، لە میانەی بەڵگەی ژیرانە و عەقڵی، بۆیە

---

() مەکتوبات: ٢٠.

سەرکەوتم بەسەر گومڕاییەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ، بەسەریدا زاڵبووم، لەکاتێکدا ڕەوتی (حەقیقەت) و (تەریقەت) لەبەرامبەردا بەرەوپاشچوو))[1].

بەراورد نێوان پەیڕەوی قوتابخانەی نوور و ڕێبازی سۆفیگەری دەکات، هەڵسەنگاندن و ڕوونکردنەوەی بۆ دەکات، بەشێوەیەکی ئارام و ژیرانە و ژیربێژانە، بەڵام لە شوێنێکی تردا توڕە دەبێ لە بیدعەکاران و لەڕیزی ئەوانەی داناون کە کار بۆ ڕووخاندنی قەڵای ئەم ئاینە دەکەن، ببینە چۆن نوورسی هاواریان بەسەردا دەکات و پێیان دەڵێت:

((ئەی زانا خراپ و پەستەکان، ئەوانەی ناوی "ڕاستگۆی گەوج"ـیان بەسەردا دەچەسپێ.

ئەی سۆفیە نەزان و حاڵگر و لەهۆشکەوتووەکان:

بێگومان درەختی بەختەوەری ئیسلام دەمارەکانی لە قوڵایی و حەقیقەتی گەردووندا ڕووچووە، ڕیشەکانی پەلیانهاوێشتووە لە دوو توێی تێکڕای گەردووندا، ئەم درەختە مەزنە ناکرێ بڕوێنرێ لە نێو گڵی دەمارگیری خەیاڵاوی کاتی و لاوەکی، کە تایبەتمەندی نەرێنی هەیە، تەنانەت هیچ بنچینە و بناغەیەکی بۆ نییە، بارگاوی کراوە بە مەبەستی

---

[1] سالحی: ٢٠٤، لە پاشکۆی ئەمیرداغ: ١/ ٩٠ وەگیراوە.

ستەمکار و ناڕەوا، بێگومان هەوڵدان بۆ چاندنی درەختی ئیسلام لەم گلّە ناوبراوەدا هەولّێکی بیدعەکارانەی تێکدەرانە و سەرەڕۆیانەیە))[1].

مافی نوورسی بوو بەم شێوەزارە بیاندوێنێ، تا بگەڕێنەوە سەر ئەو هۆشەی خۆیان کە لەدەستیاندابوو، بەهۆی چوونیان بۆ پالّ کاروانی نەژادپەرستە لاڕێیەکان، بەپاساوی ئەوەی ئەوان ئایین لە کێڵگەی نەتەوایەتیدا دەچێنن، لەکاتێکدا لەم کارەیاندا درۆ دەکەن، خزاونەتە نێو گومڕایی نەژادپەرستە عەلمانیە دژە دینەکان. ئەوەی جێکای سەرنجە ئەوەیە، نوورسی هەرگیز ناوی زانایەکی گومڕا یان شێخە لاڕێکانی بەدیاریکراوی باسنەکردووە.

## ٢- بابەتی کۆششکردن (الاجتهاد):

بابەتی کۆششکردن (الاجتهاد) گەنگەشەی زۆری لەسەر هەبووە — تا ئێستاش بەردەوامە —، سەبارەت داخرانی دەرگای ئیجتهاد، هەر لەوەی ڕەتی دەکردەوە ئەم دەرگایە بکرێتەوە لە ژێر هەر پاساوێك، تا دەگاتە ئەوانەی بانگەوازیان دەکرد بۆ کردنەوەی ئەم دەرگایە، بە پاساوی ئەوەی ئەوانەی ئیجتهادیان کردووە جوامێربوونە، و (ئێمەش) جوامێرین، پێشەواکان: ئەبو حەنیفە، مالیك، شافیعی، ئەحمەد، ئەوزاعی، سەوری،

---

() مەکتوبات: ٥٦٥ – ٥٦٦.

ئیبن عویەینە، جگە لەوانەش لە پێشەوا کۆششکارەکان (ئەوان جوامێربوونە)، ئەوانەش کە داوا دەکەن دەرگای ئیجتهاد بخرێتەسەر پشت (ئەوانیش جوامێرن)، ئەگەرچی زۆرێیان ناتوانن دەستەواژەیەك هەڵبسەنگێنن.. مامۆستا نوورسی دۆڵچەی خۆی لە بیری ئەم باسە گرنگە هەڵهێنجاوە، بە ژیرانە و تێگەیشتن لە واقیعی ژیان تاوتوێی کردووە، بێ ئەوەی باسی ڕای ئەوانیتر بکات، یان دیدگای ئەوان شرۆڤە بکات:

((دەرگای ئیجتهاد کراوەیە، بەڵام لەم سەردەمەدا شەش کۆسپ هەن، کە ڕێگرن لە چوونە ناوەوەی، ئەوانیش ئەمانەن:

١- تا ڕێگە خۆشنەکەین بۆ پشێویکار و تێکدەران بەناوی ئیجتهادەوە، بەتایبەت لە سەردەمی خراپەکاری و هێرشی نەریتە بیانیەکان و زاڵبوونیان، و لە کاتی زۆربوونی بیدعە و گومڕایی و کاولکاریەکانیان.

٢- لایەنە تیۆرییەکانی ئیسلام دەوڵەمەندن بە هزر و بیرۆکەکانی پێشینە چاکەکان، بۆیە ئەم لایەنە تیۆریانە زۆر فراوان بوون، ئەمەش بەهۆی کۆشش و ئیجتهادە پوختەکانیان، تا وایلێهاتووە هەموو سەردەمەکانی لەباوەشگرتووە. جا بۆیە پشتکردن لەم هەموو کەلەپورە و ڕووکردنە ئیجتهادی تازە، بریتییە لە شوێنکەوتنی ئارەزوو و ناپاکیەکی داهێنراو.

٣- زانای ژێر لەم سەردەمی ئێستادا: هزر و بیری نقومبووە لە زەلکاوی فەلسەفەی مادەگەراییدا، عەقڵی لە گێژەلوکەی ڕووداوە سیاسییەکاندایە، وایلێهاتووە زانا دڵی ڕاوەستاوە لەخزمەت پێداویستییەکانی ژیان و گوزەران، لە ئامادەگییەکانی کۆششکردن و ئیجتهاد دوورکەوتووەتەوە... بەمەش دوورکەوتووەتەوە لە توانای ئیجتهادکردنی شەڕعیانە، ئەمەش بە ئەندازەی شارەزابوونی لە زانستە زەمینیە هەنووکەییەکان، ئەمەش وای لێکردووە نەگاتە پلەی ئیجتهاد، دووربێ لە پلەی ئیجتهاد بە ئەندازەی قوڵبوونەوەی لە زانستە زەمینیەکان.

٤- ویست و هەوڵی ئەوانەی دونیایان هەڵبژاردووە بۆ گەیشتن بە ئیجتهاد، لەکاتێکدا خۆیان پیس و پۆخڵکردووە بە فەلسەفەی مادەگەرایی: کە ئامرازێکە بۆ تێکدانی بوونی موسڵمانان و ئیسلام.

٥- لێرەدا سێ خاڵ هەن پێویستیان بە ڕامان و سەرنجدانە، وا دەکات ئیجتهادەکانی ئەم سەردەمە زەمینی بن، ڕۆحە ئاسمانیەکانیان لەدەستدابێ، لەکاتێکدا شەریعەت ئاسمانیە، بۆیە ئیجتهادەکانیش دەبێ ئاسمانی بن، بۆ دەرخستنی حوکمە شاراوەکانی شەریعەت:

یەکەم: (هۆی) هەر حوکمێك جیاوازە لەگەڵ (حیکمەت)ـەکەی، حیکمەت و بەرژەوەندی هۆکاری پەسەندبوونە، نەوەك بناغەی بوونی حوکم، لەکاتێکدا (هۆ) سەرچاوە و بوونی حوکمە.

نوورسی لەمەدا نموونەی بە (کورتکردنەوەی نوێژ لە گەشت و سەفەردا) هێناوەتەوە.

((لە گەشت و سەفەردا نوێژ کورت دەکرێتەوە، دوو ڕکائەتەی لێدەکرێ، هۆی ئەم مۆڵەت و ڕێپێدرانە شەرعییە: گەشت و سەفەرە. بەڵام حیکمەتەکەی: سەختی و ناڕەحەتییە، جا ئەگەر گەشت و سەفەرەکە ئەنجامدرا، و سەختی و ناڕەحەتیش نەبوو، ئەوا نوێژ هەر کورت دەکرێتەوە، چونکە هۆیەکە بوونی هەیە، کە گەشت و سەفەرە، لەکاتێکدا ئەگەر گەشت و سەفەر ئەنجام نەدرا و چەند بەرامبەر سەختی و ناڕەحەتی هەبوون، ئەوا هەرگیز ئەم سەختی و ناڕەحەتیانە نابنە هۆی کورتکردنەوەی نوێژ.

بەپێچەوانەی ئەم ڕاستییە، دیدی ئیجتهاد لەم سەردەمەدا ئاڕاستەیگرتووە بەرەو دامەزراندنی بەرژەوەندی و حیکمەت، لە جیاتی (هۆ)، جا لە ژێر سێبەری بەرژەوەندی و حیکمەت حوکمی ئیجتهاد دەردەچێ. گومان لەوەدا نییە کە ئیجتهادێکی لەم جۆرە زەمینیە نەوەك ئاسمانی.

دووەم: ڕووانگەی ئەم سەردەمە بە پلەی یەکەم ڕووی لە دابینکردنی بەختەوەری دونیاییە، ویستی ئەوەش هەیە حوکمەکان بە هەمان ڕەوت ئاڕاستە بکرێن، لە دۆخێکدا مەبەستی شەریعەت بە پلەی یەکەم ڕووی لە بەختەوەری دوارۆژە، سەیری بەختەوەری دونیا دەکات بە پلە دوو.

سێیەم: ئەو یاسا و بنەما شەرعیە: (ئەو پێویستییانەی ڕەوایی بە شتە قەدەغەکراوەکان دەدەن: الضرورات تبيح المحظورات) بنەما و یاسایەکی گشتی و هەمەکی نییە، چونکە ئەگەر پێویستییەکە لە ڕێگەی قەدەغە و حەڕامیشەوە دروستبووبێ، ئەوا هەرگیز نابێتە ڕەواییدەر بە حەڕام.

جا لەبەر ئەوەی کۆششکاران (موجتەهید)ـەکانی ئەم سەردەمە، ئەم پێویستیانەیان کردۆتە بناغەی حوکمە شەرعییەکان، ئەوا دەبینین ئیجتهادیان بووەتە ئیجتهادێکی زەمینی، و شوێن ئارەزوو کەوتووە، تێکەڵە بە فەلسەفەی مادەگەرایی، کەواتە ئیجتهادەکەیان ئاسمانی نییە، هەرگیز دروستیش نییە بە ئیجتهادی شەرعی ناویان بنرێ.

٦- نزیکی سەردەمی کۆششکارە پێشینەکان لە سەردەمی حەقیقەت و نوور، ئەمەش ئەوەیان بۆ ئاسانتر دەکات کە نووری پاك و پوخت لە نزیکترین سەرچاوەیەوە وەربگرن، بۆیە ئیجتهادی پاکیان ئەنجامدا، لەکاتێکدا کۆششکار (موجتەهید)ـەکانی

سەردەمی نوێ لە دووریەکی زۆر دوورەوە دەڕواننە کتێبی حەقیقەت، ئەمەش ئەوەی سەخت کردووە بۆ ئەوان ڕوونترین پیتی تێدا ببینن.

بەکورتی و پوختی: ((سەبارەت بە بابەتە لاوەکییەکان کە دەقیان لەسەر نەهاتووە، کە گۆڕان دەخوازێ بەپێی بارودۆخەکان، ئەوا ئیجتهادی شەرعزانانی مەزهەب دەستەبەری چارەسەرکردنی گۆڕانەکە دەکات)).

((مەزهەبەکان زۆر و جۆراوجۆرن، بەهۆی دەستەوەسانی مرۆڤایەتی لە گەیشتن بە یەك ئاست لە ژیانی کۆمەڵایەتیەکەیدا))[1].

دواتر لەکۆتاییدا دەڵێت: ((هەر یەکێك شایستەیی و ئامادەیی ئیجتهادی هەبێ، مەرجەکانی تێدابن، ئەوا بۆی هەیە ئیجتهاد بۆ خۆی بکات، لەو بابەتانەی دەقیان لەسەر نەهاتووە، بێ ئەوەی کەسانی تر پێوە پابەند بکات، چونکە ناتوانێ حوکم هەڵبهێنجێ و بانگی ئومەتیش بکات بۆ تێگەیشتنەکانی، چونکە تێگەیشتنی ئەو لە ڕیزی تێگەیشتن لە شەریعەت هەژمار دەکرێ، بەڵام خودی شەریعەت نییە.

لەبەر ئەوە.. لەوانەیە مرۆڤ کۆششکار (موجتەهید) بێ، بەڵام نابێتە حوکم و ڕێسادانەر. بۆیە بانگەوازکردن بۆ هەر بیرۆکەیەك، مەرجدارە بەوەی زۆربەی زانایان قبوڵی بکەن، ئەگەرنا بیدعەیەکی ڕەتکراوەیە، تەنها

---

[1] وتەکان: ٥٦٢ – ٥٦٩ بەکورتی.

بۆ موجتەهیدەکەیە پەیڕەوی بکات و بۆ کەسانیتر نییە، چونکە کۆدەنگی و ڕای زۆربەی شەرعزانان ئەو شتەن کە ئەو حوکمە یەکلادەکەنەوە کە شەریعەت پەسەندی کردووە))[١].

نوورسی تاوتوێی ئەم بابەت و پرسە دەکات، بەشێوەیەکی زانستی و هێمنانە، لە گۆشەنیگای واقیعی بارودۆخی زانایانی موسڵمان لەسەردەمی خۆیدا، بەجۆرێك سنووری هیچ یەکێك بەرتەنگ ناکاتەوە، دەرگایەك داناخات کە پێویست بێ بکرێتەوە، دەروازەیەك ناکاتەوە کە پێویست بێ دابخرێ.. لە هەموو لایەکیەوە لە بابەتەکەی کۆڵیوەتەوە، ڕۆیشتووەتە بنج و بنەوانی، ئەمەش بەپێی بنەما و ڕێساکانی توێژینەوەی زانستی کە بە ڕای خۆی بۆی چووە، بێ ئەوەی بە تێروتەسەلی باسی ڕاوبۆچوونی ئەوانە بکات کە داوا دەکەن دەرگای ئیجتهاد بەبێ کۆت و بەند و مەرج بکرێتەوە... بەڕاستی نوورسی زانایەکی خواناس بوو، بە تەواوی ئاشنای ڕۆژگاری بوو و ڕێباز و ڕێگاکەی ڕاست و دروسبوو.

## ٣- زانایان و ئامۆژگاریکاران:

مامۆستا نوورسی بێ ئاگانەبوو لە واقیعی زانایان و ئامۆژگاریکاران، ئەوانەی خۆیان یەکلاکردبووەوە بۆ فێرکردن و ڕێنیشاندان و

---

() وتەکان: ٨٤٨.

ئامۆژگاریکردنی خەڵك، ناوبراو واقیعی ئەوانی شرۆڤەکرد و دەردەکانیان دەستنیشان کرد، چارەسەری گونجاوی بۆیان باسکرد، تا ئەرکیان بە چاکترین جۆر بەجێبگەیەنن، بەبێ ئەوەی ناوی هیچ یەکێکیان بدات، یان بریندارکردنی دەستەیەکی زانستی دیاریکراو، جا بۆیە وتویەتی:

((گوێچکەم ڕاگرت بۆ وتەی ئامۆژگاریکاران، کەچی ئامۆژگاری و پەندەکانیان کاریان تێنەکردم، بۆیە لە هۆکارەکەی وردبوومەوە، بۆ ئەمە سێ هۆکار هەبوون، سەرباری ڕقی دڵەکەم:

یەکەم: ئەوان جیاوازی نێوان ئێستا و ڕابردوویان لەبیرکردووە، زۆر زیادەڕەوی دەکەن لە وێناکردنی بانگەشەکەیان، هەوڵی ڕازاندنەوەی دەدەن، بێ ئەوەی بەڵگەی تەواو و پێویست بهێننەوە بۆ کارتێکردن و قەناعەت دروستکردن بۆ توێژەر و گوێگر لەبارەی حەقیقەتەوە. سەردەمی ئێستا زۆرتر پێویستی بە بەڵگە هێنانەوەیە.

دووەم: ئەوان لەکاتی هاندانیان لەبارەی پرسێکەوە، یان ترساندن و ئاگادارکردنەوەی خەڵك لەبارەی دوورکەوتنەوە لە بابەتێك، ئەوا لە بایەخی شتی گرنگتر لەو بابەتە کەم دەکەنەوە، – بەمەش – هاوسەنگی ورد و تەواو کە لە شەریعەتدا لەدەستدەدەن، (واتە: هاوسەنگی نێوان گرنگ و گرنگتر لەدەستدەدەن).

سێیەم: گونجانی وتە لەگەڵ داخوازی بارودۆخ، بەرزترین جۆری ڕەوانبێژیە، دەبێ وتە گونجاوبێ لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم. بەڵام ئەوان قسە ناکەن بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ دیاریکردنی هۆی ئەم سەردەمە، وەك ئەوەی ئەوان خەڵك ڕابکێشن بۆ سەردەمی ڕابردوو، بۆیە بە زمانی کۆن و ئەو سەردەم دەدوێن)).

دواتر نوورسی ئامۆژگاریان دەکات، ڕێنوێنیان دەکات بەرەو شێوازی هەرە نموونەیی، بۆیە دەڵێت:

((لەسەر ئامۆژگاریکار و ڕێنیشاندەرە ڕێزدارەکان پێویستە لێکۆڵەربن، تا توانای چەسپاندن و قەناعەت پێهێنانیان هەبێ، تا ببنە دانا و دادوەری وردکار، و هاوسەنگی شەریعەت لەدەست نەدەن و ڕەوانبێژ و قەناعەت پێکەربن، هەروەها تا وتەی ئەوان بگونجێ لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم، بۆیە پێویستە شتەکان بەپێوەری شەریعەت بپێون))[1].

قسەیەکی قەناعەت پێکەرە، تەنانەت ئەو زانایانەش پێی ڕازین کە ڕەخنەکەیان ئاڕاستەکراوە، بەوەی هەر یەکێك لەو ئامۆژگاریکارانە واگومان دەبەن کە ئەو ڕێنیشاندەری ئەوانیترن، دواتر ئەمە ڕەخنەیەکی بابەتیە و لەسەر وشیاری و توێژینەوە و شارەزایی لە واقیعی بارودۆخی سەردەم دامەزراوە.

---

(1) دادگای سەربازی عورفی: ٦٩.

دووباره پەیامەکانی نوور بانگەواز دەکات بۆ گونجان و ئاشتەوایی نێوان قوتابخانە جیاوازەکان:

**مامۆستا نوورسی دەڵێت:**

سەد جار وتومە، ئێستاش دەیڵێمەوە: دەبێ یەکێتی و گونجان هەبێ لە نێوان شوێنکەوتووانی قوتابخانە فیقهییەکان، قوتابخانەکانی فەرموودە، گۆشەنیگای سۆفییەکان، لەپێناو یەکبوونی ئامانج، ئەمەش بە ئاڵوگۆڕکردنی هزر، و خۆشەویستیان بۆ یەکتر دەبێ، –بەڵام بەداخەوە – ئێمە وایدەبینین جیاوازی هزر و بیرۆکەکانیان، لەگەڵ ئەوەی بووەتە پەرتەوازەیی ڕیزەکان، ئەوا پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونیش دەوەستێنێ[()].

ئا بەم شێوە ڕێبازە زانستیە ژیربێژانەکەی نوورسیمان بۆ دەرکەوت، کە دامەزراوە لەسەر توێژینەوەی واقیعی دژەڕاکانی لە هزر و بیردا، ئەو دژەڕایانەی کە لەسەر ئیسلام دەژمێردرێن، و لە چەند پرسێکی ئیسلامیدا دیدگایان جیاوازە، نوورسی پشتنابەستێت بە خستنەڕووی تێروتەسەلی ڕاوبۆچوون و تیۆرەکانی بەرامبەر، تەنها لەمیانەی تاوتوێکردن و پوچەڵکردنەوەی ئەوە نەبێ کە هەڵەیە، ئەمەش هەندێك جار بە

---

() دیدارەکان: ٨٢.

نەرمونیانی، و هەندێك جاریتریش بە توونـد و زبری، بەپێی ئەوەی بارودۆخ وادەیخوازێ.

## ٤- هەڵوێستی لەبارەی پێشنیازەکانی عەلمانیەت:

عەلمانیەت بەرهەمێکی خۆرئاوایە، لەوانەشە دەستکردی جولەکەبێ، لە سەرچاوەکەیەوە بۆمان ڕەوانەکراوە، ئەوانەی عەودالّی خۆرئاوابوون و بە عەقلّ و دلّ و هەست و سۆز و نەستیان ڕوویان لە ئەوڕوپابوو، عەلمانیەتیان هاوردەکرد، جا عەلمانیەتیان لەوێوە هێنا — سەرباری دەرد و ناخۆشییەکانی —، هەوڵیاندا لەسەر کۆمەڵگەی موسڵمانی تورکیا جێبەجێی بکەن، هەروەك چۆن مامۆستا عەلمانیەکانیان و ئارەزووی ئەوانیش وایانویست، بۆیە بەناوی عەلمانیەتەوە موسڵمانان چەوسێنرانەوە، ناچارکران بە جێبەجێکردنی بڕیاری ستەمکارانە و بێ باوەڕانە، و پیادەکردنی هەڵسوکەوتی تاوانکارانە، ستەمیان لێکرا و بەندکران و کوژران و خرانە بەندیخانەوە.

کۆمەڵەی (تورکیای فەتات) و خزمەتکارەکەی کە کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەڕەقی) بوو، لە پێشینەی ئەوانەوە بوون کە عەلمانیەتیان بە بنەماکرد لە وڵاتی موسڵمانان بەگشتی، لە تورکیاش بەتایبەتی، ئەندامەکانی کۆمەڵەی ناوبراو، کە فەرمان و ڕێنماییەکانیان لە ناوەندە ماسۆنیەکانەوە وەردەگرت

له (سلانیك)ـەوە و له دەرەوەی سنوورەکانیشەوە، ئەو ئەندامانە هەوڵیان دەدا ئایین له ژیان دابڕن و جیای بکەنەوە.. دین و دەوڵەت و کایەکانی دەوڵەتداری لەیەکتر جیا بکەنەوە، قۆناغ بە قۆناغ دین له پەروەردە و فێرکردن دابڕن، جا نوورسی ڕووبەڕوویان بووە، کە تەنها پشتی بە پاڵپشتی و پشتیوانی خواوە دەبەست، له زۆرێك له وتە و دادبینی و وتارەکانیدا ئەم هەڵەیەی ئەوانی ڕوون دەکردەوە، هەر کاتێکیش هەلی بۆ ڕەخسابووبا ئەوا ڕەخنەبارانی دەکرد، هەروەك له وتەیەکدا دەڵێت:

((هەڵەی کۆمەڵەی (تورکیای فەتات) هەڵقوڵاوە له شارەزانەبوونیان لەوەی ئایین بناغەی ژیانە، جا بەم هۆیەوە وا گومانیان برد ئومەت شتێکە، ئیسلام شتێکیتر، دوو شتی لەیەکتر جیاوازن، چونکە مەدەنیەتی هاوچەرخ ئەم پەیامەی دەگەیاند، دەستی بەسەر هزرەکاندا گرتبوو بەم بیرۆکانەی، بەم وتەیەی: بەختەوەری له خودی ژیاندایە، بەڵام سەردەم و کات ئێستا ئەوەی دەرخست کە سیستەمی مەدەنیەت خراپ و زیانبەخشە (واتە: مەدەنیەتی ستەمکار و خوانەناس، کە لەسەرمەرگدایە)، ئەزموونە سەلمێنراوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئایین ژیانی ئەم ژیانەیە، ڕووناکی و بنچینەکەیەتی... ژیاندنەوەی ئایین ژیاندنەوەی ئەم ئومەتەیە، ئیسلامیش درکی بەمەکرد...

سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئومەتەکەمان بەندە بە ئەندازەی دەستگرتنی بە ئاینەوە، پاشکەوتن و شکستخواردنیشی بەندە بە ئەندازەی فەرامۆشکردنی ئاینەکەی، بەپێچەوانەی ئاینەکانی تر.. ئەمە ڕاستییەکی مێژووییە کە لەبیرکراوە))[1].

تێبینی ئەوە دەکرێ مامۆستا نوورسی لێرەدا ناوی کۆمەڵەی (تورکیای فەتات) دەهێنێ، لەگەڵ ئەوەی – لە زۆربەی پەیامەکانیدا – خۆی بەدووردەگرێ لە باسکردنی ناوی دەستە و کەسەکان، بەڵام ئەوەی نووسین یان وتارەکانی نوورسی بخوێنێتەوە، دەتوانێ مەبەستی وتەکەی بزانێت... مامۆستا بەم شێوازە ژیرانەیە کە خۆی و قوتابیانی نوور پێیەوە پابەندبوون، توانی – بە بەخششی خوا – ڕزگاری ببێ لەو کاربەدەستانەی قەدەغەیان کردبوو خەڵك ڕەخنە لە عەلمانیەت بگرێت..

لە مانگی تشرینی یەکەم –ئۆکتۆبەر–ی ساڵی ١٩٢٦ پەرلەمانی تورکیا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر کۆمەڵێك یاسای پێچەوانەی ئیسلام، کە دژی ڕێنمایی و حوکمەکانی بوو، ئەوانیش ئەمانەبوون:

١– قەدەغەکردنی فرەژنی.

٢– ڕەتکردنەوەی مارەیی و نەسەپاندنی بەسەر مێردا.

٣– ڕەتکردنەوەی مافی مێردا لەوەی تەنها تەڵاق بەدەست ئەوبێ.

---

[1] () دیدارەکان: ٨٦١.

٤- ئازادی ئافرەتی تورکی موسڵمان، لە شووکردن بە پیاوی گاور یان جولەکە، بێ وابەستەبوون بە مەرجی موسڵمانبوون.

٥- یەکسانکردنی کوڕ و کچ لە میراتدا.

٦- ڕەتکردنەوەی میرات وەرگرتن بەبێ سنوور، میراتگرتن بە پەیوەندی خزمایەتی دوور.

٧- دانانی سنوورێك بۆ تەمەنی هاوسەگیری.

٨- ڕەتکردنەوەی سیستەمی جیاکردنەوەی ئافرەتان لە پیاوان لە ئاهەنگ و لە نێو شەمەندەفەر و کەشتی و شوێنی سینەمادا[1].

بەپێی ئەم بڕیارانە ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی کۆمار دەردەکەوێت بەوە عەلمانین، جا لە دوای ڕەتکردنەوەی دادگا شەرعییەکان و یاساکانی شەریعەتی ئیسلام، پەسەندکردنی کارکردن بە یاسای مەدەنی سویسری، پشێوی لە نێو کۆمەڵگەی تورکیدا بڵاوبووەوە، بەوەی بووە گۆڕەپانێکی کراوە لەبەردەم هێرشی هزری ئەوڕوپی، داب و نەریت ئەوڕوپیەکان لەو کۆمەڵگە شکستخواردووەدا بڵاوبوونەوە، بەمەش ئەم داب و نەریتە ناوبراوانە بوونە جێگرەوەی داب و نەریت و ڕەوشتی ئیسلامی، باسی هەندێکیان دەکەین:

---

() د. فرج محمد الوصيف – بديع الزمان سعيد النورسي: ٣٦، نقلا عن جهان أقطاش – اللبس والحكومة منذ التنظيمات إلى اليوم: ١٧٨.

- بڵاوبوونەوەی تاوانکاری و گوناهکاری بەشێوەیەکی فراوان، ڕۆژنامەوانی سیاسی و "وێژەیی" ئەدەبی ڕۆڵێکی مەزنیان هەبوو لە ڕەواج پێدانی.
- ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی جەژنە خۆرئاواییەکان، وەك ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵی زایینی و بۆنەکانی تریش.
- هاتنەناوەوەی داب و نەریتە خۆرئاواییەکان تایبەت بە ئاهەنگ و پرسە، وەك: مۆسیقا، سەما، مەییخواردنەوە، تێکەڵاوی ژن و پیاو، ڕووت و قوتی و بەڕەڵایی.
- بڵاوبوونەوەی شوێنەکانی فرۆشتنی مەیی و بانگەشەکردن بۆی.
- بڵاوبوونەوەی قومارخانە و بانگەشەکردن بۆی.
- بڵاوبوونەوەی بەنکەکانی سووکار (ڕیباکار) بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش، لە زۆرێك لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا.

چەند بڕیارێك دەرچوون بە لەسەرنانی کڵاو لە جیاتی مێزەر (جامانە، جەمەدانی)، و شاندنی کچان بۆ ئەوڕوپا بەبێ مەحرەم، بەناوی زانست و زانیاری، بڕیارێکیش دەرچوو بە دوورخستنەوەی کچە تازە پێگەیشتووەکان بۆ دەرەوەی سنووری تورکیا، تا ناچار بکرێن بە ئەنجامدانی کاری داوێنپیسی، هەروەها بڕیار دەرچوو بە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بە بەرپرس دانانی منداڵان لە خودی خۆیان لە تەمەنێکی

دیاریكراودا، ئەمەش بووە هۆی تێكچوونێكی مەزنی ڕەوشتی، هەروەك كاریكردە سەر ئازاردانی دایك و باوك، لە پاڵ ئەو بڕیارانەی ئافرەتان پابەند دەكەن بە خۆڕووتكردنەوە و تێكەڵبوون لەگەڵ پیاواندا، تەنها كار و ئیش بەوانە درا كە دژایەتی ئاینیان دەكرد، پیتە عەرەبییەكان ڕەتكرانەوە، بانگدان و قورئانی پیرۆز بە زمانی توركی كرا، جگە لەمانەش لەكارە دزێو و نابەجێییەكانی حكومەتی كەمالی... بەدیعوززەمان لە نێو ئەم هەموو بارودۆخە خەمباركەرانەدا لە توركیا دەژیا، دڵی ئەو لە خەم و خەفەتا دەهاتەوەیەك، ئەمەش پاڵنەرێكی بەهێزبوو لە بانگەوازەكەیدا))[1].

هەڵوێستە بوێرانە و زانستیەكانی دەبینین لەبەرامبەر پێشنیارەكانی عەلمانیەت، كە جمەیان دەهات لە نێو ڕۆژنامە و كۆڕ و كۆبوونەوە و شەقام و شوێنە گشتییەكاندا، جڵەوی ڕاییكردنی ئەم كارە بەدەست ڕێبەرەكانی ئەم ڕەوتە بوو لە جولەكە و گاور و خۆرئاواگەرا و نەتەوەپەرست و عەلمانی و بەلشەفییەكان.

---

() د. فرج محمد الوصيف – بديع الزمان سعيد النورسي: ٣٦، نقلا عن جهان أقطاش – اللبس والحكومة منذ التنظيمات إلى اليوم: ٣٩ – ٤١.

## ٥- بەخۆرئاواییکردن:

بزوتنەوەی بەخۆرئاواییکردن لەسەردەمی ڕێکخستنەکانەوە (١٢٥٥ك/ ١٨٣٩ز) دەستیپێکرد، لە سەردەمی کەمالییەکان گەیشتە لوتکەی خۆی، دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە و گەشەکردنی بخەینەڕوو:

أ- ئەوانەی ڕەوانەی ئەوڕوپا دەکران لەپێناو خوێندن و شتی تر.

ب- دامەزراوەی زانستی بۆ دانانی پلان و پەیڕەو کە لە ساڵی ١٨٥١ز دامەزرا.

ت- نووسینگەی وەرگێڕان (١٨٣٢ز) کە پشتی بەست بە ڕۆڵەی کەمینەکان، دواتر گۆڕدرا بۆ قوتابخانەیەکی هزری، کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هزری خۆرئاوایی بوو.

پ- ئەو خۆرئاواییانەی دەهاتن بۆ کارکردن لە قوتابخانە و کۆلیژە سەربازییەکاندا.

ج- فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەکان، کە ڕەوانەی ئەوڕوپا دەکران.

ح- کۆمەڵە فەڕەنسییەکان لە هەر یەك لە فەڕەنسا و ئیستەنبۆڵ.

خ- دامەزراوە فێرکارییە بیانییەکان لە ئیستەنبۆڵ[1].

لە سیما و نیشانەکانی بەخۆرئاواییکردن – سەرباری ئەوەی باسمانکرد – لە سەردەمی کەمالییەکان بریتی بوون لە:

أ- توانجدان لە ئیسلام و پێغەمبەر محەمەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ).

ب- تونجدان و لەکەدارکردنی زانایانی ئایین.

ت- بانگەوازکردن بۆ بەخۆرئاواییکردنی ئەو خواپەرستی و فەرمانە خواییانەی تر، وەك بانگەوازکردن بۆ لێدانی مۆسیقا لەگەڵ نوێژ و خوێندنەوە و نزاکردن، بۆ پێدانی کەشێکی ڕۆحانی بەو خواپەرستیانە (بەپێی بۆچوونی خۆیان)، و دانانی شوێنی کورسی و دوانگە لە مزگەوتەکاندا.

پ- ملکەچکردنی ئەدەب تا ببێتە ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی هزرە ئیلحادییەکان، ڕەگەزبازی و زینا و داوێنپیسی، ئەمەش پێی دەوترێت ئەدەبی ئاشکرا.

ج- بەخۆرئاواییکردنی خوێندن و فێرکردن و ڕەتکردنەوەی خوێندن و فێرکردنی ئاینی.

---

[1] د. فرج محمد الوصيف – بديع الزمان سعيد النورسي: ٣٦، نقلا عن جهان أقطاش – اللبس والحكومة منذ التنظيمات إلى اليوم: ٤٢ – ٤٣، بەکورتی.

ح- دانانی هەستی نەتەوەیی لە جێگەی هەستی ئاینی.

خ- زیادبوونی چالاكییەكانی ڕۆژهەلاتناسی(١).

ئەم چالاكییە گەرموگوڕەی بزوتنەوەی بەخۆرئاواییكردن زۆر كەسی مەندەهۆشكرد، زۆر كەسیشی داتەپاند، زۆرێك لە كەسە تێكشكاوەكانی هێنایە نێو كاروانەكەی خۆی لە نێوخۆی توركیادا، لە زانایانی ئاینی و هاوشێوەكانیان، بەلام ئەمە پێشەوا نوورسی هاندا، و پالێنا بەرەو بەرەنگاربوونەوەی ئەوانە و بەرپەرچدانەوەیان بەشێوەیەكی ژیربێژانە و هۆشمەندانە و بەپێی ئەو زانستەی توێژینەوەی لەسەركراوە لە شارستانیەتی خۆرئاوا و فەلسەفە كۆن و نوێیەكەی و ئاینە گاوریەكەی و ئاراستە داگیركاریەكەی و گۆشەنیگا و ئاواتە مادەگەراییەكانی.. نوورسی بە دەیان وتار و نووسین و تاوتوێی سەرنجڕاكێش ئەم بابەتانەی پوچەڵكردۆتەوە، لەمیانەی بەراوردكردن لەنێوان شارستانیەتی خۆرئاوایی مادەگەرا و شارستانیەتی ئیسلامی، كە پێویستییە مادیەكانی مرۆڤ دابین دەكات و خولیایە ڕۆحییەكانی تێر دەكات.

مامۆستا نوورسی لە (مەسنەوی عەرەبی نووری)ـدا بەو توركە موسڵمان خۆرئاواگەرانە دەڵێت:

---

(١) د. فرج محمد الوصيف – بديع الزمان سعيد النورسي: ٣٦، نقلا عن جهان أقطاش – اللبس والحكومة منذ التنظيمات إلى اليوم: ٤٧ – ٥٣، بەكورتی.

((بەڕاستی دەرکەوتنی زۆرێك لە پێغەمبەران لە خۆرهەڵات، و دەرکەوتنی زۆرێك لە فەیلەسوفەکان لە خۆرئاوا، هێمایە بۆ توانستی خوایی، بەوەی ئەوەی خۆرهەڵات ڕادەپەڕێنێ و ڕاستی دەکاتەوە دین و دڵە، نەوەك عەقڵ و فەلسەفە))[1].

هێرش دەکاتە سەر ڕەوتی بیدعەکاری دەرکەوتوو لەلایەنی پیسی شارستانیەتی خۆرئاوایی، مژدە دەدات بە تیاچوونی ئەم ڕەوتە، بەوەی با وەك تۆز پەرش و بڵاوی دەکاتەوە، ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی ((توانای ئەنجامدانی کاری چاك و بنیاتنەری نییە، خەمساردیشە سەبارەت بە ئایین))، سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی جیهانی ئیسلامی ڕەهەندێکی ستراتیژی گرنگە، موسڵمانە ڕاستگۆکانیش ئەوانەن کە تورکە موسڵمانەکانیان خۆشدەوێ و دڵخۆشن بەسەرکەوتنیان بەسەر یۆناندا، ئەگەر جیهانی ئیسلامی دووری ئێوە لە ئایین بزانێ، ئەوا فەرامۆشتان دەکەن، دەستنەگرتنتان بە ئاینەوە سەردەکێشێ بۆ یاخیبوون و لەت لەتبوون، بێگومان دوژمنان هەوڵ دەدەن دروشمەکانی ئیسلام بڕوخێنن، لەکاتێکدا پێویستە ئێوە زیندووی بکەنەوە و بیپارێزن، ئەگەرنا — بەبێ ئەوەی خۆتان هەستی پێبکەن — یارمەتی ئەو دوژمنەتان دەدەن کە دەیانەوێ ڕیشەکێشتان بکات.

---

(1) مەسنەوی: ١٩٧.

ئەوەی بۆ ئەوان ڕوونکردۆتەوە کە کەمتەرخەمی نواندن لە جێبەجێکردنی دروشمە ئاینیەکان، دەبێتە هۆی لاوازی ئومەت، لاوازیش دوژمن لەخۆبایی دەکات و هانی دەدات لە دژیان[1].

پەردە لەسەر شارستانیەتی خۆرئاوایی لادەدات، ئەمەش کاتێك بەراوردی ئەو بە شارستانیەتی ئیسلامی دەکات، جا دەڵێت:

((بنچینەکانی شارستانیەتی ئێستا نەرێنی و خراپن، کە لە پێنج بنچینە پێکدێن، ئاشی ئەم شارستانیەتە بەدەوری ئەم پێنج بنچینەیەدا دەخولێتەوە:

* ئامانج و مەبەستەکەی: کەلك و سوودێکی کەم لەجیاتی چاکە، سوودگەرایی: ململانێ و بەیەکداچوون دەخوازێ. ئەمەش دەبێتە هۆی تاوانکاری.

* دەستووری ژیانی: مشتومڕ و دوژمنکاری لە جیاتی هاریکاری، دوژمنکاریش: ناکۆکی و یەکتر وەلانان، لەمەشەوە بەدنمەکی و خراپەگەرایی دێتەئارا.

* پەیوەندییە بنەڕەتیەکەی لە نێوان خەڵکدا: ڕەگەزپەرستییە، کە لەسەر بەرژەوەندی ئەوانیتر گەشە دەکات، بە هەڵلوشینی ئەوانیتر بەهێز دەبێ. نەتەوایەتی نەرێنی و ڕەگەزپەرستی دەبێتە هۆی: بەیەکدادانی

---

[1] مەسنەوی: ١٩٨ – ٢٠٠.

ترسناك، هەروەك دەبینرێ. لەمەشەوە تێكچوون و داڕووخان دروست دەبێ.

* پێنجەمیان: خزمەتگوزارییە سەرنجڕاكێشەكەی، هاندانی ئارەزوو و هەستەكان، ملكەچكردنی كۆسپەكانی بەردەمی، شوێنكەوتنی حەز و ئارەزوو، ئەمەش هەردەم مرۆڤ لە مرۆڤایەتیەكەی دادەماڵێ و ڕێبازی ژیانی دەگۆڕێ، بەمەش مرۆڤایەتی گۆڕانی بەسەردادێ، لە ڕووی مەعنەویەوە دادەماڵرێ.

زۆربەی ئەو مەدەنیانە، ئەگەر ناخیان بخەیتەڕوو لە جیاتی ڕووخساریان، ئەوا دەبینی وێنەی مەیمون و ڕێوی و مار و ورچ و بەرازیان هەیە.

بەڵێ.. خەیاڵی تۆ هەست دەكات بە پەڕەمووی ئەم گیاندار و پێستەكانیان.. شوێنەوارەكانیان ئاماژە دەكەن بەمە))[1].

سەبارەت بە بنچینەكانی شارستانیەتی ئیسلام، ئەوا لەبارەیەوە دەڵێین:

((هیچ تەرازوویێك لە زەویدا جگە لە تەرازووی شەریعەت بوونی نییە..

ڕەحمەتی ڕێنیشاندەرە، كە لە ئاسمانی قورئانی پیرۆزەوە دابەزیوە.

---

() وتەكان: ٨٥٥.

سەبارەت بە بنەماکانی شارستانیەتی قورئانی پیرۆز، ئەوا ئەرێنی چاکن، بەختەوەریەکەی لەسەر پێنج بنەمای ئەرێنی جێدەگرێ:

* خاڵی پشتپێبەستنی: پشت بەڕاستی دەبەستێ لە جیاتی هێز. ڕاستی هەردەم: دادگەری و هاوسەنگی هەیە. لەمەشەوە ئاشتی گەڵاڵە دەبێ و ناخۆشی و بەدبەختی نامێنێ.

* ئامانجەکەی: چاکەیە لە جیاتی سوود، چاکەش: خۆشەویستی و لەیەکتر نزیکبوونەوە بەرهەم دەهێنێ. لەمەشەوە بەختەوەری دروست دەبێ، دوژمنکاری نامێنێ.

* دەستووری ژیانی: هاریکاری لەجیاتی دوژمنکاری و شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا. ئەم دەستوورە سەردەکێشێ بۆ: یەکێتی و پاڵپشتی کردنی یەکتر، کە دەستە و کۆمەڵەکان پێی زیندوو دەمێننەوە و پێی دەژین.

* خزمەتی بۆ کۆمەڵگە: بە ڕێنموییە لە جیاتی حەز و ئارەزوو، ڕێنموویی هەردەم مرۆڤ و خۆشگوزەرانیەکەی بەرز دەکاتەوە تا ئەو ئاستەی شایستەیەتی، لەگەڵ گەشانەوەی ڕۆح و دابینکردنی پێداویستیەکانی.

* ڕایەڵ و پەیوەندییەکەی لە نێوان دەستە و کۆمەڵانی مرۆڤایەتی: پەیوەند و بەستەری ئایین و هاوڵاتیبوون و پەیوندی جۆر و پیشە و

برایەتی ئیمان، ئەم بەستەر و پەیوەندییە: برایەتیەکی پوختە، کە ڕاوەدووی ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی نەرێنی دەنێ.

بەمەش ئەم شارستانیەتە سەرتاپای ئاشتی گشتگیرە، چونکە ئەمە لە پێگەی بەرگری کردنە لە بەرامبەر هەر دەستدرێژیەکی دەرەکی))[١].

دواتر پرسیار دەکات: بۆچی موسڵمانان پشت لە شارستانیەتی خۆرئاوایی دەکەن؟

وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

((چونکە جگە لە زیان هیچ سودێکی بۆ ئەوان نابێ.

لەبەر ئەوەی ئەوانی بە زنجیر کۆتوبەند کردووە.. تەنانەت بووەتە ژەهرێك بۆ مرۆڤایەتی، لەجیاتی ئەوەی ببێتە دەرمانێکی سارێژکەر بۆ زامەکانی، سەدا هەشتای مرۆڤایەتی خستۆتە نێو تەنگوچەڵەمەوە، تا سەدا دە لە نێو بەختەوەری ساختەدا بژین، سەبارەت بە لە سەدا دەی تریش کە ماونەتەوە، ئەوا وێڵن لە نێوان سەدا دە و سەدا هەشتاکەدا.

قازانجە بازرگانیەکان لەدەستی کەمینەیەکی ستەمکاردا کۆدەبنەوە، لەکاتێکدا بەختەوەری ڕاستەقینە، بریتییە لە بەختەوەرکردنی هەمووان، یان بەلایەنی کەم بریتییە لە سەرچاوەی ڕزگاربوونی زۆرینە.

---

() وتەکانی: ٨٥٦.

قورئانی پیرۆز کە بە ڕەحمەت بۆ هەمووان دابەزیوە، تەنها جۆرێك لە شارستانیەت قبولْ دەکات، کە بەختەوەری بە هەمووان یان بە زۆرینە دەدات، لەکاتێکدا شارستانیەتی ئێستا، حەز و ئارەزووەکانی بەڕەڵاکردووە، ئارەزوو وەك ئاژەڵەکان بەڕەڵان، تەنانەت وایلێهاتووە ئارەزووەکان زالْ و خۆسەپێنن، هەوەسبازی ئیتر بووەتە بڕیار بەدەست، ئەمەش وایکردووە پێویستییە لاوەکییەکانی بکرێنە پێویستی بنەڕەتی. ئا بەم شێوەیە حەسانەوەی مرۆڤایەتیان سڕیوەتەوە، چونکە مرۆڤایەتی لە ژیانی دەشتەکیدا پێویستی بە چوار شت بوو، کەچی شارستانیەتی ئێستا ئەوی هەژار خست، وایلێکرد پێویستی بە سەد و یەك پێداویستی بێت، تەنانەت گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کاسبی حەڵاڵْ نەتوانێ پێداویستییەکان پڕ بکاتەوە، ئەمەش شارستانیەتی مرۆڤایەتی پاڵنا بەرەو پیادەکردنی فێڵبازی و ڕووچوون لە حەڕامدا، ئا لێرەوە بنچینەکانی ڕەوشت گەندەڵبوون، لە دەرئەنجامی ئەمەدا کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی دووچاری جۆرێك لە شکۆ بوو، بەمەش وایلێهات سەروەت و سامانی خەڵکی لە دەستی خۆیدا کۆکردەوە، بەمەش تاك هەژار کەوت و ڕەوشتی لەدەستدا.

گەواهیش لەسەر ئەمە گەلێك زۆرن، تەنانەت کۆی ئەوەی مرۆڤایەتی ئەنجامیداوە لە تاوان و ستەم و زۆرداری و ناپاکی لە سەدەکانی سەرەتادا،

ئەم شارستانیەتە پیسە بەیەکجار پێی ڕشایەوە و دەریدا، لە بەرامبەر ڕۆژانی ئایندەشدا زیاتر دووچاری سەرسوڕمان دەبێتەوە))[1].

هەموو ستەم و خراپیەکانی هەڵڕشت لە دوو جەنگە جیهانیەکە، تا وایلێهات وشکانی و دەریا و هەوای بە خوێن ڕەنگڕێژ کرد.

جا ئەگەر لە شارستانیەتی خۆرئاواییدا خاڵی چاك هەبن، ئەوا ((دەستکردی ئەم سەردەمە نین، بەڵکو بەرهەمی جیهانن، موڵکی هەمووانن، چونکە لە ڕێگەی بەیەکگەیشتنی هزر و متوربەکردنیان سەریانهەڵداوە، لەگەڵ هاندانی شەریعەتەکان – بەتایبەت شەریعەتی محەمەدی – و پێویستی سروشتی مرۆڤایەتی.

ئەمە شتێکە دروستبووە لەو کودەتایەی ئیسلام ئەنجامیدا، بۆیە هیچ یەکێك لە خەڵك بە تەنها خاوەنی نییە))[2].

دواتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئیسلام پێچەوانەی شارستانیەتی خۆرئاواییە.

((نووری خوایی لە شەریعەتی پاك و درەوشاوەدا، تایبەتمەندیەکی تایبەتی پێدەبەخشێ، ئەویش سەربەخۆییە کە سەردەکێشێ بۆ بێ نیازی و دەوڵەمەند بوون.

---

(١) وتەکان: ٨٥٦ – ٨٥٧.

(٢) هەمان سەرچاوە: ٨٥٩.

ئەم تایبەتمەندییە مۆڵەت نادات، فێڵکارییەکانی ڕۆما کە گوزارشت لە ڕۆحی ئەم شارستانیەتە دەکات جڵەوی ئەم نوورە بەدەستەوە بگرێ، تەنانەت چاویشی تێببڕێ و لەگەڵی تێکەڵ ببێ. شەریعەتیش هەرگیز شوێن ئەم فێڵکارییە ناکەوێ))[١].

نوورسی ((بنچینە کەلتوری و ڕۆشنبیرییەکان لە شارستانیەتی خۆرئاوایدا ڕەتدەکاتەوە، هەر لە چەرخی یۆنانەوە تا ئەمڕۆ. لە هەموو نامەکانیدا هەوڵ دەدات ڕەگەکانی ڕۆشنبیری و کەلتوری خۆرئاوایی و کاریگەریەکەی لە کەلتوری هاوچەرخی ئیسلامیدا ببڕێت، چونکە سەریهەڵداوە لە بنەمای فەلسەڤی نکۆڵیکارەوە، کە دۆخێکی فەراهەم هێناوە لە دوودڵی و پشێوی هزری و گومان هەبوون و ئیلحاد لە جیهانی ئیسلامیدا، کە دواکەوتنی موسڵمانان و نەشارەزاییان لە ئاینەکەیانی قۆستۆتەوە))[٢].

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم هەڵوێستەی نوورسی مانای ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانە نییە کە لە خۆرئاوەوە دێت، - بۆ نموونە - نوورسی جیاوازی دەکات لە نێوان دوو جۆر فەلسەفەی خۆرئاواییدا: فەلسەفەی نکۆڵیکار، کە بوونی سروش و وەحی خوایی ڕەتدەکاتەوە، بانگەشە بۆ

---

(١) وتەکان: ٨٥٧.

(٢) د. محسن عبدالحميد – النورسي: ٧١ – ٧٢.

ئیلحاد و بێ باوەڕی دەکات، ئەمەش فەلەسەفەی مادەگەرای بێ بڕوای ڕەتکراوەیە، لەگەڵ فەلسەفەی باوەڕدار، کە خزمەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و قوڵکردنەوەی ڕەوشت و نموونەی مرۆڤایەتی دەکات، ڕێگەخۆش دەکات بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی، ئەمەیان تەواو گونجاوە لەگەڵ قورئان، تەنانەت خزمەتکاری حیکمەتی قورئانە، هەرگیز دژی قورئان نییە، تەنانەت ناشتوانێت دژی بێت.

بەهەمان شێوە هەڵوێستی لەبارەی لایەنە زانستیەکانی شارستانیەتی خۆرئاوایی، بریتییە لە هەڵوێستی موسڵمانانە کە ئیسلام لەسەری پێویست کردووە، کە هەوڵبدات بۆ دۆزینەوەی یاساکانی ژیان و سوود لێبینینی، ئەمەش بۆ دامەزراندنی شارستانیەت و بنیاتنانی پێشکەوتن. هەر بۆیە بانگی موسڵمانانی کرد بۆ دەستگرتن بە ئامرازەکانی شارستانیەتی پیشەسازی، و بەبنەماکردنی تەکنەلۆژیای نوێ[1] و بەبنەماکانی زانستە گەردوونیە تازەکان. مامۆستا نوورسی (ڕەحمەتی خوای لێبێ) وتویەتی:

((زانستە دینیەکان ڕووناکی دڵن)).

ڕووناکی عەقڵیش هونەرەکانی شارستانیەتن — واتە: زانستە گەردوونیە تازەکان —، بە کۆبوونەوەی ئەم دووانە ڕاستی دەدرەوشێتەوە،

---

(1) د. محسن عبدالحمید — النورسي: ٧٢.

بە پەرتەوازەبوونیان لە هونەرەکانی شارستانیەتدا فێڵ و گومان پەیدا دەبن، دەمارگیریش لە زانستە ئاینیەکاندا سەرهەڵدەدەن))[1].

جا ئەگەر هەندێك لە زانای خۆرئاواگەرا، بیانەوێ زانستە دینیەکان لەناوببەن، بەگومانی ئەوەی کۆنگەرا و پاشکەوتوون..

ئەگەر هەندێك لە زانایانی شەریعەت، و تێکڕای خەڵك، پێیان وابێ زانستە هاوچەرخەکان کوفری ئاشکران، ئەوا پێویستە منداڵەکانیان لە قوتابخانە نوێکاندا لەم زانستانە دووربخەنەوە..

ئەگەر میانڕەویش بن لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵەیەی باسمانکرد، بیانەوێ چەند پردێك دروست بکەن، نەوەك ڕووخاندنی ئەوەی هەیە. ئا ئەمە قوتابخانەی میانڕەوی هاوسەنگە، کە ئاشنای سەردەمەکەیەتی و ڕێبازەکەی جێگیرە، بەرچاوی بە تەواوی ڕوونە، بۆیە داوای تێکەڵکردنی ئەم دوو زانستە دەکات، داوا لە تێکڕای خەڵك دەکات منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە هاوچەرخەکان، چونکە زانستە گەردوونیەکان کوفر نین، بەڵکو ڕێنیشاندەرن بەرەو خواناسی، بەڵکو لەوانەیە مامۆستاکانی لە کەسانی بێ باوەڕ و خوانەناس بن.

لەکۆتاییدا، قسەکەمان لەبارەی هەڵوێستی نوورسی لەبارەی بەخۆرئاواییکردن و شارستانیەتی خۆرئاوایی و خۆرئاواوە کۆتایی پێدێنین،

---

[1] مەسنەوی: ١٤.

بەم وتە جوانەی کە لە میانەی وتارە شامیەکەی لە ساڵی ١٩١١ وتویەتی:

((ئەمریکا و ئەوڕوپا بە ئیسلام سکپڕن، هەروەك ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی سکپڕبوو بە ئەوڕوپا، ئێستاش ئەوەتا پەیدابووە، بۆیە دەبێ لە ئەوڕوپا دەوڵەتێکی موسڵمان پەیدابێ))[١]. شتێکی نامۆ و دوور نییە خۆرئاوا بە ئیسلام هێرشی خۆرهەڵات بکات لە ڕۆژانی داهاتوودا.

## ٦- نەتەوایەتی:

نەتەوایەتی بە هەموو جۆرەکانی: تورکایەتی، عەرەبایەتی، سوریایەتی، فیرعەونایەتی، جگە لەمانە لە نەتەوایەتییە بەرتەسکەکانی دیکەش، کە بەرهەمی هزری خۆرئاواییین، کە بانگخوازانی بەخوارئاواییکردن و عەلمانیەکان هاوردەیان کرد بۆ وڵاتی موسڵمانان، هەرچەندە ئەمە شتومەکێکی بێ نرخە و کاتەکە بەسەرچووە، تەنانەت ئەوڕوپا لەوەتەی ماوەیەکە وازیلێهێناوە، دواتر بۆ ئێمەی ڕەوانەکرد.

بانگخوازانی نەتەوایەتی لە پێشنیارەکانیاندا، تەنانەت سەرسامی لەوەدایە کە ڕابەری بانگەوازی نەتەوایەتی عەرەبی (ساتع حەسری) لەو

---

(١) د. فرج محمد الوصيف – بديع الزمان سعيد النورسي: ٣٦، نقلا عن جهان أقطاش – اللبس والحكومة منذ التنظيمات إلى اليوم: ٤٧ – ٥٣، بەکورتی.

کەسە پێشەنگانە بوو کە بانگەوازی کرد بۆ نەتەوەپەرستی تورکایەتی لە "ئەستانە"، هەوڵیدا بازاڕی گەرم بکات، بنەما و ڕەهەند و ڕەگەزەکانی دابنێت، دواتر ئەم بیرۆکەیە هاوردەی عێراق و سوریا و میسرکرا، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك کتێب دانران، کە تیۆری نەتەوایەتی عەرەبی شرۆڤە دەکرد.

هەندێك لە زانا و بیرمەند و سیاسیەتمەداران ئاگاداری مەترسی ئەم هەنگاوە بوون، کە لە ئایندەدا ئومەتی ئیسلام پەرتەوازە دەکات بەشێوەیەکی زۆر خراپ، بەڵکو گەلێك لە هەرێمێکی دیاریکراودا لەت لەت دەکات، دەوڵەتێکی وەك تورکیا، هاوڵاتی تورك و کورد و عەرەب و جگە لەوانیشی تێدایە، هاوشێوەی ئەم بانگەوازانە دەستەبەری دروستکردنی کێشە دەکەن، دوژمنکاری لە نێوان تاکەکانی یەك گەلدا دەڕوێنن، چونکە لە هەر ڕەچەڵەکێك کەسێك هەڵدەکەوێت کە بانگەشە بۆ نەتەوەی خۆی بکات، ئەمە کوردێکی نەتەوەپەرستە، ئەوەیتر عەرەبێکی نەتەوەپەرستە... و... و.. .

مامۆستا نوورسی زۆر هەستیار بوو لەمەدا، چونکە ئەو خۆی کورد بوو و دەیزانی گەلی ئەو و گەلانی تر بیر لەچی دەکەنەوە، هەر بۆیە ڕووبەڕووی ئەم بانگەوازە خۆرئاواییە بووەوە، لە چەندین وتار و وتە و پەیامدا بەرپەرچی بانگەشەکارانی دایەوە، بیروباوەڕی ڕەچەڵەك پەرستی و

خوێنگەرایی و یەك بنەچەی پوچەڵکردەوە، چونکە گەلان تێکەڵ بەیەکتربوونە، بەهۆی کۆچکردنەوە، چیتر لە تواناادا نییە ڕەچەڵەکێکی پوخت لە نێو هیچ یەکێك لە گەلانی دونیادا بسەلمێنرێ، چ جای ئەوەی لە تورکیا کە تا سەردەمانێکی نزیك ناوەندی خەلافەتی ئیسلامی بوو، پارێزەری ئیسلام و موسڵمانان بوو، پەناگەی ڕۆڵەکانی ئومەتی ئیسلام بوو، لەکاتێکدا ئەو ڕۆڵانە لە گەل و نەتەوەی جیاواز بوون. مامۆستا نوورسی دەڵێت:

((بەوانەی ڕووچوون لە ڕەگەزپەرستی و نەتەوایەتی نەرێنیدا دەڵێین:

یەکەم: کۆچکردنی مەزن لە شوێنە جیاوازەکانی زەویدا ڕوویانداوە، بەتایبەت لەم وڵاتەماندا، لە چەرخ و سەدە ڕابردووەکاندا کۆچ هەر هەبووە، زۆرێکیش لە گەلان دووچاری گۆڕان و ئاڵوگۆڕی مەزن بوونەتەوە، ئەم کۆچکردنانە بۆ وڵاتەکەمان زیادیان کرد، دوای ئەوەی بووە ناوەندی حکومەتی ئیسلامی، تا وایلێهات هەموو گەلانی تر وەك پەپولە بەدەوری ئەم ناوەندەدا خولانەوە و خۆیان خزاندە ناویەوە، تێیدا نیشتەجێ بوون، کە بارودۆخەکە بەم جۆرەیە ئەوا هەرگیز ناکرێت توخمە ڕاستەقینەکان لەیەکتر جیا بکرێنەوە، مەگەر بە کردنەوەی تۆماری پارێزراو (لوح المحفوظ) نەبێ.

لەبەر ئەوە.. هیچ مانایەك بۆ ئەوە نامێنێتەوە کە مرۆڤ کردەوە و دۆستایەتی و سۆزەکەی لەسەر ڕەگەزپەرستی دابمەزرێنێ، سەرباری ئەو زیانانەی هەیەتی)).

دواتر بۆ بانگخوازانی نەژادپەرستی تورك، دوو سوود لە نێو سەدان سوودی سۆزی ئیسلامی ڕوون دەکاتەوە:

أ- پاراستنی ژیان و قەوارەی دەوڵەتی ئیسلامی – سەرباری کەمی ژمارەی تاکەکانی – بەرامبەر دەوڵەتانی ئەوڕوپا، بریتییە لەو تێگەیشتنەی لە قورئانەوە هەڵقوڵاوە، کە لەشکرەکەی هەڵیگرتووە:

((ئەگەر مردم ئەوا شەهیدم، ئەگەر کوژام ئەوا من تێکۆشەرم))، ئەمە ئەو تێگەیشتنەیە کە ڕۆڵەکانی نیشتمانی پاڵناوە بۆ پێشوازیکردن لە مردن بە زەردەخەنەوە، ئەمەش دڵی ئەوڕوپییەکانی هەژاند و ئەوانی تۆقاند.

ئایا.. دەبێ چ شتێك لە گۆڕەپاندا دەربکەوێ، و ئەم جۆرە قوربانیدان و فیداکارییە لە گیانی سەربازاندا بڕوێنێ، لەکاتێکدا ئەوان خاوەنی بیرۆکەی ساکار و دڵی خاوێنن؟.

ئایا دەبێ چ ڕەگەزێك شوێنی ئەم تێگەیشتنە باڵایە بگرێتەوە؟

ئایا چ بیرۆکەیەك جگە لەمە دەتوانیٚ وا لە مرۆڤ بکات بەویستی خۆی ژیان و دونیاکەی لەپێناویدا بکاتە قوربانی؟

دووەم: ئومەتی موسڵمان وەك یەك جەستە وایە، ٣٥٠ ملیۆن موسڵمان گریان، لەتاوی کەوتنی ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە، ئەمەش وایکرد ئەوروپییە داگیرکەرەکان لەو شوێنانە بکشێنەوە کە داگیریان کردبوو، تا هەستی سەدان ملیۆن موسڵمان بریندار نەکەن. ئایا ئەم هێزە پاڵپشتە مەعنوی و بەردەوامە بۆ ئەم دەوڵەتە بە بچوك دادەنریٚ؟.

ئایا دەکریٚ نکۆڵی لێبکریٚ؟

ئایا.. دەبیٚ چ هێزێك بتوانێت شوێنی بگرێتەوە؟

ئەمە گۆڕەپانی تەحەداکردنە، دەی کەواتە با ئەوان ئەم هێزە دەربخەن.

لەبەر ئەوەی دروست نییە وا بکەین ئەم هێزە پاڵپشتە مەزنە وا لێبکەین پشتمان تێبکات، لەپێناو دەستگرتن بە نەتەوایەتی نەرێنی و دەمارگیریەکی پشتنەگرتوو بە ئاینەوە.

((بەوانە دەڵێین کە زۆر دەمارگیرن بۆ نەتەوەپەرستی:

ئەگەر – بەڕاستی – ئێوە ئەم ئومەتەتان خۆشدەویٚ.. ئەوا پێویستە ئێوە جوامێری بەزەیی هاتنەوە بە زۆرینەی ئەم ئومەتە لە دڵتاندا هەڵبگرن، نەوەك تەنها سۆزتان بۆ کەمینەیەکی کەمی ئەم ئومەتە بجولیٚ..

لەبەر ئەوەی سۆزداری بە مانا دەمارگیریەکەی دەکرێ سوود و قازانج بەدەست بهێنێ، بۆ هەر دوو کەسێك لە هەشت کەس، ئەو سودەش کاتی دەبێ، بەمەش شتێك بەدەستدەخەن لە سۆز کە شایستەی نین، سەبارەت بە شەش کەسەکەی تر کە ماونەتەوە، ئەوا ئەوان بێ بەشن))[1].

هەندێك جار هیچی بەدەستنامێنێ جگە لەوەی پڕ بەدەمی خۆی بەرەو ڕووی نەتەوەپەرستە بیدعەچییەکان هاوار بکات:

((ئەی ئەوانەی بانگەشەکاری بێهۆشی نەتەوەپەرستین!

سەردەمی ڕابردوو، لەوانەیە بەسەردەمی نەتەوایەتی دابنرێ، بەڵام ئەم سەردەمە، ئەوا سەردەمی نەتەوایەتی نییە، چونکە پرسەکانی بەلشەفییەت و سۆشیالیستی زاڵە بەسەر بیرۆکەکان، چەمکی ڕەگەزپەرستی تێکدەشکێنێ، بێگومان سەردەمی ڕەگەزپەرستی تێپەڕی.

چاك بزانن ئاینی ئیسلام هەمیشە و تاهەتاییە، بەستراوە نییە بە ڕەگەزپەرستی کاتی شڵەژاو، متوربە ناکرێ بە لقەکانی، تەنانەت ئەگەر بە متوربەکانی ڕەگەزپەرستی خۆراکی پێبدرێ، ئەوا ئومەتی ئیسلامی پێ تێکدەچێ))[2].

---

(1) وتەکان: ٤١٩ – ٤٢٠.

(2) وتەکان: ٥٦٦.

٧- ئەمە نەریت و شێوازی مامۆستا نوورسیبوو لە بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتە دژە ئیسلامەکان، وەك: سۆشیالیستی و شوعییەت و سەهیۆنیەت و ڕێبازە دەستکردەکان، فەلسەفە مادەگەرایە سروشتییەکان و هاوشێوەکانیان کە جەمەیان دێت لە باوەشی ئەم سەردەمانەدا، وڵاتانی موسڵمانیش پڕبوونە لەم ڕێبازانە، بەدیعوززەمان دەڵێت:

((پیلانی داڕێژراو دژی ئیسلام لەلایەن شوعییەت و سەهیۆنیەت، لەلایەن پەیامەکانی نوورەوە شکستیان پێهێنرا)).

((بێگومان بەرەنگاربوونەوەی ئەوانە و ڕووبەڕوو بوونەوەیان، تەنانەت مشتومڕکردن لەگەڵیاندا، تەنها بە خوێندنەوەی پەیامەکانی نوور دەبێ، یەك پەیام بەرامبەر بە هەزاران پلانی شاراوەیە لە دژی ئیسلام، چونکە هەموو چینەکانی خەڵك دەدوێنێ، هەر لە نەخوێندەوارێکەوە تا دەگاتە فەیلەسوفێك))[1].

ئەو بیرمەندانەش کە خۆیان داوەتەبەر سێبەری خۆرئاوا و بەندەی هزری خۆرئاوان و عەلمانی دژە ئیسلامن دەدوێنێ:

((پێویستە ئەو بیرمەندانەی لە تاریکستانیدان لەم وتەیەی خوارەوە تێبگەن:

---

[1] أ سيد إحسان قاسم – ذكريات مع سعيد النورسي: ١١٥.

بیر و هزر بەبێ نوور و ڕووناکی دڵ ڕۆشن نابێتەوە، ئەگەر ئەم
نوور و ڕووناکی و ڕۆشناییە تێکەڵ نەبن، ئەوا تاریکستانیەکە
ئەبێتە ئەنگوستەچاو، ستەم و نەزانی لێ هەڵدەقوڵێ، ئەمەش
تاریکستانیەکە پۆشاکی نووری بە ساختە و بوختان پۆشیوە.

لە چاوەکانتدا سپێتی هەیە، بەڵام سپێتیەکی تاریکە، کە هیچی پێنابینرێ، گلێنەی ڕەشیش لە چاوەکانتدایە، بەڵام درەوشاوەیە، جا ئەگەر ئەم ڕەشێنە ڕۆشنەی تێدانەبێ، ئەوا ئەو بەزە سپیە نابێتە چاو و توانای بینینی نابێ.

ئا بەم شێوەیە.. چاو هیچ نرخێکی نییە بەبێ بینین، ئەگەر ڕازە تاریکەکانی دڵ لە نێو بیرێکی سپی درەوشاوەدا نەبن، ئەوا ئەو کاتە بەرئەنجامی مێشك نابنە زانست و بەرچاوڕۆشنی.. کەواتە عەقڵ بەبێ دڵ سەنگی نابێ))().

ئەو بیرمەندانە کە شەیدای تاریکستانین، دەلالی ستەمکاری مرۆڤایەتین، ڕەواج دەدەن بە سوو و بەنکی سوکار، گاڵتەجاری دەکەن بە زەکات و بەخشین، بۆیە نوورسی بەڕوویاندا ڕاپەڕی و پوچەڵی بیرۆکەی ئەوانەی ڕوونکردەوە کە داندەنێن بە شارستانیبوونی سوکاری و

() وتەکان: ٨٧٧ – ٨٧٨.

دواکەوتوویی ئەو ئاینەی کە فەرمان بە زەکات دەکات، پوچەڵبوون و ستەمی ئەم بیرۆکەی ڕوونکردۆتەوە و وتویەتی:

((سوو "ڕیبا" هۆکاری پەککەوتن و بێ کارییە، گڵپە و گەرموگوڕی بۆ کارکردن دەکوژێنێتەوە.

دەروازەکانی سوو "ڕیبا" و نێوەندگیرەکانی (بانکەکان)، سوودیان بۆ خراپترین و گەندەڵترین کەس هەیە، کە بێ باوەڕانن، سودیان بۆ خراپترینیانە کە ستەمکارانن و بۆ بێ کەڵکترینیان کە گەوجەکانن هەیانە.

زیانی سوو "ڕیبا" لەسەر جیهانی ئیسلامی زیانێکی دیار و پوختە. شەرعیش هەردەم و لە گشت کاتێکدا تەنها ڕەچاوی خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی ناکات، بە نموونە کافری شەڕکەر خوێنی حەڕام نییە و خوێنیشی پارێزراو نییە))[١].

((ئەگەر مرۆڤایەتی بەردەوامی ژیانی بوێت، ئەوا پێویستە دەستبگرێت بە زەکات و ڕاوەدووی سوو "ڕیبا" بنێت، چونکە دادگەری قورئان لەبەردەم دەروازەی جیهان ڕاوەستاوە، و بە سوو دەڵێت:

(هاتنە ژوورەوە بۆ تۆ قەدەغەیە و بگەڕێوە).

بەڵام مرۆڤایەتی گوێی بۆ ئەم فەرمانە نەگرت، بۆیە شەقەزلەیەکی مەزنی بەرکەوت (کە جەنگی دووەمی جیهانی بوو)، بۆیە پێویستە

---

() هەمان سەرچاوە: ٨٥١ – ٨٥٢.

مرۆڤایەتی گوێڕادێریٚ بۆ ڕێنمایەکانی ئیسلام، پێش ئەوەی شەقەزلەیەکی بەهێزتر و بەئێشتری بەربکەویٚ))[1].

لە کۆتاییدا گوێی بۆ گرت کە قسە دەکات لەبارەی ڕێگەی ناڕەوا و ناشەرعیەوە، کە چۆن سەردەکێشیٚ بۆ شتێك کە پێچەوانەی مەبەستە، جا بۆیە بە عاشقانی ئەوروپا و شارستانیەتە مادیە داماڵراو لە ڕەوشت دەڵێت:

((بکوژ میرات ناگرێت)) ئەمە دەستوورێکی مەزنە.

ئەو کەسەی ڕێگەیەکی ناڕەوا بگرێتەبەر بۆ گەیشتنە مەبەستەکەی، زۆربەی جاران پێچەوانەی مەبەستی ئەو ڕوودەدات، خۆشویستنی ئەوروپا نا شەرعییە و لاساییکردنەوە و هۆگربوون پێی، پاداشتەکەی دەستدرێژی ستەمکارانەیە لە خۆشەویستەوە، و ڕوودانی تاوان و ئەنجامدانی سەرپێچیە.

بەڵیٚ.. تاوانکار و لاسار بیٚ بەشە و هیچ چێژ و دەربازبوونێکی بۆ نییە))[2].

شێوازی مامۆستا لەگەڵ ئەم ئەم جۆرە کەسانەدا ئەوەبوو کە هێرشی تووندی دەکردە سەریان، ئەمەش بە پوچەڵکردنەوەی شتە بیٚ بنەماکانیان، و هێنانەوەی بەڵگەی بەهێز و سەلمێنەر، لەناوبردنی

---

(١) وتەکان: ٥٦٦.

(٢) وتەکان: ٨٥٢.

تۆمەتبارکردنە ستەمکارانەکەیان، لەگەڵ بیرهێنانەوەی بەردەوام بەوەی لە دونیادا سزا چاوەڕوانیانە، هەروەك لە دواڕۆژیشدا سزایەکی بەئێشتر چاوەڕوانیانە.

پەیامەکانی مامۆستا ((تەنها بەوەندە دەستهەڵناگریێ کە هێرشیان بکاتەسەر، یان دەرخستنی گوناه و تاوانە دیارەکانی گومڕایان، بەڵکو هێرش دەکاتە سەر بیرۆکە و بەڵگە لاواز و پوچەکانیان، لە خاڵی پاشخانی هزریان دەدات، لە نێو ناوەندی هزرەکانیان هێرشێکی توونديان دەکاتەسەر، بەمەش گشت ئەو بنەمایانە دەشکێنێ کە بنەما هزرییەکەیان لەسەری بنیاتنراوە، هەوڵە بێ بنەما و پوچەڵەکانیان بۆ شێواندنی ڕاستییەکانی ئیسلام و جوانیە پیرۆزەکەی، پەردەش لادەدات لەسەر پیلانەکانیان لە جیاکاری و پەرتەوازەکاری نێوان موسڵمانان، و ڕێگەگرتن لە چێژ بینین لە نیعمەتەکانی ئیمان و باوەڕ))[1].

---

() ساڵحی: ١٦١ – ١٦٢.

# سیماکانی پلانە چاکسازی و گۆڕانخوازیەکەی

## یەکەم: چەند سیفەتێکی پێویست کە دەبێ هەبن لەو کەسەی هەڵگری ئاڵای گۆڕانکارییە:

هەموو سەرکردەیەك توانای چاکسازی و گۆڕانکاری نییە، ئەگەر واگومانیش ببات کە ئەو توانایەی هەیە و وا خۆی پیشانی خەڵك بدات، تەنانەت ئەگەر دەستوپێوەند و شوێنکەوتووەکانیشی پێیان وابێ سەرکردەکەیان ئەم هێزەی هەیە، سەرکردە مێژووییەکان کە پڕۆسەی گۆڕانکاریان ئەنجامداوە، زۆر کەمن بەدرێژایی مێژوو، ئەوانەش کە وا هەستیان کردووە خۆیان سەرکردەن ئەوا گەلێك زۆرن، بەڵام کات و سەردەم ئەوانی لەگەڵ خەڵکی تر پێچاوەتەوە، تەنانەت شتێکیش نین کە شایەنی باس بن لە مێژوودا.

لەبەر زۆری ئەو سەرکردانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن هەڵگری ئاڵای ناوبراون، دەبینین کۆمەڵێك تایبەتمەندیان داناوە، کە پێویستە بێنەجێ لەو سەرکردەیەی کە تاوانای گۆڕانکاری و چاکسازیان هەیە، هەروەك توێژەری کارگێڕی (ماکوین) تایبەتمەندییەکانی ئەو سەرکردانەی دیاریکردووە، کە

دەرکەوتوون لە ساڵانی گەشەی بێ سنوور (ڕۆژانی ئاڵتوونی) لە شەست و حەفتاکاندا، لەم بارەوە وتویەتی:

((خەسڵەتی چاك بۆ پێشڕەو و بوێر — واتە: شێوازی سەرکردایەتی سەرکەوتوو لەم ڕۆژانەدا — ئەمانەن:

- گەشبینی.
- لەئەستۆگرتنی زیان یان مەترسی.
- یەکسانی نواندن لەنێوان فەرمانبەران لەگەڵ ڕێزلێنان لەوەی زیرەکترە.
- تینووبوون بۆ هەر شتێکی نوێ و تازە.
- ڕەوشتی کار و پیشەیی کە هیچ گومانێك دروست نەکات بۆ شوێنکەوتووان و ئەوانەی کار دەکەن.

سەبارەت بە خەسڵەتە خراپەکانیش بریتین لە:

- پێچ و پەناکردن.
- سەرگەردانکردن.
- هەردەم پێویستبوون بە سەرکێشی وەك هەرزەکاران.

ئەمەش سەردەکێشێ بۆ چەندین کێشە، کە ئەم شتانەی لێ دەپشکوێتەوە: بێ متمانەیی، قەیران))[١].

مامۆستا (جابری) خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی چاکساز و گۆڕانخواز پوخت دەکاتەوە و دەیانخاتەڕوو:

- تێگەیشتنێکی قوڵ بۆ یاسا و ڕێساکانی گۆڕانکاری و شێوازەکانی.
- توانای دارشتنی دیدگا و تێڕوانین.
- چەسپاوی پێویست بۆ دروستکردنی متمانە، و بەدەستهێنانی پشتیوانی شوێنکەوتووان و قەناعەت پێکردنیان بۆ پابەندبوون.
- دواتر شایستەیی بنیاتنانی دۆخی نوێ، بە گۆڕانکاری کردن لەو سیستەمانەی هەن، پابەندبوونی کەسی بە هەڵسوکەوتی پێویست.
- بایەخدان بە بەیەکەوەبەستنەوەی هزر و ڕەفتاری شوێنکەوتووان))[٢].

بە ڕوانین و سەرنجدانێکی گشتگیر و ورد بۆ ژیانی پێشەوا نوورسی، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆربەی ئەم سیفەتانە لەودا هاتوونەتەجێ..

---

(١) بشير شكيب الجابري: القيادة والتغيير: ٣٨ – ٣٩.

(٢) هەمان سەرچاوە: ٧٠ – ٧١.

دەڵێین: زۆربەیان، ناڵێین: هەموویان.. چونکە سروشتی ژیان سەختە.. چونکە من گوێبیستی هاوشێوەی ئەم ژیانە نەبوومە، بەلایەنی کەم من ژیاننامەی هاوشێوەی ئەوم نەخوێندۆتەوە کە ئەو بەسەریبرد بە گەشانەوە و توانا هەبوون لەسەر بەخشین، لە بەندیخانە و گرتووخانەکان و شوێنە پەراوێزخراوەکان و دادگاکان (٢٨ ساڵ بەندکران و دوورخرانەوە — ١٥٠٠ دادگاییکران) ئەمە کەمترین سەقامگیریشی بۆ ئەو فەراهەم نەکرد، بۆ دانانی تیۆرێکی تەواو لە بنیاتی ناوخۆیی بۆ ڕێکخستنێکی هاوچەرخ، کە گونجاوبێ لەگەڵ گەورەیی ئەو سەرەی کە پڕاوپڕ بوو لە زانست و تێگەیشتن، و بیرکردنەوە قوڵ و ئاسۆیە فراوانەکانی، هەروەك بۆی نەگونجا پلانێك دابنێ بۆ گۆڕانکاری و دیاریکردنی ڕەگەز و ستوونەکانی.. من بڕوام وایە ئەگەر نوورسی کەمێك ئازادی لاپەڕگەشی هەبووایە، هەروەك چۆن پێشەوا لە میسر، و پێشەوا مەودودی لە نیمچە دوورگەی هیندی هەیبوو، ئەوا هەمان ئەو شتەمان لێ بەدیدەکرد، کە لەو دوو پێشەوا ناوبراوەکەمان بینی، بێگومان خوای گەورەش زاناترە، بەڵام (ئەگەر) دەرگای کاری شەیتان دەکاتەوە، بۆیە با وازیلێبهێنین و بڵێین: ئەوەی خوا بیەوێ هەر ئەوە دەبێت.

١- **گەشبینی:** مامۆستا نوورسی — ڕەحمەتی خوای لێبێ — هەردەم گەشبین بوو، دەبێ هەر بەو شێوەیەش بێ، چونکە بێ ئومێدی و

ڕەشبینی و هیوابڕان لە خەسڵەتی بێ باوەڕانن، نوورسی لە گەورە باوەڕدارە گەشبینەکانە بە سەرکەوتنی پڕشنگدار بۆ ئەم ئاینە، پێشتر باسی تیۆرە ئایندەسازییەکەی ئەومان کرد لەبارەی ئەوەی ئەوروپا سکپڕە بەم ئاینە یەکخواناسە، بەویست و ڕەزامەندی خوا بەم نزیکانە دەیبینین کە ئیسلام لەوێوە لەدایك دەبێتەوە، هەرچەند خەڵکانی تر بە دوور یان ئەستەمی دەزانن.

سەرباری کۆسپ و لەمپەر و ئاستەنگە سەختەکان و گوزەرانی دژوار و ژیانی تاڵ، و پیلانگێڕییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دژی ئیسلام و موسڵمانان، سەرباری بەندیخانە و گرتووخانە و دوورخرانەوە و دادگاییەکان.. سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەوا مامۆستا نوورسی – ڕەحمەتی خوای لێبێ – گەشبین بوو، هەردەم ئومێدی هەبوو بە چاککردنی ئەو گەندەڵیەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاوەیکرد بوو، و لە نێو ڕیزی موسڵمانان و پیاوانی کارگێڕی و دەسەڵاتداران تەشەنەی کرد بوو..((لە ساڵی ١٩١١ز نوورسی گەشتی کرد بۆ شام، لەوێ وتارە ڕەوانبێژەکەیدا لەسەر مینبەری مزگەوتی ئەمەوی، بانگی موسڵمانانی کرد بۆ وشیاربوون و ڕاچڵەکین، و تیایدا دەردەکانی ئومەتی موسڵمانی دەستنیشان کرد، سەرەتا دەستی خستەسەر بێ ئومێدبوونەوە،

دواتر ڕێگەچارەکانی ئەم دەردانەی شەنوکەوکرد، بە خستنەڕووی یەکەم چارەسەر ئەویش ئومێد هەبوونە[1].

((کاتێك دەوڵەتی عوسمانی بەرەو دارمان ڕۆیشت، لەشکرە بێ باوەڕەکان هاتنە ناو ئیستەنبۆڵەوە، بەدیعوززەمان هەستی بە ئێش و ئازار دەکرد لە قوڵایی دڵیدا، و دەستیکرد بە دانانی کتێبەکەی بە ناوی "شەش هەنگاوەکە"، تیایدا بە توندی هێرشی کردە سەر داگیرکەران، پاڵنەرەکانی بێ ئومێدی وەلانا، کە باڵیکێشابوو بەسەر زۆرێك لە خەڵکیەوە))[2].

سەرباری ئەو تاریکستانیەی دەوری ئاسیا و موسڵمانانی دابوو، کەچی هێشتا ئایندەی هەر لە ئیسلامدا دەبینی، نەوەك لەو بانگەوازە تێکدەرانەی کە بەشێکبوون لەو هێرشانەی هەڵیانکوتابووە سەر ئیسلام و موسڵمانان. گوێی بۆ گرە لە کاتێکدا چاوەکانی بەرەو ئایندەی گەشبینانە سەرنجیان داوە دەڵێت:

((بەیانی دەچمە گۆڕەپانی سەرنجامەکەم.

---

(1) مەسنەوی عەرەبی نووری: ١٥.

(2) هەمان سەرچاوە: ١٦.

من دڵنیام لەوەی ئایندەی ئاسیا بە خاك و ئاسمانەکەی خۆی

ملکەچی ئیسلام دەکات.

لەبەر ئەوەی باوەشی باوەڕ و ئیمانە.

ئاسودەیی و ئارامی بە ئادەمیزادەکان دەبەخشێ))[١].

نوورسی گەشبینە بە ئایندەی مرۆڤی ستەملێکراو و لاوازکراو، پێشی وایە ڕۆژێك دێت کە کۆت و بەندەکانی دەشکێنێت، لە میانەی ڕوانینێکی ئایندەسازی دامەزراو لەسەر ڕابردوو بەو قۆناغانەی ئەم مرۆڤە بڕیویەتی:

((جەنگە کاولکەرەکانی نێوان دەوڵەت و گەلان، لەوە بەرەوپێشتر دەچن بۆ ناکۆکی توندتری نێوان چینەکانی مرۆڤایەتی، چونکە مرۆڤ لە قۆناغە مێژووییەکانیدا هەرگیز بە دیلایەتی ڕازی نەبووە، بەڵکو کۆت و بەندەکانی بەخوێنی خۆی شکاندووە، هەرچەندە ئێستا بووەتە کرێگرتەی بەرگەگرتنی ئەرکە زۆرەملێکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێك دێت ئەم کۆت و بەندە دەشکێنێت.

مرۆڤ سەری سپی بوو لە هەژمەتی ڕۆیشتن بە پێنج قۆناغدا:

وەحشیگەری، دەشتەکێتی، کۆیلایەتی، کۆیلەبوونی دەرەبەگایەتی.

ئێستاش کرێگرتەیە.

جا بەم شێوەیە بووە و بەردەوامیشە))[١].

---

() وتەکان – تیشکەکان: ٨٣٧.

دەی با گوێبگرین بۆ گەواهی یەکێك لە قوتابیەکانی، کە ڕووداوێك دەگێڕێتەوە کە بەڵگەیە لەسەر گەشبینی نوورسی لەبارەی هەرچییەك لە دەوروبەریدایە:

((من لەگەڵ مامۆستا لە مزگەوتی (نوور شین) دانیشتبووم، جا پێی وتم:

- مەلا محەمەد بڕوانە. من بە نوور دەورە دراوم.

من لەو قسەیەی ئەو تێنەگەیشتم، بۆیە دەستیکرد بە ڕوونکردنەوەی وتەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ئەو گوندەی من تیایدا لەدایکبووم ناوی (نوورس)ـە، ناوی دایکیشم (نووری)ـەیە، ناوی باپیریشم (نووری)ـیە، ئەو شوێنەی کە تێیدا دەمێنمەوە ناوی (نوور شین)ـە.

دواتر زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

- بڕوانە ئەو تابلۆیەی لەسەر ئەم دیوارە هەڵواسراوە، تیایدا نووسراوە (عوسمانی خاوەنی دوو نوور) خوا لێی ڕازیبێ))[٢].

---

(١) هەمان سەرچاوە: ٨٥٢.

(٢) ئەسید سالحی: ٢٣.

**٢- لەئەستۆگرتنی زیان و مەترسی:** پێویست بەوە ناکات زۆر لەسەر ئەم بڕگەیە بوەستین، - ئەگەر بە پێوەرە مادییە دونیاییەکان - ژیانی نوورسی بپێوین، ئەوا ژیانی ئەو هەمووی زیان و لەدەستدان بووە، لە دونیا ڕۆیشتە دەرەوە وەك چۆن یەکەم ڕۆژ هاتبووە نێو دونیاوە، هەرگیز گومانیشی نەکرد و خەمی نەخوارد، داوای یارمەتیشی لە هیچ کەسێك نەکرد، بەڵکو لەو بەشە کەمەی کە هەیبوو بەسەر قوتابی و موریدەکانی یان تێکڕای خەڵکدا دەبەشیەوە، تەنانەت دیاری لە هیچ یەکێك وەرنەدەگرت، چونکە ئەو بەرگەی منەتکردنی هیچ کەسێکی نەدەگرت کە بەسەر ئەودا بیکردبا، جا بەهۆی دیاری یان هەر شتێکی تر بوایە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك:

أ- گومڕایان زانایانیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی زانستیان کردۆتە ئامرازێك بۆ کاسبی، بۆیە پێویستە ئەم گومڕایانە بەدرۆبخرێنەوە.

ب- پێویستە دەست لەبەر خەڵك پان نەکرێتەوە، وەك چۆن پێغەمبەران هەرگیز دەستیان لەبەر هیچ کەسێك پان نەکردۆتەوە.

ت- بەخشەر بەناوی خۆی دەبەخشێ، بۆیە بەناڕاستەوخۆ منەت دەکات.

پ- پشتبەخوابەستن و قەناعەت و دەستگرتنەوە گەنجینەیەکی مەزن و خەزینەیەکی سەنگینن کە بەهیچ شتێك قەرەبوو ناکرێنەوە. لەبەر ئەوە من نامەوێت دەروازە و دەرگاکانی ئەو گەنجینە و خەزێنانە دابخەم کە لەبن نایەن، بە سامان وەرگرتن لە خەڵك))[1].

نوورسی هەردەم دەیوت: ((من بە دەستگرتنەوە و بەرەکەت دەژیم، من جگە لە خوای ڕۆزیدەرم منەتکردن لە هیچ کەسێك قبوڵ ناکەم، بڕیاریشم داوە بەدرێژایی ژیانم قبوڵی نەکەم))[2].

سەبارەت بەو مەترسیەی وەك شەو ڕاوەدووی ئەوی دەنا و دەوری دابوو، ئەوا بەدڵێکی ڕەزامەندەوە قبوڵی کرد.. چەندین جار هەوڵی کوشتنیاندا لە ڕێگەی ژەهرەوە، هەروەك هەوڵی لاوازکردنی ورە و هێزە جەستەییەکەیاندا تا ئاستی کوشتن لە بەندیخانە و گرتووخانە و شوێنە دوورەدەستەکانەوە، هەرگیز گوێی بەو مەترسییانە نەدەدا، پیلانگێڕەکانی کە دەیانویست ژیانی لێبستێننەوە فەرامۆشی کردبوون، چونکە پێوابوو چارەنووسی و ماوەی دیاریکراو بۆ مردن (ئەجەل) باشترین پارێزەرە بۆ مرۆڤ، ﴿لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ﴾ الرعد: ٣٨. واتە: (بۆ هەموو کارو

---

(١) مەکتوبات: ١٦ و ١٧.

(٢) مەکتوبات: ٨٢، و بڕوانە ئەم لاپەڕانە: ٨٤، ٣٦٩، ٤٧٢، ٥٤١.

ڕووداوێکیش بڕیارێکی تایبەت هەیە). ﴿إِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَلَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ یونس: ٤٩. واتە: (هەر کاتێك ئەوساتە گەیشت، ئەوە نەتاوێك دوا دەکەون، نەساتێکیش پێش دەکەون).

هەر بۆیە لەسەر ئاستی چەندین بەرە تێدەکۆشا و دەجەنگا، هەر یەکێك لەم بەرانەش دەورەدرابوون بە مەترسی، باسی هەندێکیان دەکەین، لەوانە:

أ- ((لە ساڵی ١٩١٢ و پێش هەڵگیرسانی جەنگی بەلقان، بەدیعوززەمان دەستنیشانکرا بە سەرکردەی هێزە خۆبەخشەکان، کە پێکهاتبوون لە خۆبەخشە موسڵمانەکان، کە لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵەوە هاتبوون))[1].

ب- ((سەرباری ئەوەی دژی ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی بچێتە نێو جەنگەوە، بەڵام کاتێك جەنگ ڕاگەیەنرا، ئەوا کۆمەڵی پشتیوانانی پێکهێنا، لە قوتابی و خۆبەخشەکان و ڕۆیشتنە نێو مەیدان و گۆڕەپانەکانی جەنگەوە، زۆر بەچاکی ڕووبەڕووی هێزە ڕوسییە دەستدرێژیکارەکان بوونەوە لە قەفقاس.

---

(1) د. محسن عبدالحمید: ٢٠، وەریگرتووە لە کتێبی (سەعید نوورسی و لایەنە نەزانراوەکانی ژیانی): ١٤٨.

کاتێك لەشکری ڕووسی هاتە نێو (بەدلیسەوە)، ئەوا بەدیعوززەمان لەگەڵ قوتابییەکانی زۆر بەجەرگانە بەرگری لە شارەکە دەکرد، تا وایلێهات بە سەختی بریندار بوو، بەم هۆیەوە لەلایەن ڕووسەکانەوە بەدیلگیرا و گوازرایەوە بۆ بەندیخانەی دیلەکان لە سیبریا.

لەکاتی دیلایەتیدا وانەی ئیمانی بەو ئەفسەرانە دەوتەوە کە لەگەڵێدابوون، ژمارەیان نەوەد ئەفسەر بوو))[1].

ت- کاتێك هێزەکانی هاوپەیمانان (ئینگلیز و فەڕەنسییەکان) شاری ئیستەنبۆڵیان داگیرکرد، نوورسی بانگهێشتی ئەنقەرەکرا، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە لە پایتەختە داگیرکراوەدا بچێتەدەرەوە، لەکاتێکدا ژیانی لەمەترسیدابوو، وتی: ((من دەمەوێ لەو شوێنانەی کە زۆرترین مەترسیان تێدایە بجەنگم، نەوەك لە پشت خەندەقەکانەوە، من پێم وایە ئەم شوێنەم لە ئەنادۆڵ مەترسیدارترە))[2].

سەرباری ئەوەی ئەو سەرکردە ئینگلیزەی ئیستەنبۆڵی داگیرکرد بوو، بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ نوورسی دەکردبوو، دواتر لە

---

(1) مەسنەوی عەرەبی: ١٥.

(2) بدیع الزمن – صيقل الاسلام: ٥٤٦ – ٥٤٧.

جێبەجێکردنی بڕیارەکە پاشگەزبووەوە، لەترسی ئەوەی موسڵمانان لەدژی ڕابپەڕن، نوورسی لەو کاتەدا کتێبەکەی نووسی بەناوی (شەش هەنگاوەکە) و تیایدا هێرشی کردەسەر داگیرکەران و بەرپەرچی گومانەکانی ئەوانی دایەوە کە لەبارەی ئیسلامەوە وروژاندبوویان[١].

پ- لە کۆتاییدا باسی ئەم بەشە کەمەی دادگاییکردنەکەی ئەو دەکەین، کە هەڵوێستێکی مەزنی نواند بەرامبەر دادگای دنیزلی، بەبوێریەك وەك ئەوەی گوێبیستی مەرگ نەبووبێ بە دادوەرانی دادگاکەی وت:

((بێ دین و خوانەناسان ئێوەیان لاڕێکردووە، ئێوەیان لە دادگەری و ڕاستی لاداوە، دەوڵەتیان لەسەر ئەرکی سەرەکییان دوورخستۆتەوە، سەرقاڵیان کردووە بە چەند کێشەیەکی بێ سوودەوە، جا خۆسەپاندنیان کردۆتە کۆماری و هەڵگەرانەوەیان کردۆتە سیستەم، نەزانی و گەوجیان بە شارستانیەت و ستەم و زۆرداریان بە یاسا داناوە، بەمەش ناپاکیان لە نیشتمانەکەیان

---

(١) د. الوصيف: ١٥٢.

کرد، گورزێکی وایان لێدا کە هەرگیز بیانیەکیش گورزی وای لێنادات))[1].

لە یەکێك لە بەرگرییەکانیدا و لە کۆتا ڕۆژەکانی تەمەنیدا، وتەیەکی پێشکەشی دادوەران کرد و وتی:

((چاك بزانن، ئەگەر بە ئەندازەی ژمارەی مووەکانی سەرم، کەللەسەرم هەبێ، و هەر ڕۆژە و یەکێك لەو کەللەسەرانەم بپەڕێنرێ، ئەوا هەرگیز ئەو سەرەم کە تەرخانم کردووە بۆ ڕاستییە قورئانیەکان شۆڕی ناکەمەوە لەبەردەم خوانەناسان))[2].

**٣- مامەڵکردنی بە یەکسانی لەنێوان قوتابیانی و ئەوانەی کاریان لەگەڵیدا دەکرد:** تەنانەت لەگەڵ ئەو تاوانکارانەش کە لە بەندیخانەدا لەگەڵیدابوون، بۆیە ئەمە یەکێك بوو لە ڕەوشتەکانی، سیفەتێکی دیاربوو لە نێو سیفەتەکانیدا،بەڵکو لە نێو ئەو دەستوورە کۆمەڵایەتییەدا بوو کە ئەو بۆ خۆی و قوتابیانی نوور داینابوو، بۆیە نوورسی وتویەتی:

---

(١) سيرة إمام المجدد: ٥٧، والشعاعات ١٨، والدكتور محسن عبدالحميد: ٣١.

(٢) تیشکەکان: ٢٩٤.

((ئەو دادگەریەی یەکسانی تێدا نییە، لە بنەڕەتدا هەر دادگەری نییە)).

**٤- سەبارەت بە تێنووبوونی بۆ هەرچییەکی تازە و نوێیە:** پێشتر هەڵوێستی ئەو خرایەڕوو لەبارەی زانستە گەردوونیەکان، بەتایبەت تەکنەلۆژیا، نوورسی بانگەوازی کردووە بۆ توێژینەوەی زانستە هاوچەرخەکان لەپاڵ زانستە دینییەکان لە قوتابخانە دینیەکاندا، هانی خەڵکی دەدا تا ڕۆڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە هاوچەرخەکان بکەن. ((کاتێك پەیامەکانی نوور ڕۆیشتنە چاپخانەکان، دەستیان بە بڵاوبوونەوە کرد، ئەوا مامۆستا نوورسیت بە دانیشتنەوە نەدەبینی، بەڵکو هەردەم دەهات و دەچوو و بەردەوام چالاك و شادومان بوو، خەریکبوو لە خۆشحاڵیان بفڕێت))[1].

**٥- ئەوەی پەیامەکانی نوور بخوێنێتەوە، ئەوا تێگەیشتنە قوڵەکانی بۆ ڕێسا و شێوازەکانی گۆڕانکاری دەبینێ،** و چەندە مامۆستا تواناداربووە لە دارشتنی دیدگا و بایەخدان و بە بەیەکەوە بەستنەوەی ئەو بیرۆکانەی لە نێو شوێنکەوتووانیدا بڵاوی دەکردەوە، چۆن هەڵسوکەوتی زانستی ڕوون کردۆتەوە بۆ ئەو شوێنکەوتووانەی بەوردی پەروەردەی کردوون، لەمیانەی

---

[1] أسيد إحسان قاسم: ١١٠.

ڕەفتارەکانی خۆیەوە کە سەرەتا بۆ ئەوان بووەتە پێشەنگ، دواتر لە ڕێگەی پەیامەکانی نوور کە جێگەی ئەویان گرتۆتەوە، ئەم پەیامانە دەگەیشتنە دەستی زۆرێك لە قوتابیان، ئینجا بە دڵ و عەقڵەکانیان.

**٦- هەرگیز خەڵك شتێکیان لە مامۆستا نوورسیەوە نەزانیوە، سەبارەت بەوەی فێڵ یان ساختە یان درۆی کردبێ**، یان پێچ و پەنای لە ڕەفتار و گوفتاردا هەبێ، دەی با ڕابمێنین لەو وتە بەپێزە کە سیستەمی هەڵسوکەوتی ئەم پێشەوایە ڕوون دەکاتەوە، کە گەشاوەیە بە دونیابەکەمزانی و داوێنپاکی و ڕاستگۆیی و تێکڕای خەسڵەتە بەرزەکان:

((یەك دەنکە سەدەقە و بەخشین، خەڕواڵێك لە درۆ لەناودەبات.

یەك ڕاستی کێوێکی خەیاڵ دەڕووخێنێ.

ڕاستگۆیی بنچینەیەکی مەزنە، گەوهەرێکی درەوشاوەیە. لەوانەیە جێگایەك چۆڵ بکات بۆ بێدەنگی، ئەگەر زیانی تێدابێ، بەڵام هەرگیز شوێن بۆ درۆ نییە.. هەرچەندە کەڵك و سوودی تێدابێ.

کەواتە با هەموو قسەکانت ڕاستی بن، و خەونەکانیشت ڕاستی بن، بەڵام دەبێ درك بەوە بکەیت کە: بۆ تۆ نییە هەموو ڕاستی ئاشکرا بکەیت.

ئەم بنەما و ڕێسایە بکە بە دەستووری خۆت:

((ئەوەی پاکە وەریبگرە، واز لەوە بهێنە کە کرچ و کاڵە، بەچاکە بڕوانە و بەچاکە ببینە، با بیرۆکەکانت باش بن، گومانی باش ببە، بەچاکی بیر بکەرەوە تا ژیان بە خۆشی و چێژەوە ببینی.
ئەو ئومێدەی لە گومان چاکیدایە، ژیان بەبەر ژیاندا دەکاتەوە.
لەکاتێکدا بێ ئومێدی لە گومان خراپیدا خۆی دەبینێتەوە، بەختەوەری مرۆڤ کلۆر دەکات و ژیان لەناودەبات))[1].
نوورسی بە ئەندازەی دووری ئاسمان لە زەوی دوورە لە کاری ناڕەوا و بەد، دەبێ هەر واش بێ.. هەرگیز ناپاکی و گزی (غەش)ـی لە شوێنکەوتووانی و هیچ یەکێك لە خەڵکی نەکردووە، چونکە ئەوەی گزی و ناپاکی بکات ئەوا لە موسڵمانان نییە، فێڵ و تەڵەکەی نەناوەتەوە، هیچ یەکێکی بەرەو هەڵدێر و تیاچوون نەبردووە بەهۆی هەوەسێکی منداڵانە، یان هەرزەکاری هزری یان سۆزەوە، بەم هۆیەوە بەگوێرەی توانا توانی قوتابییەکان بپارێزێ، مامۆستا لە لوتکەی قوربانیدان بەخۆی بۆ قوتابیانی، لە هەمان کاتدا سازشی نەدەکرد لەسەر بەرژەوەندی دین و بیروباوەڕەکەی، لە سەختترین بارودۆخدا بەرەوڕووی ستەمکاران دەوەستا، لەپێناوی خوادا لە هیچ لۆمە و سەرزەنشتێك

---

(1) وتەکان: ٨٥٤.

نەدەترسا، جا بە باوەڕ و ئیمانەکەی بەسەر هەموو ئارەزوو و دەستکەوتە دونیاییەکاندا سەرکەوت، هەرگیز نزمی لە دینەکەیدا قبوڵ نەدەکرد[1].

بەمەش لەگەڵ شوێنکەوتوو و موریدەکانی قەیرانەکانی تێپەڕاند، و متمانە ئەوانی تا بەرزترین ئاست بەدەستهێنا.

## دووەم: چەند سیما و نیشانەیەکی پلانە گۆڕانخواز و چاکسازییەکەی:

لەسەرەتاوە داندەنێم بەوەی شارەزاییەکی تەواوم نییە لە هەموو نووسینەکانی پێشەوا نوورسی (خوای گەورە بە ڕەحمەتی فراوانی خۆی دایبگریێ)، هەر بۆیە وتم چەند نیشانە و سیمایەك، نەوەك نیشانە و سیماکان، چونکە ئەگەر بەگشتگیریبێ ئەوا پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونی زیاد لە تاکێك واتە کاری بەکۆمەڵ و هەرەوەزی پێویستە بۆ ئەم کەلەپورە مەزنە، و بۆ ژیانێك کە هێشتا زۆرێك لەلایەنەکانی لای خەڵك نەزانراون، ئەمەش بەهۆی خودی پێشەواوە و بەهۆی ئەو بارودۆخانەی دەوری ئەویان دابوو، و کاری هێزە سیاسی و هزری و کەلتوری و ڕۆشنبیرییە دژەکانی، ئەم هێزەش مەزنە و بەکەم دانانریێ، چونکە هەردەم

---

(1) نبيه زكريا عبد ربه – الحركات الإسلامية ضد الصهيونية والصليبية والشيوعية: ٣٠٣.

ئاواتی زاڵبوون بوو بەسەر هزری مرۆڤدا، بەمەش خەڵك بێ ئاگابێ لەو هزرە زەبەلاحە، بە شاردنەوە و بەخاکسپاردنی لە شوێنێکی نەناسراو، هەروەك چۆن ئەمەیان لەگەڵ لاشەی پیرۆزی ئەو کرد لە دوای مردنی، دەی خۆزگە ئەمەی لەگەڵ نەکرابووبا..

بەدیعوززەمان لە کاتێکی زووەوە و لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم – ڕەحمەتی خوای لێبێ – هەستی بە گەندەڵی و پشێوی و دواکەوتوویی کرد، کە دووچاری ژیانی سیاسی و ئابووری و هزری و ڕۆحی ببوون، چاك دەیزانی نەزانی ڕەگی داکوتاوە لە ناوەندە گشتیەکاندا، بۆیە پێویستی بە بزوتنەوەیەکی گۆڕانخوازییە بەر لەوەی کات بەسەربچێ، بۆیە پەیمانی زۆریدا، ئاماژەی دەکرد بە دواکەوتوویی دەوڵەت و ئوممەت، کە ڕووبەڕووی تەحەدای مەزن بوونەتەوە، لە ئاستی دەرەوە و ناوەوە، لەکاتیکدا توانایان نییە ڕووبەڕووی ئەو تەحەدا و پیلانگێڕیە ناوخۆییانە ببنەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە خەڵك ناخی خۆیان بگۆڕن، لە دووربوون لە خوای مەزن و ئاینە ڕاست و دروستەکەی و ڕەوشتە لێبوردەکەی و بنەماکانی دادگەری.. نوورسی خاڵی دواکەوتنی ئوممەتی زانی، هەروەك ئەوەشی زانی کە پێویستە ئوممەت لە کوێ و لە چ شوێنێك بێ تا خۆی و قەوارە و ئایین و بەهاکانی بپارێزێ... بەدیعوززەمان وتویەتی:

((ئەم دەوڵەتە کە پێشتر پاراستنی سەربەخۆیی جیهانی ئیسلام و بەرزڕاگرتنی فەرمایشتی خوا لەئەستۆگرتبوو، بە ئەنجامدانی ئەرکی تێکۆشان — وەك فەرزێکی کیفایە[1] — و خۆی کردۆتە قوربانی و فیداکاری جیهانی ئیسلامی، کە وەك یەك جەستە وایە، بەیداخی خەلافەتی هەڵگرتووە.. دەڵێم:

ئەم دەوڵەتە و ئەم ئوممەتە موسڵمانە، قەرەبووی ئەم دەردە دەکاتەوە کە دووچاری دەبێ، بە شادییەك کە جیهانی ئیسلامی پێدەگەشێتەوە، ئازادی بۆ فەراهەم دەکات، بەمەش دەرد و زیانەکانی ڕابردوو نامێنن، گومان لەوەدا نییە ئەوەی سێ سەد بەرامبەر بەسێ بەدەستدەهێنێ، دۆڕاو نییە، ئەوەی ورەبەرزە بارودۆخی ئێستای دەگۆڕێت بۆ ئایندەیەکی گەشاوە. ئەم ئاشوبە سۆز و بەزەیی و برایەتی و پەیوەندی بەهێزی بەشێوەیەکی ناوازەی لە نێوان موسڵماناندا ژیاندۆتەوە))[2].

ناوبراو هۆکارەکانی جەنگە جیهانییەکانی، کە کارەساتی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنا و ملیۆنان کەسی کردە قوربانی، دەگەڕاندەوە بۆ

---

(1) فەرزی کیفایە: ئەو فەرزەیە کاتێك بەشێك لە موسڵمانان پێی هەڵدەستن ئەوا فەرزەکە لەسەر تێکڕای موسڵمانان هەڵدەستێ. (وەرگێڕ).

(2) وتەکان: ٨٥٤.

((گومڕایی کە سەرچاوەی گرتووە لە هزری ماددی و ئازادی ئاژەڵگەرایی و زاڵبوونی هەوەس و ئارەزوو.

**ئەو هۆکارانەش کە بۆ ئێمە دەگەڕێنەوە بریتین لە:**

فەرامۆشکردنی بنەماکانی ئیسلام، وازهێنان لە واجبەکان، چونکە خوای پاك و بەرز داوای لێمان کردووە یەك کاتژمێر لە بیست و چوار کاتژمێردا بۆی تەرخان بکەین، ئەم داوایەشی لە پێناو ئێمەدا کردووە.. بۆ ئەنجامدانی پێنج نوێژە واجبەکە، کەچی ئێمە تەمبەڵیمان لێیکردووە، خۆمان لێی بێئاگا کردووە، بەم هۆیەوە خوای گەورە پاداشتی ئێمەی داوەتەوە بە مەشقێکی بەردەوام بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر، بەدرێژایی پێنج ساڵی یەك لەدوای یەك. واتە ئێمەی ناچارکردووە لەسەر جۆرێك لە نوێژکردن!

خوای پاك و بێگەرد داوای لێمانکردووە لە ساڵێ مانگێك بەڕۆژوو ببین، ئەمەش ڕەحمەتە بۆ ئێمە، کەچی دەروونمان لوتبەرزی نواندووە، بۆیە ناچارکراین بەدرێژایی پێنج ساڵ بەڕۆژوو ببین، بۆ پاکبوونەوەی گوناهەکانمان.

خوای مەزن داوای لێمان کردووە دەیەك یان یەك لە چل بەشی داهات و سامانمان بکەین بە زەکات، لەکاتێکدا هەر خوا پێیبەخشیوین، کەچی چرنووکیمان نواندن و تێکەڵ بە حەڕاممان کرد، و بەویستی خۆمان

نەمانبەخشی، بۆیە ناچاربووین زەکاتەکە بە کەڵەکەبووی بدەین، بەمەش لە حەڕام ڕزگارمان بوو. کەواتە پاداشتەکەمان لە خودی کردەوەکە وەرگرتەوە))[1].

ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ کە ئەم کەموکورتیانە پێویستە چارەسەر بکرێن، تا کێشە و کارەسات و تۆڵەی خوایی تەشەنە نەکات..

دواتر هەستکردن و پەیی پێبردنی بە بارودۆخە خراپەکە زیاتر بوو، درکی بەوە کرد کە دۆخەکە زیاتر بەرەوپاش دەچێت، بەهۆی ئەو سیاسەتە گەوجانەیەی عەلمانیە نەژادپەرستە کەمالیستەکان پەیڕەوی دەکەن، کە خاوەنی هزری دزەکراون، ئەمەش لەسەر دەستی جولەکە و ئەوانەی پیلان و فیڵیٚ و تەڵەکە لە کۆڕبەندە ماسۆنییەکانەوە وەردەگرن، بۆ تێکدان و گەندەڵکردنی خەڵکی سادە و تایبەت، ئەمەش لەمیانەی سیاسەتی دووفاقی، ئەم سیاسەتە کە دڕندەیەکی ترسناکی تێنووی هەڵمژینی خوێنی هەموو چاکە و بەهایەکە، کە ئوممەتی بەرزکردووەتەوە بۆ سەرووی ئوممەت و گەلان، لەڕووی مرۆڤایەتی و دادگەری و بەبەزەیی و جوانی و شکۆمەندیەوە: ((و حەزکردن لە دڕەندەیەکی ترسناك کە سۆزەکە

---

() وتەکان: ٨٥٩.

کپ نابێ، بەڵکو حەزەکەی دەوروژێنێ، ئینجا دێت و داوای کرێی کەڵب و نینۆکەکانی دەکات))[١].

بەدیعوززەمان پرسیار دەکات و دەڵێت: ئێستا ئێمە لەکوێداین؟

بەخۆیشی وەڵامی خۆی داوەتەوە و وتویەتی: لە پاشکۆ و کلکی دەوڵەتاندا.

– بۆچی؟

– بەهۆی دووریمان لە دینە مەزنەکەمان، و بەهۆی نەزانی و دواکەوتوویی و هەژاری و ڕاجیایی و خۆسەپێنی و لەشگرانی و پیلانگێڕان دژی یەکتر.

– کەواتە چیمان لەسەر پێویستە بیکەن؟

– هەروەك خوای پاك و بەرز فەرمانی کردووە و گەورەترین ئامراز و هۆکاری گۆڕانی ڕوونکردۆتەوە: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ الرعد: ١١. واتە: **(بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت، هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن)**، کاتێك بەهاکانی خۆمانمان گۆڕی، وازمان لە ئیسلامەکەمان هێنا، ئەوا خوای گەورە ناز و نیعمەتەکانی خۆی لەسەر ئێم گۆڕی، بەمەش شەکەت بووین و

---

() وتەکان: ٨٥٠.

شکاین و بۆ دواوەگەڕاینەوە، ئێستاش ئێمە لە دواوەی ئوممەت و گەلانین، جا ئەگەر بمانەوێت سەرلەنوێ هەڵبستینەوە، کەواتە دەبێ گۆڕانکاری بکەین لە خودی خۆماندا، و بگەڕێینەوە بۆ ئەم ئاینە مەزنە و دەستگرتن بە ڕێنماییەکانی، و دەستکردن بە ڕێنماییەکانی لە ژیانی گشتی و تایبەتیماندا.

بەدیعوززەمان دەڵێت:

((سیاسەتی شارستانیەتی ئێستا زۆرینە دەکاتە قوربانی کەمینە، تەنانەت زۆرینەیەکی گەلێك زۆر لە خەڵکی سادە دەکاتە قوربانی کەمینەیەکی هەرە کەمی ستەمکار (بەکاریان دەهێنێ لەپێناو بەرژەوەندییەکانیدا).

سەبارەت بە دادگەری قورئان، ئەوا هەرگیز ژیانی یەك کەسی بێتاوانیش ناکاتە قوربانی، تەنانەت خوێنی یەك مرۆڤی بێتاوان ناکاتە قوربانی لەپێناو زۆرینە یان تێکڕای مرۆڤایەتی، ئەوەتا ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز دەفەرموویێت: ﴿مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا﴾ المائدة: ٣٢. دوو نهێنی مەزن دادەنێتە بەردەم مرۆڤ:

**نهێنی یەکەم:** دادگەری پوخت، ئەم دەستووره (بنچینەیە) مەزنە، کە بەیەك چاو و بەیەکسانی سەیری تاك و کۆمەڵ و مرۆڤ و جۆر دەکات،

هەموویان لە ڕووانگەی دادگەری خواییدا یەکسانن، هەروەك چۆن لە دیدی توانستی خواییدا چوونیەکن، ئەمە ڕێسایەکی بەردەوامە.

**نهێنی دووەم:** ئەگەر لەخۆباییەك کەسێکی بێ تاوانی کوشت بێ دەستپاراستن، ئەمەش لەپێناو جێبەجێکردنی سوربوونەکەی، و تێرکردنی هەوەس و ئارەزووەکانی، ئەوا ئەو لەخۆباییە ئامادەیی تێدایە تا جیهان و ڕەگەزی مرۆیی لەناوببات ئەگەر لەتوانایدا بێت))[1].

کەواتە.. بەدیعوززەمان پەنجەی خستە سەر دەرد و دەرمانەکە..

دەردەکە... دووربوونە لە دین، لەگەڵ ئەو شتانەی بەدوایدادێن لە نەزانی و دواکەوتوویی و پشێوی ڕەوشتی، دەرمانەکەش بەشێوەیەکی سادە خۆی دەبینێتەوە لە: گەڕانەوە بۆ ئەم ئاینە.. بەڕزگارکردنی ئیمان.. ئەمە ئامانجە ستراتیژیەکەیە کە خۆی و برایەکانی پێیەوە پابەندکرد، هەر لەو کاتەی سوربووە لەسەر چاکسازی و گۆڕانکاری، جا ئەگەر خەڵك بۆ ئیسلام و ئیمان گەڕانەوە، ئەوا ڕێڕەوەکەیان سەلامەت دەبێ لە ڕێگەی گەیشتنیان بە بەختەوەری لە دونیا و دوارۆژدا.

بۆ ئەم مەبەستە ڕێنیشاندەر و ڕێبەرەکەی لە هەر هەنگاوێکیدا، بریتی بوو لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێز.. بە ڕووناکی ئەمان خۆی ڕۆشنکردبووە لە نێو ئەو تاریکستانیەی تورکیای لولپێچ کردبوو، لەکاتێکدا

---

(1) وتەکان: ٨٦٢.

نوورسی بەسەر دڕك و داڵ و بەنێو میندا تێدەپەڕی. هەروەك چۆن سەرکردە مەزنەکەی ئەو — کە پێغەمبەری خوایە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) — ڕێگاکەی دەبڕی بەرەو دڵ و عەقڵەکان، لەکاتێکدا نقومی پیسییەکانی نەفامێتی بتپەرستی کوێرانە ببوون، لێرەوە پێویستە ئامادەسازی بکرێ لەپێناو کرداری چاکسازی و گۆڕانکاری:

## یەکەم: ئامادەکردنی دەروون و تاك:

أ- بۆ ئەوەی بەرگەی ناخۆشی و تەنگوچەڵەمەکانی ڕێگە دڕکاویەکە بگرێ، ئەوا پێویستە دەروون و ناخ پەروەردە بکات و مەشقی پێبکات، ئەمەش بەپاکسازی کردنی، و یارمەتیدانی لەسەر ڕامکردنی کۆسپە پەککخەرەکانی بەردەمی، بەرگەگرتنی ئێش و خەم و خەفەت و جۆرەکانی ئەشکەنجە و ئازار، کە چاوەڕێی ئەو دەکەن، ئەمەش ڕێسای خوایە لە بانگەواز و بانگخوازاندا..

نوورسی لە خودی خۆیەوە دەستیپێکرد و چارەی دەردەکانی کرد، خۆی پاککردەوە لە شتە دزێوە مادییەکانی ژیان، و هەرچییەك کە جوامێری و داوێنپاکی و چاکەخوازی لەکەدار بکات، پشتی لە هەموو ئەو شتانەکرد کە خەڵك لەپێناویدا

دەجەنگن.. پشتیکردە سامان و پلەوپایە و پۆست و ناوبانگ و هەموو ئەو شتە پوچانەی ڕۆڵەکانی دونیا لەسەری بەکێشەن تا وایلێهات نوورسی بووە نموونەیەکی زیندوو کە بانگەوازی بۆ نەکردبوو.. لای ئەو تیۆر و ڕەفتار وەك یەکیان لێهات، چیتر هیچ کەلێنێك نەما کە ترازان دروست بکات لەنێوان تیۆر و کردارەکانیدا، هەروەك چۆن زۆربەی خەڵك و لەنێویشیاندا بانگخوازان یان زانایانی ئایین دووچاری بوونە.. بەدیعوززەمان خۆی پاکساز و چاکسازکرد، بەر لەوەی بانگی ئەوانیتر بکات، بەمەش کەوتە نێو دڵی خەڵکەوە.. وتە و هەڵسوکەوت و کەسایەتییەکەی جێگەی گرت لەنێو دڵی خەڵکدا، تا وایلێهات بووە نموونەیەك کە شوێن پێی هەڵبگیرێ، پێشەنگێك کە قوتابیەکانی پەروەردە بوون بە کردارەکانی بەر لە گوفتارەکانی.

ناوبراو لەبارەی خۆیەوە وتویەتی:

((پێویستە سەرەتا لە خۆمەوە دەستی پێبکەم، چونکە بێگومان ئەوەی نەتوانێ ناخ و دەروونی خۆی پاکساز و چاکساز بکات، ئەوا هەرگیز ناتوانێ کەسانی تر بەرەو چاکی و پاکی ببات))[1].

---

() وتەکان: ٢٩٧.

ئەوەی کتێبە ناوازەکەی (مەسنەوی عەرەبی نووری) بخوێنێتەوە، کە بەر لەوەی بۆ ئەوانیتر بنووسێ بۆ خۆی نووسیوە، پوختەی بیرۆکە و هزرەکانی ئەوی تێدایە، لەگەڵ پێوەری زانستی و هاوکێشەی ژیربێژانە و پەیڕەوی سروشتی، کە برسێتی ڕۆح تێر دەکات، بیر و هزر پاراو دەکات، چەشنێکی تازە و دەگمەن بەدیدەکرێ لە شێوازەکانی پاکسازی و پەروەردە، تیایدا ((وردترین پێوەری عەقڵی و هاوکێشەی ژیربێژانەی تێکەڵکردووە بە بەرزترین خولیا و هەستی دڵ و درەوشاوەترین گەشانەوی ڕۆح، لە میانەی چەند نموونەیەکی بەرهەست کە خەریکە لە هیچ یەکێك شاراوە نەبێ، جا بەنەرم و نیانی دەستی خوێنەر دەگرێ و لەگەڵیدا لە مەیدانەکانی دەروون و ئاسۆکاندا گەشتی پێدەکات، ئەو دەرئەنجامە سەلمێنراوانەی بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە پێی گەیشتووە لە دوای تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە، کە ئەم تاقیکردنەوانەی ئەزموون کردووە لەژێر ڕێنوێنی قورئانی پیرۆز.. ئەمەیان پەیڕەوی قورئانە کە بێ هاوتا و هاوشانە بۆ هەر موسڵمانێك، بەڵکو بۆ گشت مرۆڤێك))[1].

ب- دواتر ستایشی براکانی دەکات، تا ببنە بانگخوازی هۆشیار لە کۆمەڵگەیەکدا، کە عەلمانیەت شەنوکەوی دەکات، تا ئەوان ببنە بنچینەیەکی تۆکمە و قەڵغانی بەهێز و کانگای ڕووناکی و نوور لە

---

() لە پێشەکی کتێبی مەسنەوی، کە ساڵحی پێشەکیەکەی بۆ نووسیوە: ٥ – ٦.

نێو کۆمەڵگەی کەمالیستدا، کە دوژمن بارگەکانی تێدا داناوە و پەلوپۆی تێدا ڕاکێشاوە.. بە وانە و ئامۆژگاری و پەیامەکانی ئەوان ئامادە دەکات، ڕاستی ئەو ڕووداوانە بۆ ئەوان ئاشکرا دەکات، کە لەسەر ئەو خاکە ڕوویاندا کە خاوەنەکانی بۆ چەندین سەدە ئیسلام و موسڵمانانیان پاراست، تەلاری عەلمانی و خۆرئاواگەرا و نەتەوەپەرستەکانی دەڕووخاند و گومان و پێشنیازەکانی ئەوانی پوچەڵ دەکردەوە، دڵی قوتابیانی نووری پڕ دەکرد لە نووری قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێزی پێغەمبەری مەزن (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، دەروونی ئەوانی بارگاوی دەکردبە وزەی ئیمان، عەقڵی ئەوانی پڕچەك دەکرد بە نیشانە و بەڵگە، تا دواتر هەنگاوبنێن بەرەو ماڵ و گوند و گەڕەك و شوێنەکانی کاریان، و مژدە بدەن بە ڕێنماییەکانی ئیسلام و لەپێناوی خوادا لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەترسێنن گوێنەدەن بۆ پیلانی پیلانگێڕان و زیندانی دەسەڵاتداران و گومڕایی بەلشەفییە خوانەناسەکان..

ژیانی پێشەوا نوورسی لەگەڵ قورئان و دابەزێنەری قورئان و ڕاگەیەنەری قورئاندا بوو، و لەگەڵ ژیانی دەستەبژێرێك لە قوتابیانی نوور.. بێگومان بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ژیانەی

گوزەراندبێ، دەستپێشخەربێ بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەو و ڕاستەڕێکردنی لادانەکان، و مژدەدان بە هزر و بیرۆکە بنەڕەتییەکان، کە یارمەتیدەرە لە سەرخستنی پڕۆژەی گۆڕانکاری و چاکسازی.

هەردەم ئومێدی لە ناخی ئەواندا دەچاند، – بەزمانی حاڵی خۆی بەردەوام بوو لەسەر بەخشین، بەزمانی گوفتاریش – جەخی دەکردەوە لەسەریان بۆ بەردەوامبوونی ڕاستەقینە لەسەر بانگەوازەکەی بەبێ ماندووبوون و ترس و وەرس بوون، هۆشداری بەوان دەدا لەهەمبەر دەردەکانی دڵ، کە پەرەیسەندووە لە هەڵسوکەوتی خەڵکدا، هەرگیز قبوڵی ئەوەی نەدەکرد هیچ یەکێك لە مەجلیسەکەی ئەودا سەرزەنشت بکرێ[١]، هەردەم بە قوتابییەکانی و بە خەڵکیشی دەوت:

((سەرچاوەی لوتبەرزی: بچوکی دەروونە.

کانگای لەخۆباییبوون: لاوازی دڵە.

دەستەوەسانی سەرچاوەی ترسە.

تەنگانە فێرکاری گەوجایەتییە.

سەرچاوەی تەنگانە: بێ ئومێدی و بەدگومانیە.

---

() أسيد إحسان قاسم: ٨٨.

گومڕایی گومڕایی هزرە.

تاریکی تاریکستانی دڵە))[1].

لەپێناو پێداگرتن لەسەر ڕاوەدوونانی ئەم دەردانە، ئەم مانایانەی لە زیاد لە جێگایەکدا دووبارە دەکردەوە:

((ئەی ئەوەی (من)ـی زیاد لەخۆی هەڵگرتووە.

لەخۆباییبوون و لوتبەرزی لە کەللەسەریدا هەڵگرتووە.

پێویستە ئەم پێوەرە بزانیت:

بەڕاستی پێوەری مەزنایەتی لە کەسانی کامڵدا خۆبەکەمزانینە.

بەڵام سەبارەت بە کەسانی کەموکورت و کرچ و کاڵ، تەرازووی بچوکێتی لەواندا بریتییە لە خۆبەزلزانین))[2].

یەکێك لە قوتابییەکانی (هەروەك لە کتێبی "یادەوەرییەکانی سەعید نوورسی"ـدا هاتووە) دەڵێت:

((لە زۆربەی وانەکانیدا نوورسی لەبارەی برایەتی و دڵسۆزی دەدوا، دەردەکانی ئەم سەردەمەی ئێمەی دەستنیشانکردووە بە لەخۆباییبوون و خۆویستی و خۆشویستنی دەروون))[3].

---

(١) وتەکان: ٨٧٣.

(٢) وتەکان: ٨٧٠.

(٣) چەند یاداشتێك لەبارەی سەعید نوورسەوە: ٩١.

ناوی لەم ڕۆژگارەی ئێمە ناوە ڕۆژگاری بێئاگابوون لە خوا، ناوبراو دەڵێت:

((لەم سەردەمەدا دەبینی خاوەن هزر و بیرۆکە لادەرەکان لە ئایین، هەموو شتێك دەکەنە ئامراز و هۆکار بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان، بۆیە دەیانبینی دین و کردەوەکانی دوارۆژ بۆ دەستکەوتی دونیایی بەکاردەهێنن))[1].

سەبارەت بە قوتابییەکانی ئەو، قوتابییەکانی نوور، هەرگیز نابێ خۆویست یان لەخۆبایی بن..

مامۆستا نوورسی هەڵسا بەکاری ڕۆشنکاری و ڕێنیشاندنی قوتابیانی نوور، تا بتوانن ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە بەوانەوە بەستراون:

- بۆیە ئامۆژگاری ئەوانی کرد، بە دووربوون لە دەمەتەقێی نەزۆك لەگەڵ ئەوانی تردا، بەتایبەت لەگەڵ زانایان و سۆفیەکان و بیدعەکاران، تا ئەوانە نەچنە پاڵ مولحیدان و دەسەڵاتداران.
- پیلانەکانی مولحیدانی ئاشکراکرد، بانگەشە پوچەکانی عەلمانیەکانی تەفروتونا کرد.

---

() هەمان سەرچاوە: ٩١.

- بانگەشەی کرد بۆ وەستان بە ڕێکوپێکی و چەسپاوی لە بەرامبەر مادەگەرایی سنووربەزێن.
- ئەوانی ڕاهێنا لەسەر ناخۆشییەکان، جا زیندان بۆ خواپەرستی و تۆبە و پەشیمانیە، ڕێگر و لەمپەرە لەبەردەم گوناهەکان و پاڵنەرە بۆ پاکسازی ناخ و دەروون. چەندین نموونەی بۆ ئەوان دەهێنایەوە بەو پێشەوایانەی دووچاری تاقیکردنەوە هاتوون، وەك: ئەبو حەنیفە و ئیبن حەنبەل.
- ئەوانی بانگکرد بۆ لێخۆشبوون لەوانەی خراپەیان بەرامبەر بەوان کردووە، بە ئەندازەی گەردیلەیەك گیانی تۆڵەسەندنەوە لە ناخیان هەڵنەگرن[1].

ئەوپەڕی گرنگی و بایەخی بە قوتابییەکانیدا، چونکە ئەو بەڕاستی باوەڕی وایە: ((چۆنیەتی باشتر و گرنگترە لە چەندێتی، گەیاندنی ڕاستییەکانی قورئان بەدڵسۆزی و ڕاستگۆیانە بە دە کەس، لای من گرنگترە لە ڕێنوێنی کردنی هەزاران کەس لە ڕێگەی تەریقەتی سۆفیگەریە، گەیاندنی بانگەواز بە دە کەس، وەك دە دەنکە تۆ وان کە دەڕوێن و بەویستی خوا دەبنە درەختی چەسپاو.. بەڵام ئەم سۆفیگەرانە دەکرێ هزر و بیرۆکەیان بشلەقێ لەبەرامبەر هێرشی گومڕاکەری فەلسەفیدا)).

---

(1) پاشکۆکان: ٣٧٢.

## دووەم: ماڵ و خێزان:

مامۆستا نوورسی جەختی کردۆتەوە سەر ماڵ و خێزان، بە مێرد و ژن و منداڵەکانەوە، داوای کردووە پارێزگاریان لێبکرێ، چونکە خانەی یەکەمن لە کۆمەڵگەی چاك و بەختەوەردا، بۆیە دەڵێت:

**((ژیانی خێزانی یەکەم قەڵای تۆکمەی مرۆڤە، بەتایبەت بۆ موسڵمان.. کە وەك بەهەشتی بچوککراوە و دونیایە بچوککراوەکەیەتی))**[1].

لەبەر ئەمە((قوتابییە ئافرەتەکانی نوور بەڵێنیاندا، ئێمەش لە ڕێگەی پەیامە جیاوازەکانەوە بۆیان ئەوانمان ڕێنوێنی کرد، بەرەو چاك ڕووکردنە خوای مەزن و چاودێری کردنی ماڵ و منداڵ، و چاکبوون لە ژیانی هاوسەرێتیدا، پاراستنی داوانپاکی و پاکیزەییان، کە لە ئاینی یەکخواناسەوە سەرچاوەی گرتووە، نەکەوتنە دوای شتە مادییەکانی ئێستا کە خۆرئاواییین و لەناوبەرن[2].

پەیامی باڵاپۆشی (حیجاب)ـی نووسی، بەهۆیەوە حوکم درا، ((سەرەتا ئەم پەیامەی ئاڕاستەی گشت ئافرەتێکی تورکی موسڵمانی کرد، بۆ پاراستنی لە هزرە ئیلحادییەکان، کە لە تورکیا بڵاوببووەوە و داوای

---

(1) د. الوصیف: ١١٩.

(2) پاشکۆکان: ٣٧٢.

دەکرد ئافرەتی موسڵمان دابماڵرێ و دەربچێ لە بیروباوەڕ و شەریعەتەکەی، دواتر واز بهێنێ لە پاکی و ڕێز و شکۆ و باڵاپۆشییەکەی، بەپاساوی پێشکەوتن و ڕۆیشتن لەگەڵ کاروانی شارستانیەتی خۆرئاوا، جا نوورسی ئامۆژگاری ئەوانی کرد بەدەستگرتن بە فەرمانەکانی خوای گەورە، چونکە هەر هەموویان ڕەحمەتن، ئەوانی ئاشناکرد بە ساختەیی و و بێ کەڵکی شارستانیەتی خۆرئاوا))[1].

بانگی ئافرەتی کرد بۆ کاسبی حەڵاڵ و کاسبی دەستی خۆی، ئامۆژگاری باوان و خزمانیشی کرد چاك پەروەردەی منداڵان بکەن، جا وتویەتی:

((ماڵەکانتان بکەنە قوتابخانەیەکی بچووککراوەی نوورسی و شوێنی وەرگرتنی زانست و خواناسی، تا منداڵان پەروەردە ببن، کە بەرهەمی جێبەجێکردنی ئەم ڕێسا و سوننەتەن، لەسەر ئیمان و باوەڕ، بەمەش بۆ ئێوە ببنە تکاکار لە دواڕۆژدا، چاکەکاریش بن لەم دونیایەدا))[2].

هۆشداری داوە لە فەرامۆشکردنی ئەم پەروەردەیە، داوای کردووە دوورەپەرێز بن لە پەروەردەی ئەوڕوپی، چونکە بەهۆی پەروەردەی ئەوڕوپییەوە، منداڵان لە دونیادا دەبنە بارگرانی بەسەریانەوە، لە

---

(١) هەمان سەرچاوە: ١٧٤.

(٢) د. الوصیف: ١١٧.

دوارۆژیشدا لێپرسینەوە لەگەڵ باوانیان دەکەن، پرسیاریان لێدەکەن: کە بۆچی ئیمانی ئێمەتان ڕزگار نەکرد؟ بەمەش پەشیمان دەبنەوە، پەشیمانیش داد نادات.

هۆشداری داوە لە سیماکانی بەڕەڵایی لە ئافرەتان و پیاواندا، بۆیە وتویەتی:

((ئەگەر پیاوە گەوجەکان خۆیان بە ئافرەتان چواند لە هەوەسبازیدا

ئەوا ئافرەتە خراپەکارەکان بە ئاشکرا کاری نابەجێ دەکەن.

شارستانیەتە ناهۆشمەندەکە ئافرەتانی لە لانەی خۆیان دەرهێنا، ڕێز و شکۆی ئەوانی سوککرد، ئەوانی کردە کەل و پەلێکی کاتی و بەردەست.

لەکاتێکدا شەریعەتی ئیسلام بانگی ئافرەتان دەکات بۆ لانەکەیان، ئەمەش وەك بەزەیی و ڕەحمەتێك بەسەریاندا، چونکە ڕێز و شکۆی ئەوان لەمەدایە، حەسانەوەیان لە ماڵەکانیان دایە، ژیانی ئەوان واتە بەردەوامبوونی خێزان.

پاکیی جوانی ئافرەتانە

ڕەوشت شکۆی ئەوانە

پاکیزەیی قەشەنگی ئەوانە

بەبەزەیی بوون کامڵی ئەوانە

منداڵان ڕابواردنی ئەوانن

جگە لە ویستێکی پۆڵایین هیچ شتێکی تر خۆی ناگرێ لەبەردەم ئەم هۆکارە تێکدەرانە)).

هۆشداریشی داوە لەبارەی تێکەڵاوی و ئەو خراپیانەی لێی دەپشکونەوە:

((هەر کاتێك ئافرەتێك بێتە نێو مەجلیسێکی برایان، ئەوا دەماری ڕیبازی و کێبڕکێ و ئیرەیی و خۆویستی لە نێوانیاندا دەوروژێت، بەمەش هەوەسە خەوتووەکان بەخەبەر دێن)).

خراپەکانی خۆڕووتکردنەوە و بەڕەڵایی ڕوونکردۆتەوە، شوێنەوار و کاریگەریشی لەسەر ڕەوشت باسکردووە:

((خۆڕووتکردنەوەی ئافرەتان بەبێ کۆت و بەند، بووەتە هۆکارێك بۆ دەرکەوتنی ڕەوشتی خراپی مرۆڤ و گەشەکردنی)).

ئەو کاتە بڵاوبوونەوەی وێنەی ڕووت لە ڕۆژنامەکاندا پەرەیسەند، تەنانەت لە ڕۆژنامە سیاسی و ئەدەبیەکانیشدا، چ جای ڕۆژنامە هونەرییەکان، بۆیە هۆشداری لەبارەیەوەدا و مەترسیەکانی شیکردەوە:

((ئەم وێنانە بریتین لە تەرمی بچوککراوە و مردووی خەندەئامێز، ڕۆڵێکی زۆر مەترسیداریان هەبوو لە ڕۆحی وشکی مرۆڤی هاوچەرخ، بێگومان کاریگەرییەکی ترسێنەر و تۆقێنەرە)).

هەروەك ڕوانینە لاشەی ئافرەت، بە تێڕوانینێکی هەوەسبازانە بەڵگەیە لەسەر پەستی و نزمی دەروون، هەروەك سەیرکردنی هەوەسبازانە بۆ وێنەیەکی جوانی ئافرەتێکی مردوو پێویستی بە بەزەییە، چونکە هەستە بەرزەکانی ڕۆح دەکوژێنێتەوە.

بەهەمان شێوە ئەو پەیکەرانەی دەستیان بە بڵاوبوونەوە کردووە، هەروەك لە پایتەخت و شارە ئەوڕوپییەکان: ڕۆما و پاریس و جگە لەوانیش بەدیدەکرێ، کە پەیکەری ڕووتن.. نوورسی هێرشی کردە سەریان و شوێنەوارە خراپەکانیانی ڕوونکردەوە لەسەر مرۆڤ:

((پەیکەرەکان لە ڕووی شەرعەوە قەدەغەن، وێنەش حەڕامن، چونکە یان ئەوەتا ستەمێکی قەتیس بووە، یان ڕیاکارییەکەی بەرجەستەبووە، یاخود هەوەسبازییەکی چەقبەستووە، یانیش تەلیسمێکە ئەو ڕۆحە پیسانە ڕادەکێشێ))[١].

هێرشی نوورسی بۆ سەر وێنەی ڕووت و قوت و پەیکەری بەڕەڵا، بەهۆی ئەو کاریگەرییە خراپانە بوو کە جێی دەهێڵێ لەسەر ژیانی تاك، دواتر شوێنەواری ناهەموار لە نێو خێزاندا دەهێڵێتەوە، کە هەمیشە نوورسی بانگەواز بۆ پاراستنی دەکات.

---

() د. الوصیف: ١١٩.

**سێیەم: بانگەوازی دەکرد بۆ چاکسازی کۆمەڵگە، بەداماڵینی لە دەردە دەروونیە لەناوبەرەکان، لە دوژمنایەتی، حەسودی بردن بەیەکتر، یەکتر بوغزاندن، پەرتەوازەیی، بێکاری، خۆلەناوبردن لەپێناو خود.**

هەردەم دژایەتی دەستەوەسانی و لاواندنەوە و لالانەوەی دەکرد، کە خەسڵەتی لاواز و بێ دەسەڵاتانە، جا دەڵێت:

((ئەگەر ژیانت لەدەستچوو، ئەوا دەست مەگرە بە دەستەوەسانی بۆ چارەسەرکردنی، ئەگەر حەسانەوەت لەدەستچوو، ئەوا دەست بە لالانەوە مەگرە، چونکە هیچ چارەسەرێکی تێدا نییە))[١].

بێگومان ئەو پزیشکێکی دەروونزان و ڕۆحانی ئیلهامبەخشە، هیچ لایەنێك لەلایەنە لاوازەکانی کۆمەڵگە فەرامۆش نەکردووە، کە دەستپێشخەری نەکردبێ بۆ چارەسەرکردنی بە دەرمانی گونجاو:

((ئەی پیاوی ترساو و لاوازی!

بێگومان ترس و لاوازیەکەت بەخۆڕایی دەڕوات، هیچیان لێ بەرهەم نایەت، بەڵکو دەبنە بار بەسەرتەوە نەوەك خزمەتت بکات، چونکە پاڵ بەوانی ترەوە دەنێن، حەزی ئەوان دەکاتەوە لەپێناو ڕەواکردنیان.

---

(١) وتەکان: ٨٥٣.

بەڕاستی خوای مەزن بەندەکەی تاقیدەکاتەوە، نەوەك بەندە خوای مەزن تاقی بکاتەوە.

ئەی گومانکار!

بەرژەوەندیەکی بەرجەستەبوو، ناگۆڕدرێتەوە بە زیانێکی گوماناوی.

بۆیە پێویستە لەسەر تۆ هەوڵ بدەی، دەرئەنجامەکەشی ڕادەستی خوای پایەبەرز بکە))[1].

لە یەکێك لەو دەردە دەروونیانە، ئەم دووڕوویە کۆمەڵایەتیەیە کە لەسەر زمانی خەڵك هەیە، بەوەی زیادەڕەوی دەکەن لە ستایشکردندا، بەتایبەت دەسەڵاتداران:

((ئەگەر وەسفی شتێکت کرد، ئەوا وەك خۆی وەسفی بکە.. پێموایە زیادەڕەوی کردن لە ستایشکردندا سەرزەنشتێکی ناڕاستەوخۆیە، هیچ چاکەیەك لە بەخششی خوایی باشتر نییە)).

بەدیعوززەمان قوتابییەکانی پەروەردە دەکرد، لەسەر ژیانی سادە و دوور لە نقومبوون لە خۆشگوزەرانی، هەروەك چۆن زۆربەی بێ ئاگاکان وادەکەن، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە زۆربەی موسڵمانان بەهۆی برسێتیەوە دەناڵێنن:

---

[1] وتەکان: ٨٦٢.

((هەر کاتێك بانگی چێژ و خۆشییەکانت کرد، پێویستە وەڵام بدرێتەوە بەوەی: (وەك ئەوەیە خواردبێتم).

لەبەر ئەوەی ئەمەی کردۆتە دەستووری خۆی، ئەوا مزگەوتێکی نەخواردووە (واتە پارەی لە خواردنی خۆی گرتۆتەوە و بەهۆیەوە مزگەوتێکی دروستکرد)[1].

لە ڕابردوودا زۆربەی موسڵمانان برسی نەبوون، بۆیە ئەو کات خۆشگوزەرانی تا ئاستێك دروست بوو.

بەڵام ئێستا، زۆربەی موسڵمانان بەبرسێتی شەو بەسەردەبەن، کەواتە مۆڵەتی شەرعیمان بۆ نەماوە بۆ چێژ وەرگرتن.

لەبەر ئەوەی گوزەرانی زۆرینەی هەرە زۆری موسڵمانەکان سەرەتایی و سادەیە، بۆیە پێویستە لاسایی ئەوان بکرێتەوە لە خواردن و ژیان گوزەراندنی سادە.

ئەمەش هەزار جار چاکترە لە ڕۆیشتن بەدوای کەمینەیەکی دەستبڵاو، یان کۆمەڵێك لە کاڵ فامان لە دەستبڵاویان لە خواردندا))[2].

نوورسی هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی دەدواند، نزیکەی هیچ چینێکی فەرامۆش نەدەکرد، تەنانەت نەخۆش و دەردەدارەکانیش پشکیان هەبوو

---

(١) ئەوەی نێو دوو کەوانەکە خۆم زیادم کردووە بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی. (وەرگێڕ).

(٢) وتەکان: ٨٦٠.

لەوەی نوورسی دەینووسی، لە پەیامەکانی کە لەم چوارچێوەیەدا نووسی پەیامی (دڵدانەوەی نەخۆشەکان) بوو، کە تیایدا بیست و پێنج دەرمانی خستووەتەڕوو بۆ دەردەداران، کە دەیەکی مرۆڤەکان پێکدەهێنن، ئێمەش چەند گوڵبژێرێکی لێوەردەگرین:

((ئەی نەخۆشی نەدار! مەشڵەژێ و ئارام بگرە، نەخۆشییەکەت دەردی تۆ نییە، بەڵکو جۆرێکە لە دەرمان، چونکە تەمەن سەرمایەیەکە لەناودەچێ، خۆ ئەگەر سوودی لێنەبینرێ، ئەوا هەموو شتێك بەفیڕۆدەچێ، بەتایبەت ئەگەر بەخۆشی و شادی تێپەڕی و بەرەو کۆتایی هەنگاوی نا)).

ڕەوایی دەدات بەمە بەم وتەیەی:

((ئەی نەخۆشی بێ ئارام، ئارام بگرە، تەنانەت سوپاسگوزاربە، دەکرێ ئەم نەخۆشییەت خولەکەکانی تەمەنت بەرز بکاتەوە تا ئەندازەی کاتژمێرەکانی خواپەرستی، چونکە خواپەرستی دوو جۆرە:

**یەکەم:** خواپەرستی ئەرێنی (کە بە ئەندامەکانی جەستەیە)، خۆی دەبینێتەوە لە بەرپاکردنی نوێژ و نزا و پاڕانەوە و هاوشێوەکانیان.

**دووەم:** خواپەرستی نەرێنی (کە بەدڵە)، تووشبوو بەنەخۆشیەکە بەهۆیەوە دەپاڕێتەوە و پەنا بۆ خوای بەدیهێنەری میهرەبان دەبات، تەنها پەنا بەو دەگرێت، تکا و پاڕانەوە تەنها لەو دەکات، ئەمەش لە گۆشەنیگای

هەستەکانیەوە، کە هەستی بێ توانایی و لاوازیی پێ دەدات لەبەردەم ئەم دەرد و کارەساتانە، بەمەش بەم پاڕانەوە و کروزانەوەیە خواپەرستییەکی مەعنەوی پوخت بەدەستدەخات، کە داماڵراوە لە هەموو جۆرەکانی ڕیاکاری))[1].

((بەچاکی بیر لە دەرئەنجامی ئەو نەخۆشییە کاتییە بکەرەوە کە بەدەستیەوە دەینالێنی، بیر لەو پاداشتە بکەوە کە لە دوو توێی ئەم نەخۆشییەدا بڵاوبووەتەوە، دەستبگرە بە سوپاسگوزاریەوە، واز لە سکاڵا بهێنە، و بڵێ:

ئەی نەخۆشی.. هەر دۆخێك کە دێت تێدەپەڕێ))[2].

((بیر لەو مانا مەعنەویە بکەوە کە نەخۆشییەك لەخۆی دەگرێ، و ئەو پاداشتەی دواڕۆژ کە بۆ تۆی هەڵگرتووە و شاردووەتەوە، کەواتە تێبکۆشە بۆ بەدەستهێنانی ئەم چێژە پوخت و ژیرانەیە))[3].

((– برای شیرینم – ئەو هێزەی خوای پاك و بەرز پێی بەخشی لە ئارامگرتن، ئەوا بە ڕاست و چەپدا بڵاوی مەکەوە و بەفیڕۆی مەدە، بەڵکو

---

(١) سلوة المرضى: ٧ – ٨.

(٢) هەمان سەرچاوە: ١٤.

(٣) هەمان سەرچاوە: ١٦.

کۆی بکەوە لەبەرامبەر ئەو ئازارەی لەم کاتژمێرەدا تۆی داگرتووە، بڵێ (ئەی خوای ئارامبەخش) و تۆش ئارامبگرە و چاوەڕێی پاداشت بکە))[1].

با هەرگیز ڕەهەندی مرۆیی و برایەتی لە دەرد و نەخۆشیدا لەبیر نەکرێت:

((نەخۆشی گرنگترین بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی فێری نەخۆش دەکات، ئاشنای دەکات بە جوانترین ڕایەڵ و بەستەرەکانی، ئەویش ڕێزگرتن و خۆشەویستییە، چونکە مرۆڤ ڕزگار دەکات لە بێ منەت بوون و پێویست نەبوون بەوانیتر، ئەو بێ منەت بوون و بێ نیازبوونەی سەردەکێشێ بۆ تەنهایی، و مرۆڤ لە ڕەحمەت دادەماڵێ، هەروەك لەم دوو ئایەتەی قورئانی پیرۆزدا دەردەکەوێت: ﴿كَلَّا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَيَطْغَى، أَنْ رَآَهُ اسْتَغْنَى﴾ العلق: ٦ – ٧. واتە: (نەخێر (لەگەڵ ئەو هەموو چاکە و ڕێزەدا کە خوا بەخشیویەتی بە ئینسان) بەڕاستی خەڵکی سەرکەشی دەکەن، یاخی دەبن، ستەم دەکەن. لەبەر ئەوەی هەر ئادەمیزاد هەستی کرد دەوڵەمەند و بێنیازە "لە ڕووی ئابووری، یان تەندروستی، یان زانستی... هتد"یەوە).

بێگومان دەروونی فەرمانکەر بەخراپە کەوتووەتە نێو تۆڕی بێنیازیەوە، ئەمەش بەهۆی تەندروستی و لەشساغیەوەیە، بۆیە هەست بە

---

(1) سلوة المرضى: ٢٣ – ٢٤.

ڕێزی شایستە ناکەیت لەبەرامبەر پەیوەندی برایانە، و هەست بە ڕەحمەت و میهرەبانی شایستە ناکەین بۆ ئەوەی دووچاری بەڵا یان نەخۆشی بووە))[١].

میهرەبانی و ڕەحمەت بەگرنگترین دوو خەسڵەتی ئیسلامی دادەنرێن، هەر بۆیە نوورسی تێکڕای خەڵکی بەگشتی و قوتابییەکانی بەتایبەتی لەسەر ئەم دوو خەسڵەتانە پەروەردە دەکرد، تا میهرەبان بن بەرامبەر خەڵك، و بانگەواز بکەن بەم سیفەتانەی ئیسلام جەختی لەسەریان کردۆتەوە لە قورئان و سوننەتدا.

بەدیعوززەمان پێی وابوو بانگەواز بۆ ئارەزووبازی و خراپەکانی تر زۆرتر بووە، ئەمەش بەسە بۆ زاڵبوون بەسەر پیاوەتیدا، بۆیە لە زیاد لە شوێنێکدا ڕای شەرعی لەم بارەوە ڕوونکردۆتەوە، جا وتویەتی:

((شەریعەتی پاك ڕێگری کردووە لە ئارەزوو و هەوەسبازی و شێتی بێ سوود.. بۆیە هەندێك لە ئامێرەکانی سەرگەرمی و کات بەسەربردنی حەڕام کردووە و هەندێکی تریشی بەڕەوا داناوە، بەو مانایەی: ئەو ئامێرەی کاریگەریەکی خەمناکی هەیە و کاریگەریەکەی هاوشێوەی قورئانە، خولیایەکی ئاسمانی دروست بکات، ئەوا ئەو ئامێرە زیانی نییە، بەڵام ئەگەر کاریگەریەکی خراپ دروست بکات، حەزی دەروونی و ئارەزووبازانە

---

(١) وتەکان: ٨٦٩.

بجولێنیٚ، ئەوا ئامێرەکە حەڕامە.. ئەم بارودۆخەش بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت، خەڵکی لەمەدا یەکسان نین))[1].

هەردەم خەفەتی دەخوارد بۆ ئەم بێکارانە، بێکاری بەجۆرێك لە مردن دادەنا:

((ئەو کەسەی لە هەموو خەڵك بەدبەختر و شڵەژاوتر و سینگ تەنگترە، بریتییە لە کەسی بێکار، چونکە بێکاری (نەبوونە) لە چوارچێوەی بووندا، واتە مردن لە ژیاندا. بەڵام هەوڵدان ژیانی بوونە، زیندوێتی ژیانە))[2].

ئا بەم جۆرە هەنگاوی نا لە پەیام و ئامۆژگاری و وتار و پەیوەندییە کەسی و کۆڕبەند و کۆنگرە و بۆنە و وتارەکانی کە لە ڕۆژنامەکاندا دەینووسی — ئەمانە هەموو ئەو ئامرازانە بوون، کە لە ڕۆژگاری ئەودا بۆی فەراهەم ببوون بۆ خستنەڕووی بیرۆکەکانی — کاری دەکرد بۆ ڕزگارکردنی ئیمان، کە خەریك بوو ون دەبوو لە نێو هزرە کەڵەکە بووە هاوردەکراو و دزەکراوەکان، بۆیە ئەرکی قوتابییەکانی نوور تەنها ڕزگارکردنی ئیمانی خۆیان نەبوو، بەڵکو — بەهەمان شێوە — ئەرکدار بوون بە پاراستن و

---

[1]) وتەکان: ٨٨٧.

[2]) سەرچاوەی پێشوو: ٣٢.

ڕزگارکردنی ئیمانی موسڵمانانی تر[1] لە ژینگە جیاوازەکانیاندا، و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئیسلامی بەپێی ئەو پەیڕەوەی نوورسی بۆ ئەوانی داناوە، نەوەك بە چوونە نێو سیاسەتەوە.

**چوارەم:** بانگەوازی کردووە بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی هزری ئیسلامی، نوێسازی زانستەکانی شەریعەت، چونکە ((شەریعەتی پاك، بەوپێیەی بەنارمەی خوای بێ سەرەتا و لەمێژینەیە، ئەوا تا هەتایە دەمێنێتەوە، دەربازبوون و ڕزگاربوون لە ستەم و خراپەی دەروون، بە پشت بەستن دەبێ بە ئیسلام، و دەستگرتن بە بەرنامەی بەهێزی خواوە، هەبوونی ئازادی ڕاستەقینە و پیادەکردنی بەشێکە لە ئیمان و لەوەوە سەرچاوەی گرتووە))[2].

لە چەندین پەیام و وتاریدا، چاکەی ئیسلامی لەسەر مرۆڤایەتی ڕوونکردۆتەوە:

((پێش هاتنی ئیسلام، کەلێنی مەزن لە نێوان چینەکانی مرۆڤایەتیدا هەبوون، دووری و مەودای سەیر هەبوون، بۆیە ئەمە وایدەخواست پێغەمبەران فرە و زۆر بن، لە یەك کاتدا دەربکەون، هەروەك فرە شەریعەتی و فرە مەزهەبیشی دەخواست.. بەڵام ئیسلام کودەتایەکی لە

---

(١) سەرچاوەی پێشوو: ٣٢.

(٢) عبدالفتاح أبو غده: ٢٤٣.

مرۆڤايەتيدا بەرپاكرد، خەڵك لە يەكتر نزيكبوونەوە، شەرع بووە يەك، پەيامبەريش بەهەمان شێوە بووە يەك))[1].

((لە دواى ڕووداوە ناودارەكانى مانگى ئادار، نوورسى لەگەڵ دەستگيركراوان دەستگيركرا، لە دادگادا دادوەرى عورفى لێى پرسى:

گوێبيستى ئەوە بوومە، كە تۆ لەوانەى كە داواى حوكم كردن بە حوكمەكانى شەريعەت دەكەن؟

لەوەڵامدا وتى:

ئەگەر من هەزار گيانم هەبێ، ئەوا دوودڵ نابم لەوەى بيكەمە قوربانى لەپێناو تاكە حەقيقەتێك و تاكە حوكمێك لە حوكمەكانى ئەم شەريعەتە. ئەم شەريعەتە ڕێگەى بەختەوەرى و دادگەرى و چاكەى تەواوە)).

((لەم ماوەيەدا، هەموو خەم و هەوڵێكى بۆ ئەوە بوو شەريعەت بكاتە دادوەر لە هەموو كاروبارێكدا، بەرپەرچى ئەوانەش بداتەوە كە پيشەيان بووەتە دوورخستنەوەى شەريعەت لە ژيانى گشتيدا، هەڵخەڵەتاون بە بريقە و ڕووكەشى ژيانى ئەوروپى))[2].

---

(1) وتەكان: ٨٦٤.

(2) وتەكان: ٨٦٤.

**پێنجەمیان:** زانایان:

بایەخێکی مەزنی بە زانایاندا، کە چەشنێکی تر بوون لە کاربەدەستان، خاوەنی بەرپرسیارێتی گەورە بوون بەرامبەر خەڵکی تایبەت و سادە، جا ئەوان لە هەموو خەڵك لەپێشتربوون بۆ زیندووکردنەوەی هزری ئیسلامی و هەڵگرتنی ئەرکەکانی بانگەوازکردن بۆ لای خوا، بۆیە نوورسی ئەوانی ئاشناکردەوە بە ئەرکەکانیان، لە بەرامبەر هەڵمەت و ڕەوتی عەلمانی خوانەناس، ئەوانی هۆشیارکردەوە لەهەمبەر ڕەخنەگرتن لەیەکتر بەمەبەستی یەکتر ناشرین کردن، چونکە ئەوەی سوودمەند دەبێ لە کێشمەکێش و یەکتر بوغزاندنیان تەنها مولحیدەکانن، بۆیە داوای لێیان کرد بەکردار ببنە پێشەنگ و ڕابەر بۆ خەڵك، سوپاسی ئەوانەشی کرد کە هۆشیارن و بەکردەوە زانان.. ئەمە و چەندانی تریش لە پەیامەکانیدا بەدیدەکەیت.

**شەشەم:** دەسەڵاتداران:

مامۆستا نوورسی دابڕاو نەبوو لە کارگێڕان و بڕیاربەدەستان، ژیاننامەی ئەو سەرهاتی دیداری ئەومان بۆ دەگرێتەوە، لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، سوڵتان محەمەد ڕەشاد، موستەفا کەمال، نوێنەران لە ئەندامانی ئەنجومەن و جگە لەوانیش.. چاوی بەهەندێکیان دەکەوت و پەیامی لەگەڵ هەندێکی تریاندا دەگۆڕیەوە، وتار و وانەی بۆ هەندێکی

تریان دەوتەوە، هەروەك ئەمەی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا کرد.. داوای مافی ئوممەتی دەکرد بەسەر ئەوانەوە، ئەرکی ئەوانی بەبیر دەخستەوە لەبەرامبەر ئوممەت و نیشتمان.. هەندێك جار بە نەرمی دەدوا، هەروەك لەو نامەیەیدا دیارە کە بۆ سوڵتان عەبدولحەمید و سەرۆك جەلال بایار و سەرۆك وەزیران عەدنان مندریسی ناردووە، هەندێك جاریش زمانی زبری بەکاردەهێنا، بەتایبەت لەگەڵ کەمالییە خوانەناسەکان و سەرکردەکەیان موستەفا کەمال.

لەڕاستیدا مامۆستا نوورسی، لە بانگەوازکەیدا ڕووبەڕووی هەر یەکێك لە موسڵمان یان ناموسڵمان، خوێندەوار و نەخوێندەوار، کرێکار و زانا و جوتیار و خوێندکار دەبووەوە، هەر بۆنەیەکی خۆش یان ناخۆش، تایبەت یان گشتی بوایە، ئەوا باسی بانگەوازەکەی خۆی دەکرد و ئاماژەی بەو ئامانجانە دەکرد، کە دەیویست بەدەستیانبهێنێ، بانگی ئەوانی تریشی دەکرد تا لەپاڵ ئەودا هەوڵی بەرپاکردنی ئەو ئامانجانە بدەن.

## ئامانجەکانی

ئامانجی سەرەکی مامۆستا نوورسی – ڕەحمەتی خوای لێبێ – ڕزگارکردنی ئیمان بوو، تا خەڵك بگەڕێنەوە سەر ئاینەکەیان، ماڵ و کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەیان لەسەر ئیسلام بنیات بنێنن، مامۆستا دەڵێت:

((بێگومان ئامانجی من چاککردنی ئەو بنەمایانەن، کە ئیمانیان لەسەر بنیاتنراوە، جا ئەگەر بناغەکە تۆکمە بوو، ئەوا دواتر هیچ کارتێکەرێك کاریگەری لەسەر نابێ، تەنانەت زەمینلەرزەش))[١].

ناوبراو هیچ ئامانجێکی نییە لەم ژیانەدا، جگە لە ڕزگارکردنی ئیمان نەبێ، و دووبارە گێڕانەوەی ئیمان بۆ دڵە داخراوەکان و ژیاندنەوەی دڵەکان، دوای ئەوەی چڵکی گومڕایی و ئیلحادیان گرتووە، لەکاتێکدا ئامانجی ئیلحاد لەناوبردنی ئیمانە، لەناوبردنی ئیمانیش، واتە لەناوبردنی ئوممەت لە دونیا و دوارۆژدا، بۆیە هەموو هەوڵێکی چڕکردۆتەوە لەسەر ڕوونکردنەوەی (حەقیقەتی ئیمان)، کە ئاسودەیی بەتاك دەبەخشێ، بەختەوەری لە کۆمەڵگەدا دەڕوێنێ، لەجیاتی پێشکەشکردنی چەند وەسفێکی کۆمەڵایەتی، کە شیاوی جێبەجێکردن نین.

---

() أسيد إحسان قاسم: ٢١.

ئەم ئامانجە جوان و بەرزە زۆر پێویستە بۆ هەر کۆمەڵێك کە ڕێز لەخۆی بگرێت، و هەوڵ بدات بۆ دەستەبەرکردنی خولیا باڵاکانی، مامۆستا نوورسی دەڵێت:

((ئەگەر هزری کۆمەڵ خاوەنی ئامانج و مەبەستێکی باڵای نەبێ، یان ئەو ئامانجە لەبیرکرا، یاخود فەرامۆشکرا، ئەوا گوێچکەکان بەدەوری خودپەسەندی تاکەکان دەخولێتەوە، یان خودگەرایی هەر یەکێك بەهێز دەبێ، لەوانەیە یەکبگرێ و تۆکمە ببێ تا ئاستێك کە ناتوانێ درزی تێبخرێت تا بگۆڕدرێ بۆ (ئێمە)، جا ئەوانەی (من)ـیان خۆشدەوێ، ئەوا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ئەوانی تریان خۆشناوێت))[1].

سەبارەت بە ئامانجەکانی تر، کە بەشێوەیەکی سروشتی لەم ئامانجە مەزنە گەڵاڵە دەبن، ئەوا گەلێك زۆرن، لێرەدا هەندێکیان باسدەکەین:

- نەهێشتنی نەزانین بە بڵاوکردنەوەی زانست، بڵاوکردنەوەی قوتابخانە و زانکۆکانی لە شوێن و دەڤەرەکانی دەوڵەتدا، هەموو هەوڵێکی لەم پێناوەدا خەرجکرد، جا پەیوەندیکرد بە سوڵتان عەبدولحەمید و دیداری ئەنجامدا لەگەڵ وەزیری ناوخۆ، لەپێناو دروستکردنی زانکۆیەك لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، هاوشێوەی زانکۆی ئەزهەر، دوای ئەو پەیوەندی کرد بە سوڵتان محەمەد

---

() وتەکان: ٨٦٣.

ڕەشادەوە، ئەمەش هەر لەم پێناوەدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، لەگەڵ ئەوەی لە خزمەت هەر دوو سوڵتانی ناوبراودا بەڵگەی قەناعەت پێکەری خستەڕوو، بەرژەوەندی دەوڵەت و ئوممەتی لەم بارەوە خستەڕوو، دواتر لەسەردەمی کەمالیستەکانیشدا داواکارییەکەی پێشکەشکردەوە، زانکۆی (زەهرا) بووە خەونێك، کە بەدرێژایی تەمەنە درێژ و بەرەکەتدارەکەی خەونی پێیەوە بینی، زۆر دووربین بوو سەبارەت بە دروستکردنی زانکۆی زەهرا، کە ئەگەر دروستکرابا و گەلی کورد خوێندەوار بووبا لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، بەتەواوی ئاشنای پەروەردگار و ئاینەکەی دەبوو، ئەوا هەرگیز ئەوە ڕووینەدەدا، کە لە تورکیای تورکپەرستی عەلمانی ڕوویدا.

نوورسی داوایکرد دەستبگیرێ بە زانستە تازەکانەوە، بەپێویستی زانی ئەم زانستانە بخوێنرێن لەپاڵ زانستەکانی ئایین، ئەم زانستە نوێیانەی ڕەتنەکردەوە لەبەر ئەوەی لە ئەوروپاوە هاتوون، چونکە دانایی و حیکمەت بزربووی باوەڕدارە، لە هەر کوێیەك بیدۆزێتەوە، ئەوا ئەو شایەنترە کە وەریبگرێت. نەزانیشی بە سەرسەختترین دوژمنی ئوممەتی داناوە، لە پاڵ دەردەکانی

هەژاری و ڕاجیایی و خۆسەپاندن، ناوبراو پێی وابوو زانست دەستەبەری زاڵبوون بەسەر ئەم سێ دوژمنانە دەكات.

هەر بۆیە بینیمان قووڵ ببووە لە زانستە جیاوازە دینی و گەردوونیەكاندا، كتێبی دادەنا و دەنووسی و وتاری پێشكەش دەكرد، جوانترین نموونەی بەخۆی و برا زانا و زانستخوازەكانی پێشكەش دەكرد، لە وابەستەبوون بە زانست و بانگەوازكردن بۆی.

- نەهێشتنی هەژاری، لە ڕێگەی كاركردن و كاسبی حەڵاڵ، و لە ڕێگەی زانستەوە.
- نەهێشتنی خۆسەپاندن، بە بانگەوازكردن بۆ پرس و ڕاوێژ (شوڕا)، بەدادور دانانی شەرعی خوا، جا قورئانی پیرۆز بەدەق ئاماژە بە شوڕا دەكات و دەفەرموێت: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ الشورى: ٣٨. واتە: **(كار و باریان هەردەم بە مەشورەت و ڕاپرسی و ڕاوێژكاریە)**. فەرمانیش بە پێغەمبەری ڕێزدارەكەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەكات، كە پرس و ڕاوێژ بە هاوەڵانی بكات: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ آل عمران: ١٥٩. واتە: **(لە كارو پێشهاتدا پرس و ڕاوێژیان پێبكە)**، زانست و ئیمان دەستەبەری نەهێشتنی خۆسەپاندن و خۆسەپێنەران دەكەن.

ئەمە لە وتارەکانیدا بەدەرکەوت، کە بۆ ڕۆژنامەکانی دەنووسی، و لەگەڵ دەسەڵاتداران و کارگێڕان و لەکاتی گەڕان بەناو خەڵك و گفتوگۆکانی لەگەڵیاندا بەهەمان شێوە بەڕوونی دیاربووە.

- بانگەوازکردن بۆ یەکێتی موسڵمانان یان یەککگرتنیان، فڕێدانی ڕاجیایی نێوانیان، وەك ڕێگەخۆشکردن بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێکی مەزن، کە گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامییە، کە کەمالییە عەلمانیەکان لەناویانبرد. نوورسی ڕووی گوتاری دەکاتە کۆمەڵانی ئوممەت و دەڵێت:

((ئەگەر ئەم ناکۆکییە لەناونەبەن، ئەوا دەسەڵاتداری خوانەناس کە دەسەڵاتێکی بەهێزی هەیە، یەکێکتان دژی ئەوەیتر بەکاردەهێنێ، وەك ئامرازێك بۆ لەناوبردنی ئەوەیتر))[1].

کەواتە.. هەردەم بانگەوازی دەکرد بۆ یەککگرتوویی و یەکێتی، هەمیشە خۆی بەدوور دەگرت لەو شتانەی ڕێگە دەگرن لە یەکێتی، وەك ئەو ڕاجیاییانەی دوژمنایەتی دروست دەکەن لە نێوان تاك و دەوڵەت و گەلانی موسڵمان، ئەوەش دەقۆزنەوە کە موسڵمانان ڕۆچوون لە نێو دەریای دواکەوتوویی و نەزانی و بێ

---

[1] وتەکان: ٨٦٣.

ئاگایی، هەر بۆیە بانگی قوتابییەکانی دەکرد بۆ برایەتی و خۆشەویستی و یەکتر ویستن:

((برا شیرینەکانم! بێگومان ئیسلام ئەوەندە پێویستی بە خزمەت و کاری ئێوە نییە، بە ئەندازەی ئەوەی پێویستی بە پشتیوانی یەکتر و یەکگرتووییتانە، بۆیە پێویستە ئێوە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر هەر یەکە لە پەیامەکانی: (دڵسۆزی: ئیخلاص) و (برایەتی) و (شەش هەڵمەتەکە) لەنێو خۆتاندا بخوێننەوە، لەبەر ئەوەی ئەو پشتیوانی و دڵسۆزی و خۆڕاگری و تۆکمەییەی لەسەرەتاوە لەنێوتاندا هەیە، جێی شانازیە بۆ ئەم وڵاتە))[1].

ئایا بۆچی؟ لەبەر ئەوەی سیمایەکی ڕاستەقینەیە، لە سیماکانی یەکێتی بچوك، کە تۆوێکە بۆ یەکێتی کۆمەڵ و گەلانی ئوممەتی ئیسلامی.

هەردەم هاواری دەکرد و دەیوت:

((هۆ جیهانی ئیسلامی! بێگومان ژیانی تۆ لە یەکگرتوویتدایە، مەرگیشت لە پەرتەوازەیی و جیاوازیدایە)).

لەبەر ئەوەی پێی وایە، یەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی لاوازی و دواکەوتوویی موسڵمانان، ئەم جیاوازی و ڕاجیاییەیە، کە هەردەم

---

[1] () أسيد إحسان قاسم: ٨٩.

دوژمنان هەوڵ دەدەن بەدەستیبهێنن، موسڵمانان هەرگیز ناتوانن هەڵسنەوە تەنها بە یەکگرتوویی یان یەکێتیەکەیان نەبێ، ئەمەش بەلایەنی کەمەوە.

## سەبارەت بە تیۆرەکانی گۆڕانکاری:

لێرەدا ژمارەیەك تێڕوانین بۆ گۆڕانکاری هەن، مامۆستا مونیر شەفیق بەم جۆرەی خوارەوە ژماردوونی:

١- **تیۆری کاری چەکداری:** هەروەك میر عەبدولقادری جەزائیری، عومەر موختار، عەبدولکەریم خەتابی، ئەم تیۆرەیان پیادەکرد.

٢- **تیۆری کاری سیاسی:** ئەمە تیۆری جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە بوو.

٣- **تیۆری شۆرشی هاوپەیمانی:** ئەمە ئەو ڕێبازەیە کە شێخ محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە هاوپەیمانێتی کردنی لەگەڵ میر محەمەدی کوڕی سعود پەیڕەوی کرد.

٤- **تیۆری پەروەردەیی:** ئەمە ئامادەکاری دەکات بۆ قۆناغێکی تر یان زیاتر، تیایدا کار بۆ تێکۆشان دەگوازرێتەوە، ئەمە تیۆری پێشەوای شەهید حەسەن بەننایە.

٥- **تیۆری شۆڕشکردن دژی دەسەڵاتداری ستەمکار:** هەروەك لە یەمەن ئەمە ڕوویدا.

٦- **تیۆری بەکارهێنانی شێوە جیاوازەکانی بەرەنگاربوونەوە دژی داگیرکاری ڕاستەوخۆ، هەروەك ئەمە لە شۆڕشی جەزائیر ڕوویدا.**

٧- **تیۆری هاندانی ڕۆژانە:** وەك شۆڕشی پێشەوا خومەینی لە ئێران))[1].

## تیۆری گۆڕانکاری لای نوورسی:

ئەوەی نامۆیە و جێی سەرنجە، ئەوەیە مامۆستا مونیر شەفیق باسی پێشەوا نوورسی نەکردووە لە نێو ئەوانەی لەسەرەوە خرانەڕوو، لەوانەیە هۆکارەکە ئەوەبێ کە مامۆستا مونیر شارەزایی نەبێ بە کەلەپوری مەزنی هزری بەدیعوززەمان، یان لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە تیۆری نوورسی لە گۆڕانکاریدا نەخراوەتەڕوو.

لەمیانەی شارەزاییم لە بەشێکی کەلەپووری نوورسی، وێکچونێکی زۆر دەبینم لە نێوان کردەی گۆڕانکاری لە نێوان نوورسی و تیۆری پێشەوای مامۆستا حەسەن بەننا، واتە تیۆری پەروەردەیی، کە گەشە دەکات بۆ

---

(1) منير شفيق: في نظريات التغير: ٥٧ و ٥٨ بتصريف.

کاری سیاسی، ئەمەش هیچ کاتێك لە نوورسی دانەبڕاوە، سەرباری ئەوەی نوورسی بەیەکەوە نەفرەتی لە شەیتان و سیاسەت کردووە، لەوانەیە ئەمە گەشە بکات بۆ کاری تێکۆشان – ئەمەش ئەگەر لە ڕۆژانی ئایندەدا زەمینەی بۆ بڕەخسێ –، هەروەك مامۆستا حەسەن بەننا ئەمەی کرد کاتێك لەگەڵ برایانیدا جەنگی کرد لە نێو میسڕ و سوریا و ئوردن و فەلەستین لەگەڵ جولەکەکان، (نوورسی) و برایانـیشی بەهەمان شێوە لە قەفقاس جەنگان..

بەهەر حاڵ، بەدیعوززەمان هیچ ئاڕاستەیەکی نەبوو بەرەو کاری چەکداری لە نێوخۆی تورکیادا، لە دژی حوکمڕانە مولحیدە کەمالییەکان، هەرچەندە جەنگی سەختیان ڕاگەیاند دژی ئیسلام و زانایانی موسڵمان و بانگەوازی ئیسلام، هەر بۆیە پشتگیری شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی نەکرد لە دژی ڕژێمی کەمالیستی نەژداپەرستی عەلمانی، لەبەر چەندین هۆکار کە هەندێکیان دەزانین و هەندێکیشیان نازانین.

دکتۆر موحسین عەبدولحەمید دەڵێت: ((مامۆستا باوەڕی بەگۆڕانکاری هەیە لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بانگەوازی سەلامەت، ئەو تێکۆشانی چەکدار بەڕەوا دانانی لە ناوخۆدا لە دژی حوکمڕانانی موسڵمانان، چونکە ئەمە – بە دیدی ئەو – تەنها خزمەت بە دوژمنی دەرەکی دەکات، کە لە بۆسەدایە بۆ کۆمەڵگەی موسڵمان بەگشتی.

جا دەڵێت: ((تێکۆشانی چەکداری تەنها لە دژی دوژمنی دەرەکی ئەنجام دەدرێ، ناکۆکی چەکداری نێو وڵاتانی موسڵمان تەنها مەبەستی دوژمنە دەرەکییەکان بەرجەستە دەکات، چونکە خوێن ڕشتنی موسڵمانان لەنێو خۆیاندا، شتێکە جێی بایەخی ئەوانە))، زیاتر دەڵێت: ((تێکۆشان لە هەر کۆمەڵگەیەکی موسڵماندا، بریتییە لە تێکۆشانێکی مەعنەوی، لە ڕێگەی ڕۆشنفکری و چاکسازی دەروون و ڕۆحەوە بەدەستدەهێنرێ.

بەمەش تێکۆشان ئەرێنی دەبێ بۆ بەرگەگرتن لە پشێویە مەعنەوییەکان، ئەمەش بەپێی ڕازی دڵسۆزی هەڵسوکەوتی تێدا دەکرێ، لێرەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان تێکۆشانی دەرەکی و ناوخۆیی، ئێمە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی وڵات، بەپێی کاری چاك و بنیاتنەر..

لەم کاتەدا، جیاوازیەکی گەورە لەنێوان تێکۆشانی دەرەکی و ناوخۆیی هەیە))[1].

---

() د. محسن عبدالحميد: ٦٢ و ٦٣، عن ملحق أميرداغ: ٢/ ٢١٤.

**خوێنەری کەلەپوری پێشەوا نوورسی، دەبێ سەرنجی ئەو خاسیەتانەی تیۆری چاکسازی و گۆڕانخوازیەکەی بدات، ئەوانیش ئەمانەن:**

### ١- پلەبەندی لە چاکسازی و بانگەوازکردن بۆ گۆڕانکاری:

دکتۆر موحسین عەبدولحەمید لە کتێبەکەیدا لەبارەی نوورسی دەڵێت:

نوورسی ((باوەڕی هەبوو بە (سیستەم)، دووربوو لە (پشێوی)، باوەڕی بە (پلەبەندی) هەبوو، بڕوای بە (بازدان) نەبووە. سیستەم و پلەبەندی دوو بنەمای هەموو بوونن، واتە پێشێلکردنیان بە مانای تێکدانیان دێت، ئەمەش دەرچوونێکی دیارە لە ڕێنماییەکانی قورئانی پیرۆز، سوننەتی بەپێزی پێغەمبەر، قورئان گەردوونی خوێنراوە، سوننەتیش گەردوونی جێبەجێکراوە لە ژیانی کرداریدا)).

((لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا، نوورسی بانگەواز دەکات بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ڕێکوپێك، کە دەستگربێ بە یاسای گەشەی سروشتی زنجیرەیی، پێویستە لە بناغە دەستپێبکات، بەرز ببێتەوە بۆ لوتکە، نەوەك بەپێچەوانەوە، چونکە بەپێچەوانە سەردەکێشێ بۆ لەرز کەوتنە ژیانی کۆمەڵایەتی، خراپەیەکی زۆری لێدەکەوێتەوە، هاوتا لەگەڵ کاولکارییەکی مەزن)).

دەڵێت:

((ئەوەی ڕێگەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی دابتاشێ، بزوتنەوەیەك دروست بکات، ئەوا هەوڵەکانی بەرهەمدار نابن، سەرکەوتن نابێتە بەشی، تا ئەو کاتەی بزوتنەوەکە هەماهەنگ بێ لەگەڵ یاسا سروشتییەکان، ئەگەرنا هەموو کردەوەکانی لەپێناو تێکدان و خراپەدا دەبێ))[1].

((کەواتە دەبێ یاسای گۆڕانخوازی لە ژیانیدا دەبێ گۆڕانکاری پلەبەندی بێ، تا هاوسەنگی ژیان کەموکورت نەبێ، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ دەرئەنجامی پێچەوانە))[2].

هەر بۆیە نوورسی لە گرنگترەوە بۆ گرنگ دەستی پێکرد، لە زنجیرەی کارە لەپێشترەکان، ئەمەش پەیڕەوی پێغەمبەرانە. لێرەوە جەختکردنەوەکەی لەسەر دووبارە گێڕانەوەی ئیمان بوو بۆ ناخ و دڵ و ژیان، هەموو ئامانجەکانی تریش پاشکۆی ئیمان بوون و لەوەوە هەڵقوڵابوون، جا دەڵێت:

((دەبێ ئەم ڕۆژگارە نوێسازێکی هەبێ، تا بەکاری نوێکردنەوەی ئایین و ئیمان هەڵبستێت[3]، نوێکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شەریعەت و

---

() تیشکەکان: ١٦٠.

٢) د. محسن عبدالحمید: ٦٢.

٣) واتە: نوێکردنەوەی تێگەیشتن لە ئایین و ئیمان. (وەرگێڕ).

نوێسازی مافە گشتیەکان، و سیاسەتی شەرعی، بەڵام گرنگترینی ئەم ئەرکانە بریتی بوو لە نوێسازی لە بواری پارێزگاری کردن لە ڕاستی و حەقیقەتەکانی ئیمان، چونکە ئەمە گەورەترین ئەرکە لە نێو ئەم سێ ئەرکانەدا، هەر بۆیە بازنەکانی شەریعەت و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پلەی دووەم و سێیەم و چوارەمدا دێت، بە بەراورد بە بازنەی ئیمان))[١].

زنجیرەی شتە گرنگ و لەپێشترەکانی بەم جۆرەی خوارەوە داناوە:

ئیمان، دواتر پەروەردە، ئینجا شەریعەت، هەر بۆیە پلەبەندی نواند لە بانگەوازە چاکسازخوازەکەیدا، لە تاکەوە: کرێکار، جوتیار، قوتابی، زانا، کارگێڕ، سیاسەتمەدار، هەر یەکێك بێ لەمانە، بیروباوەڕ و ئیمان و ڕەوشت و بنەماکانی ئیسلام و بەهاکانی لە ناخیاندا دەڕوێنێ، دواتر دەچێتەسەر ماڵەوە: بە ژن و مێرد و منداڵ و خێزانەوە، ئینجا دەچێتەسەر کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، پاشان بۆ ئوممەتی ئیسلامی.

نوورسی بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی تیۆرە گۆڕانخوازیەکەیدا، لە ڕێگەی:

بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکانی ئیسلام بە نیشانە و بەڵگەوە.

و پێکهێنانی نەوەیەکی باوەڕداری چاکەکار.

---

() پاشکۆکان: ١٩٦.

بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئیسلامی، سەبارەت بە مەترسی هەڵمەتی دڕدانە لەسەر ئیسلام و موسڵمانان.

ئامادەکردنی ڕیزەکانی ئوممەت بۆ وەستان لەڕووی دژەئاینی سەرسەخت.

گواستنەوەی پەروەردەی ئیسلامی بۆ نێو ماڵەکان)).

((شێوازەکەی تا ئاستێکی زۆر بەرز لەم بارەوە سەرکەوت))[1].

## ٢- پەیڕەوی ئەو لە چاکسازی و گۆڕانکاری لەسەر میانڕەوی و دەمارگیرنەبوون لەلایەنگیریدا دامەزراوە.

مامۆستا نوورسی دەڵێت:

((هۆ جیهانی ئیسلامی! ژینت لە یەکگرتوویتدایە.

ئەگەر یەکگرتوویت دەوێت، ئەوا بیکە بە دەستووری خۆت.

پێویستە موسڵمان پێی وابێ مەزهەبی ئەو ڕاستە و مەزهەبی موسڵمانانی تریش ڕاستە، نەوەك تەنها مەزهەبی ئەو ڕاستە، چونکە مافی هەر موسڵمانێکی ڕێباز و پەیڕەوی خۆی پێ ڕاست بێت و بڵێت: ئەمە ڕاستە و لاریم لەوانی تر نییە، ئەگەر مەزهەبەکانی تر جوان بن ئەوا مەزهەبی من جوانترینە.

لەکاتێکدا بۆی نییە لەبارەی مەزهەبی خۆیەوە بڵێت:

---

(1) د. محسن عبدالحمید: ٦٥.

(تەنها ئەمە ڕاستە، ئەوانی تر پوچەڵن، ئەوەی لای منە هەر ئەوە چاکە و بەس، جگە لەو هەموو ناشرین و هەڵەیە).

بەرتەسکی بیر و هۆش و کورت هەڵاتنی لەسەر شتێك، لە خۆشویستنی خود سەرچاوە دەگریٚ، دواتر دەبێتە دەرد و نەخۆشی، لەوەوەش ناکۆکی سەرهەڵدەدات))[1].

بەم هەڵسوکەوتە یەکگرتوویی و یەکێتی فەراهەم دەبیٚ، بە جگە لەمە ناکۆکی و دووبەرەکی و یەکتر بەغوازندن دێتە ئارا، ئەمەش ئەو شتەیە کە دوژمنانی ئەو ئومەتە هەوڵی بۆ دەدات، لەسەر ئەم میانڕەویە قوتابیەکانی پەروەردە کرد، تا خەڵك بەهۆی ئەوانەوە چاك ببیٚ، جا ئا بەم میانڕەویە، شرۆڤەی هەڵوێستی ئەو دەکەین سەبارەت بە شارستانیەتی خۆرئاوایی و فەلسەفە و زانستەکانی، و هەڵوێستەکەی لەبارەی قوتابخانە ئاینی و قوتابخانە هاوچەرخەکان و زانا بیدعەچییەکان و سۆفییە کەنارگیرەکان.

**٣- بانگەوازەکەی گشتگیر بوو،** هەوڵی دەدا هاوتای هێزە ڕۆشنبیری و کەلتورییە دژبەرەکان بیٚ، چونکە ڕەوتی ئیلحاد لە تورکیا هەموو لایەنەکانی ژیانی دەگرتەوە، جەختی دەکردەوە لەسەر بنچینە و هێڵە

---

[1] () وتەکان: ٨٩٦.

گشتییەکانی ئیسلام، پێش لق و پۆپەکان، هەر بۆیە بانگەوازەی نووری هەڵگری خەسڵەتی گشتگیری بوو[1].. گوێی بۆ بگرە دەڵێت:

((بەڕاستی پەیامەکانی نوور، تەنها تێکدراوە لاوەکییەکان ئاوەدان ناکاتەوە، ماڵێکی بچوکی ڕووخاو بنیات نانێتەوە، بەڵکو کەرتە گشتییە تێکدراوەکانیش ئاوەدان دەکاتەوە، قەڵایەکی مەزن دروست دەکاتەوە، بەردەکانی وەك چیاکانن، ئیسلام لەباوەش دەگرێ و دەوری دەدات.. هەوڵ نادات بۆ چاکسازی دڵێکی تایبەت و ویژدانێکی دیاریکراو، بەڵکو بەهەمان شێوە – بە بەدەستگرتنی ئیعجازی قورئانەوە – هەوڵ دەدەن بۆ تیمارکردنی دڵی گشتی بریندار، چارەکردنی هزرە گشتییەکان، کە دەناڵێنێ بەدەست ئامرازەکانی خراپە کە بۆی سازێنراوە، لەوەتەی هەزار ساڵیشە کەڵەکەبووە، چالاکبوون بۆ تیمارکردنی ویژدانی گشتی، کە بەرەو گەندەڵی و خراپەکاری هەنگاودەنێ، لە دەرئەنجامی تێکشکانی بنەما ئیسلامییەکان و ڕەوت و دروشمەکانی، کە پاڵپشتێکی مەزن بوون بۆ هەمووان، بەتایبەت باوەڕدارە سادەکان... بەڵێ هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی برینە فراوان و قوڵەکان بە دەرمانی قورئان و ئیمان.

لەبەردەم ئەم هەموو تێکدانە هەمەلایەنە ترسناکانە، گومانە فراوانانە، برینە قوڵانە، پێویستە بەڵگەی دەمکوتکەر هەبن، تێشووی ئامادەکراو

---

[1] د. محسن عبدالحميد: ٦٥.

بەپلەی دڵنیایی تەواو (حق الیقین) هەبێ، کە بەئەندازەی چیاکان بەهێز و ڕەگ داکوتاوبێ، و پێویستی بەدەرمانی تاقیکراوی تایبەت هەیە، بە ئەندازەی هەزارەها دەرمان، خەسڵەتی واشی هەبێ کە چارەسەری بێ سنوور لە خۆی بگرێت))[1].

لەبەر ئەمە نوورسی ڕووی گوتاری دەکردە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە، بە کاربەدەستان و هاوڵاتیان و زانایان و کەسانی سادە:

((هەر لەم گشتگیریەوە لەسەر هێڵە گشتییە هاوتەرییەکان دەڕۆیشت لە بانگەوازەکەیدا، لە ڕووی چاکسازی تاك و ماڵ و کۆمەڵگە، و دەرخستنی ڕاستییەکان بەلادانی ناڕۆشنی لای قوتابیانی نوور، پوچەڵکردنەوەی گومانی عەلمانییەکان و ناموسڵمانان، ئاشکراکردنی ڕاستی سەبارەت بە بانگەوازەکەی نوور لەلایەن بەرپرسان، و لە بەرگرییەکانی لە دادگاکاندا، و دەرخستنی ڕاستییەکان لەبارەی هزرە باوەکانی تورکیا لە سەردەمی نوورسیدا، تیشك خستنەسەر هەوڵە بێ ئەندازەکانی بۆ گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی.

بانگەوازەکەی تەنها یەك لایەنی ڕۆشنبیری نەگرتبووەوە، بەڵکو هەموو ئەو زانست و زانیاریانەی دەگرتەوە کە ئیسلام لەخۆی گرتووە. لەبارەی پەیامەکانەوە کە ئاوێنەی بانگەوازەکەی ئەون دەڵێت:

---

() پاشکۆکان: ١١٨.

((بەڕاستی پەیامەکانی نوور ئەو پێویستییە پڕ دەکەنەوە، کە تایبەتن بە ڕاستییەکانی ئیسلام، بۆیە ئەو پێویستە لادەبات بۆ گەڕانەوە بۆ دانراوەکانی تر))[١].

**٤- جیهانی بوو،** نەوەك هەرێمی، هەردەم هانی وەرگێڕانی کتێبەکانی دەدا بۆ سەر زمانی عەرەبی و ئەو زمانانەی گەلانی موسڵمان و ناموسڵمان پێی دەدوان، لە پێناو گەیاندنی هزر و ڕێنماییەکانی، کە لە قورئان و سوننەتەوە هەڵقوڵابوون، ئومێدی ئەوەی هەبوو زانایانی ئەزهەر یان لە وڵاتی شام پەیامەکانی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەربگێڕن، هەروەك یەکێك لە قوتابییەکانی ڕەوانەی عێراق و میسر کرد بۆ ئەم مەبەستە.

هەر بۆیە ئومێدی بە عەرەب بوو، نەوەك بە گەلی کوردی خۆی و گەلی تورك، ئەمەش وەك هەر زانا یان نوێسازێك یاخود چاکخوازێکی ئیسلامی، کە کار بکات لەسەر ڕابوونی ئوممەتی موسڵمان، جا هیچ یەکێکی لە عەرەبە موسڵمانەکان بە شیاوتر نەبینی بۆ ڕابوون و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی سەرکردایەتی[٢]. لە وتارە شامییەکەیدا وتویەتی:

---

(١) د. الوصیف: ٢٧٧ - ٢٧٨.

(٢) من ڕام جیاوازە و پێم وایە ئەمە لەبەر ئەوە بووە کە نوورسی لەواقیعدا بینیویەتی هۆکاری تێکدانی ڕیزی ئوممەتی موسڵمان و خەلافەتی عوسمانی ئیسلامی عەرەبەکان بوون، بەهۆی چوونیان بەرەو دەوڵەتی نەتەوەییەوە، لەجیاتی پاراستنی خەلافەتی ئیسلامی، جا

((من چاوەڕوانی ئەوە لە عەرەب دەکەم ڕیزی موسڵمانان ڕێك بخەنەوە، سەردەمی پڕ شکۆی ئیسلام بگێڕنەوە، من ئومێدی مەزنم هەیە، بەوەی نەوەکانی داهاتوو لەو ڕۆژەدا دەژین کە ئیسلام بەهەموو شوێنەکانی ژیان گەیشتوون))(١).

باسی عەرەبە نەتەوەپەرستە عەلمانیەکان دەکات، ئەوانەی بانگەوازیان دەکرد بۆ ڕەگەزپەرستی دوور لە ئیسلام، وەك بانگەوازی نەتەوەپەرستی تورکپەرست، جا دەڵێت:

((بەهەمان شێوە ئیسلام بە دەمارەکانی جەستەی عەرەبدا ڕووچووە، ناکرێ لە ئیسلام دابېڕێن و جیا بکرێنەوە، هیچ مانا و پێگەیەك بۆ عەرەبایەتی نییە، مەگەر عەرەبایەتیەکە هاوپێچی ئیسلامەکەیان بکرێ، چونکە نەتەوەپەرستی مەترسییەکی مەزنە))(٢).

هەر بۆیە جەختی دەکردەوە لەسەر زمان و پیتی عەرەبی، فێری قوتابیەکانیشی دەکرد، بانگەوازی دەکرد تا وتاری هەینی بە زمانی عەرەبی پێشکەش بکرێ، پێ پەسەند نەبوو بەهەر پاساوێك وتاری هەینی بدرێ بە جگە لە زمانی عەرەبی.

---

نوورسی ویستوویەتی لەکوێوە پچڕاوە لەوێوە گرێی بداتەوە، نەوەك لە نێو کورد و تورکدا سەرکردە و کەسانی شایستە نەبووبن. (وەگێڕ).

(١) عبدالفتاح أبو غدە: ٢٤٤.

(٢) هەمان سەرچاوە: ٢٤٩.

ڕوانینی ئەو بۆ تورکەکان، وەك ڕوانینی بوو بۆ عەرەبەکان لە دەستگرتن بە ئیسلامەوە، و بەشێکی دانەبڕاون لە ئیسلام. لەوبارەوە دەڵێت:

((تورکەکان گەلێکن ناکرێ لە ئیسلام جیا بکرێنەوە، بەشێکی جیا نەبووەوەن لە ئوممەتی موسڵمان، تەنانەت ئەوەی نا موسڵمانە لەوان ئەوا تورك نییە، چونکە هەر تورکێك موسڵمانە))[1]. دەبا بانگەوازکارانی نەتەوەپەرستی و پڕوپاگەندەکارانی بچنە دۆزەخ.

دیارترین خەسڵەت کە بکرێ پێی وەسفی بانگەوازەکەی بکرێ، ئەوەیە کە بانگەوازێکی ئیسلامیی بووە، بایەخی داوە بە پرسەکانی بیروباوەڕ، بەتایبەت بوونی خوا و تاك و تەنهاییەکەی و دواڕۆژ و بابەتەکانی پەیوەست بە جیهانی نەبینراو (غەیب). هەموو ئەو سیفەتانەی ئاماژەمان پێیان کرد بریتین لە (پلەبەندی، میانڕەوی، گشتگیری، جیهانیبوون)، کە لە خەسڵەتەکانی ئەم ئاینەن.

---

() وتەکان: ٨٩٦.

# ئامرازەكانی لە بەرجەستەكردنی ئەو سیما چاكسازیانەدا

ئەو پەڕاوێزەی لە ئازادی بۆ مامۆستا نوورسی فەراهەمكرابوو، گەلێك زۆر بەرتەسك بوو، زۆربەی تەمەنی لە بەندیخانە و زیندان و گرتووخانە و پەناگەكاندا بەسەربرد.. بیست و هەشت ساڵی دوور لە خەڵك و قوتابیەكانی لە شوێنە بۆ دوورخراوەكان و زیندانەكاندا بەسەربرد، بۆیە تەنها چەند ئامرازێكی زۆر كەمی بەدەستەوەما بۆ گەیاندنی بانگەوازە چاكسازخوازەكەی، لە نێو زیندانەكان و شوێنە بۆ دوورخراوەكاندا ژمارەیەك لە تاوانبارە بەندكراوەكان لەسەر دەستی ئەو ڕێنوێنیان وەرگرت، جێی سەرنجی جوتیارە سادەكان بوو، بەهۆی دیمەن و دینداری و ویرد و خۆڕاگری و ئارامگریەكەی، هەروەك سەرنجی ژمارەیەك پۆلیسی بۆ لای خۆی ڕاكێشا كە ئەركیان چاودێری كردنی ئەو بوو، بەهەمان شێوە هەندێك لەو دادوەرانەشی سەرسام كردبوو، كە گوێیان دەگرت بۆ بەرگری و وتە جوان و قەناعەت پێكەرەكانی، بەهۆی ئەو بەڵگانەی بە جۆش و خرۆش و بوێری و كاراییەوە پێشكەشی دەكرد..

مامۆستا نوورسی هەموو ئامرازە فەراهەمەکانی بەکارهێنا، لە پەیوەندییە کەسییەکانەوە، تا دەگاتە وتار و وانە لە بۆنە جیاوازەکاندا، و نووسین لە ڕۆژنامەدا، تا دانانی پەیامەکانی نوور، کە ئەو کات — و ئێستاش — وانەی قورئانی هاوئاهەنگن لەگەڵ تێگەیشتنی ئەم ڕۆژگارە، هەر پەیامێك لەو پەیامانە بریتی بوون لە خودی نوورسی، هەروەك لە پەیامی (وتەکان)ـدا ئەمەی وتوە(١).

نامەی کەسیشی دەنووسی بۆ قوتابییەکانی و دامەزراوە ئیسلامی و نائیسلامییەکان، بە نامە وەڵامی ئەوانەی دەدایەوە کە پرسیاریان لێی دەکرد، هەروەك چۆن نامەشی دەنووسی بۆ حوکمڕانان و زانایان و خاوەن پایەکان، جاری وا هەبوو ئامۆژگاری ئەوانی دەکرد، جاری واش هەبوو ڕێگری لێیان دەکرد.

لێهاتووە زۆر و جیاوازەکانی، توانایە عەقڵی و ژیربێژی و زانستییەکانی لە مێزگەرد و دیدارەکانیدا دەرکەوتن... عەقڵە ڕێکوپێکەکەی و ژیربێژییە زانستییە دروستەکەی بەدیارکەوت، دژەڕاکانی پابەند دەکرد بە سنوورەکانیان، ویژدان زیندوو و دڵسۆزەکانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا لەکاتێکدا کە بەوان هەڵخەڵەتابوون. بۆ نموونە گفتوگۆ و دیدارەکانی لەگەڵ هەر یەك لە: وەزیری ناوخۆی دەسەڵاتی سوڵتان

---

(١) وتەکان: ٨٩٦.

عەبدولحەمید، و موفتی میسڕ شێخ محەمەد بخێن موتیعی و سەرکردەی گشتی لەشکری ڕۆسی و خاڵی قەیسەر نیکۆلا، و موستەفا کەمال، حسێن پاشای سەرۆکی هۆزە کوردییەکان کە هاتبوو داوای لێبکات بۆ بەشداربوون لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە دژی ڕژێمی کەمالی عەلمانی، گفتوگۆی لەگەڵ سەرۆك هۆزە کورد و تورکەکان بۆ تێکشکاندنی بێ ئومێدی و زیندووکردنەوەی ئومێد لە ناخ و دەروونەکاندا. لەوانەیە سەرنجڕاکێشترین دیدار و مێژگەرد ئەوە بووبێ کە لەگەڵ لێکۆڵەران و دادوەران بوو کاتێك لێککۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرد، تا تاوانباری بکەن و بیخەنە نێو تەڵەوە، بەرگری و دادگاییکردنەکانی لە دادگاییە ئاشکراکاندا، ئامرازێکی کارا بوو بۆ بڵاوکردنەوەی هزر و بۆچوونەکانی، تەنانەت چاکترین ئامراز بوو بۆ شرۆڤەکردنی ئامانجی بانگەوازەکەی و ئاشکراکردنی مەبەستی دژەکانی، کە مەبەستیان دژایەتی ئیسلام و بانگخوازەکانیەتی.

هەر تیۆرێکی گۆڕانخواز، پێویستی بە دەرامەتی مرۆیی هەیە، لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە، و ئەزموونی پێویست و تەکنیکی شیاو و کاتی تەواو بۆ کرداری گۆڕانکاری، و شوێنی ئامادە و شایستە بۆ ئەو کردارە[1].

---

() هەمان سەرچاوە: ٢٤٩.

هەموو ئەمانە لەلای بەدیعوززەمان دەستەبەر نەبوون، بەهۆی سروشتی ئەو بارودۆخە سەختەی تێیدا دەژیا، و دوژمنانی ئیسلام لەسەریان سەپاندبوو.

ڕاستە ئەو باوەڕی هەبوو بەپێویستی چاکسازی و گۆڕانکاری کردن، توانی قەناعەت بە شوێنکەوانی بکات، بەهۆی نووسین و شرۆڤەکانیەوە، و بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی بۆ ئەوانی خستەڕوو، تا وایلێهات قوتابییەکانی لەڕووی دەروونیەوە دابڕاند لەو بارودۆخە، بەوەی نەیهێشت سەرسام بن بەم بارودۆخە، ئەوەشی لە دڵیاندا چەسپاند کە ئاییندە بۆ ئەم دینەیە.

ڕاستە نوورسی توانی هەستەکانی بێ ئومێدی و داڕووخان، بگۆڕێ بۆ هەستی چاك و بنیاتنەر، توانی ئەوان لە ڕووی دەروونیەوە بە سەلامەتی بەرهەڤ بکات، توانایەکی تازەی لە ئەواندا بەرپاکرد کە دەست لەمل بوو لەگەڵ ئاییندەیەکی چاکتر.

هەموو ئەمانە ڕاستن، بەڵام تەحەداکان گەورەتربوون لەو ئامرازانەی لەبەردەستی دابوون.. ڕەشەبایەکان ڕێگریان لە کەشتی ژیانی ئەو دەگرت و بەم لاو و بەو لادا دەیانبرد بەهۆی شەپۆڵەکانی هێزە سیاسی و کەلتوری دژبەرەوە.. خەڵکیش زیاتر دەڕۆیشتن لەگەڵ ڕەوتی ئیلحاد و بەڕەڵایی، نوورسی و قوتابیەکانیشی لە دژی ئەم ڕەوتە تێدەکۆشان، کە ڕەوتێکی

مەزن و دڕەندە پاڵپشتی کراو بوو، ئامانجی ئەم ڕەوتە مولحیدە لەناوبردنی ئیسلام و پاسەوانەکانی بوو، و لەباربردنی زانا و بانگخوازە زانستدار و بەرچاوڕۆشنەکان بوو. هێزەکان یەکسان نەبوون، دژەکان ڕەوشت پەروەر نەبوون لە دژایەتیەکەیاندا، چونکە ئەوان لە کاروانی هزر و شارستانیەتێکدا بوون، کە هیچ ڕەوشتێکی نەبوو.

هەر لەبەر ئەمە.. مامۆستا گیانی پاکی سپارد، لەکاتێکدا هێشتا ئامانجەکەی بەدینەهێنا لە ڕزگارکردنی ئیمان و گێڕانەوەی ئیسلام بۆ ژیان و نێو کۆمەڵگە سەرلەنویٚ.

## ڕەهەندە هزری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بانگەوازەکەی

دەوڵەتی عوسمانی، دواتر دەوڵەتی کەمالی ڕووچووبوون لە نەزانی و هەژاری و دواکەوتووییدا.. نەخوێندەواری ڕەگی داکوتابوو لە کۆمەڵگەی تورکیدا بەگشتی، بەتایبەت لە لادێیە هەژارنیشینەکاندا.. نەیاندەتوانی بنووسن و بخوێننەوە، تەنانەت نەخوێندەوارێکی کوشندەبوون لەڕووی هزریەوە.. بەتایبەتتر، لە هەرچییەك پەیوەندی بەئیسلامەوەیە، تا وایلێهات ئیسلام شێوێنرا بە بنەما مەزنەکانیشیەوە، تیری ستەم لە هەموو لایەك ئاڕاستەی دەکرا، نەزانی ڕەنگی دابووەوە لە خواپەرستیدا، کە زۆرتر ڕووکەش بوون بەبێ ڕۆح.. نەزانیەکی خەستتر باڵیکێشابوو لەبارەی ڕێنماییەکانی ئیسلام و بنەما ڕاستەکانی، کە دووچاری سەختترین هێرش بووەوە لەلایەن جولەکە خاچپەروەرە عەلمانییە قین لە دڵەکان دژ بە ئیسلام.. هەڵمەتیان کردە سەر مێژوو و کەسایەتییەکانی ئیسلام، تەنانەت پێغەمبەری ئیسلام (درود و سڵاوی خوای لێبێ) سەلامەت نەبوو لە توانجی توانجدەران، موسڵمانانیش دەستەوەسان و نەزان بوون، زانایانی

ئیسلامیش دابەشببوونە سەر ئەوەی خۆی گۆشەگیر کردبوو، لەگەڵ ئەوەی بەدینەکەی خۆی کەنارگیر کرد بوو، لەگەڵ ئەوەی بیدعەکار و لادەر بوو و ڕۆیشتبووە نێو کاروانی حوکمڕانانەوە.

بەدیعوززەمان دوو سەردەمی حوکمڕانی بینی، بە تەواوی زانی دەردەکە چییە، بۆیە خۆی پڕ چەککرد بە زانست و ئیمان و دڵسۆزی، دواتر دەستیکرد بەگەڕان و سوڕان بەنێو شار و گوند و هەرێمەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی، بەرەوڕووی سوڵتان و وەزیر و دەسەڵاتداران و کارگێڕان بووە، داوای لێیان کرد چاکسازی بکەن، بەرپرسیارێتی خۆیان هەڵبگرن بەرامبەر ئوممەت و نیشتمان، بانگی ڕۆڵەکانی گەلی کرد بۆ بێداربوونەوە و ڕاپەڕین لە نێو ئەو دۆڵە قوڵەی لەوەتەی دەمێکە تێیکەوتوون، بەهۆی ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشیانەبوو کە تووشی هات لە ناخۆشیەکانی زیندان و ئەشکەنجە و دوورخرانەوە و ڕاوەدوونان و تەنگ پێ هەڵچنین بەو و بە قوتابییەکانی قوتابخانەی نوور، بێ ئەوەی ڕێبازەکەی شل بکات یاخود ورەی دابەزێت، و ویستی بپوکێتەوە، بەدڵنیایەوە پەیام و وتار و پەند و ئامۆژگاری و دادگاییکردنەکانی و وتارەکانی لە ڕۆژنامەکاندا، کاریگەری مەزنیان هەبوو لەسەر ناخی خەڵکدا، پەردەی لەسەر بانگەشەکانی عەلمانیەتی لادا، ئامانجی نەژادپەرست و بەلشەڤی و ماسۆنیەکانیشی ئاشکرا کرد، بیرۆکە شێوێنراوەکەی لەبارەی

ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلامی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ڕاستکردەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پەیامەکانی نوور کە لە هەموو دەڤەر و شوێنەکانی تورکیادا بڵاوکرایەوە، ئەمەش ڕابوونێکی هزری لێپشکوتەوە، خۆی بینیەوە لە ڕێژنەیەك لە لەچاپدراوان و چەندین کتێب لە چەندین شاری تورکیدا، توانی فشار بکاتە سەر سیاسەتمەداران، کە زۆربەیان لە عەلمانیەکان بوون، بۆیە بەدەم هەندێك لە داواکاری موسڵمانانەوە ڕۆیشتن، خۆیان نزیککردەوە لە گەلی موسڵمان، عەدنان مندریسی سەرۆك وەزیران – ڕەحمەتی خوای لێبێ – بانگدانی گێڕایەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، مۆڵەتیدا بەکردنەوەی چەندین قوتابخانەی پێشەوا و وتاربێژان، و کردنەوەی زانکۆ و کۆلیژە شەرعییە ئیسلامییەکان.

ئێمە بەدڵنیایەوە دەتوانین بڵێین هەڵکشانی ڕەوتی ئیسلامی هاوچەرخ لە تورکیا، تەنها دەرئەنجامێکی سروشتی ئەو ڕابوونە کۆمەڵایەتیە ئیسلامیەیە، کە شێخەکەیان پێشەوا بەدیعوززەمان نوورسی بۆ ئەوانی جێهێشت، خاوەنی ئەو قوتابخانەیە و هەموو ئەو کەلەپورە مەزنە بوو کە لەخۆیگرتبوو، وەك مۆم و منارەی ڕووناك بوون لە شەوی تاریکستانی تورکیادا.

بێگومان ڕەوتی ئیسلامی هاوچەرخ لە تورکیا، لە ڕووی هزری و سیاسی و زانستی و ئابووری و پەروەردەییەوە، لە بەرهەمی

بەدیعوززەمانە، کە نەمامەکەی خۆی چاند هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە، بەردەوام بوو لەسەر پەروەردەکردنی چاك و ئاودان و چاودێریکردنی، تا کاتی بەرگرتن و لێخواردنی هات، بە ئەندازەی دوو کەوان یان کەمتر نزیك بووەوە لەو ئامانجەی پێشەوا نوورسی هەوڵیدا دەستەبەری بکات بۆ نزیکەی سێ چارێگە سەدە.

* * *

﴿سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ البقرة: ٣٢. واتە: (پاکی و بێگەردی و ستایش هەر شایستەی تۆیە، ئێمە هیچ زانستێکمان نیە، تەنها ئەوە دەزانین کە تۆ فێرت کردووین، بەڕاستی تۆ پەروەردگارێکی زانا و دانایت).

خوایەگیان، درود و سڵاو بدە لەسەر سەروەر و پێشەوا و پێشەنگمان محەمەد، و لەسەر یاران و شوێنکەوتووانی، و لەسەر ئەوانەی لەسەر ڕێبازەی ئەو دەڕۆن تا دوارۆژ.

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ٥ |
| پێشەکی نووسەر | ٨ |
| بەدیعوززەمان نوورسی | ١٠ |
| سەردەمی نوورسی | ٤١ |
| ئەو کارتێکەرانەی کەسایەتییە هزریەکەی نوورسیان دروستکرد | ٤٦ |
| پەیڕەوەکەی لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕاجیاییە هزرییەکاندا | ٥٤ |
| سیماکانی پلانە چاکسازی و گۆڕانخوازیەکەی | ١٠٤ |
| ئامانجەکانی | ١٥٤ |
| ئامرازەکانی لە بەرجەستەکردنی ئەو سیما چاکسازیانەدا | ١٧٤ |
| ڕەهەندە هزری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بانگەوازەکەی | ١٧٩ |
| ناوەڕۆک | ١٨٤ |



کاروان